# خەبات XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5812) پێنج شەممە 22ی ئاب 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار


## وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا سەردانی هەولێری کرد

# ئانگرێت کرامپ کارینباوەر: دەمانەوێت هەرێمی کوردستان سەقامگیربێت و ئێمەش بەشێک دەبین لەو سەقامگیرییە



شەوی سێشەممە، ئانگرێت کرامپ کارینباوەر، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بە سەردانێکی فەرمیی گەیشتە هەولێری پایتەخی هەرێمی کوردستان و لە لایەن سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا، هەر لە دریژەی سەردانەکەیدا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، هاوکات چەند سەردان و بەسەرکردنەوەی بنکەکانی مەشق و راهێنان بەهێزەکانی پێشمەرگەی ئەنجامدا و هێزەکانی ولاتەکەشی بەسەرکردەوە.

دواتر وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند: بە وردی چاودێری رەوشی سووریا و پرۆسەی دروستکردنی ناوچەی ئارام دەکەین، چونکە سەقامگیریی سووریا کاریگەریی لەسەر ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، هاوکات وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شۆڕش ئیسماعیل گوتی: داعش بەشێوەیەکی تر خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەیە و مەترسییەکانی لە پێشتر کەمتر نییە.

هەر لە کۆنگرە رۆژنامەوانییە هاوبەشەکەدا وەزیری پێشمەرگە شۆڕش ئیسماعیل رایگەیاند: ئێمە کۆبوونەوەیەکی زۆر باش و پر بەسوود و بەرهەمان ئەنجامداوە، ئەڵمانییەکان دۆستی ئێمەن و ڕاوێژکارەکانییان لە کاتی پێویستدا بۆ پشتیوانی گەلی کوردستان و حکوومەتی هەرێم و پێشمەرگە کاری باشیان کرد.

زیاتر لەلاپەڕە سێ بخوێنەوە

# خانەقین.. واژۆ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 کۆدەکرێتەوە



3

هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە لە شارۆچکەی خانەقینی پارێزگای دیالە لەلایەن لیژنەی خانەقین، بەردەوامە و تا ئێستاش سەرووی30 هەزار واژۆ کۆکراوەتەوە. ئەو لیژنەی کە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە سەرقاڵی کۆکردنەوەی واژۆن، تێکەڵەیەکن لە ئەندامی حزبە کوردییەکان و چالاکوانانی نەتەوە و پێکهاتەکانی خانەقین.

لەمیعە محەمەد، ئەندامی لیژنەی واژۆکۆکردنەوە لە قەزای خانەقین، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە کە هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە بەردەوامە و سەرووی 30 هەزار ئیمزامان کۆکردووەتەوە. گوتیشی لە کۆتایی هەڵمەتەکە نزیکبوونەتەوە، بڕیارە دواتر لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە خانەقین، داواکارییەکانمان بە فەرمی ڕابگەیەنین. لەمیعە محەمەد، ئاماژەی بە داواکارییەکانیان کرد و گوتی داواکاری ئێمە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی گیروگرفتە سیاسی و ئەمنی و ئابوورییەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکانە.



2

## دانیشتنێکی دیکەی دادگاییکردنی هاوکارانی ڕژێمی بەعس لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەڕێوەچوو



5

## ئیدلب.. لە ئەیلوولی 2018 تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن سڤیل کۆچیان کردووە



2

## چەندین پڕۆژەی ستراتیژی لە دەڤەری چۆمان دەکەونە واری جێبەجێکردنەوە

2

## داوا لە وەزارەتەکان کراوە ڕاپۆرت لەبارەی چاکسازییەوە ئامادە بکەن



2

## کۆمپانیایەکی وزە: ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەیەکی نەوتی هەرێم بەرزبووەتەوە



7

## ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر زیاترە لە 18%

# دانیشتنێکی دیکەی دادگاییکردنی هاوکارانی رژێمی بەعس لە تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بەڕێوەچوو



دوێنێ چوارشەمە لە دادگای بەرایی هەڵەبجە، پرۆسەی دانیشتنێکی دیکەی دادگاییکردنی ئەو کەسایەتی و کۆمپانیا بیانییانە بەڕێوەچوو، کە ساڵی 1988 هاوکاری رژێمی بەعس بوون بە پێدانی چەکی کیمیاویی لە بۆردوومانی شارەکەدا.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بۆ خەبات رایگەیاند: دانیشتنێکی دیکەی دادگای تۆمەتبارانی کەیسی تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕێوە چوو کە (25) کەسایەتی و کۆمپانیای بیانی بوون.

ڕوونیشی کردەوە: لە دانیشتنەکەدا بەڵگە و دیکیۆمێنتەکان خرانەڕوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دادگا هەندێ داواکاری وەک جیاکردنەوەی بەڵگەکان و کۆمپانیاکانی هەبوو، لەگەڵ ئەوەش داوای کرد ئەو بەڵگانەی، کە لەبەردەستن وەرگێڕی زمانی کوردی یان عەرەبی بکرێت و پێشکەش بە دادگا بکرێت، دانیشتنەکە دوا خرا بۆ 2019/11/26.

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئاماژەی بەوەشدا: کە پارێزەری تۆمەتبارەکان لە دانیشتنەکەی دوێنێی دادگادا، ئامادە نەبوون. ڕۆژی 1988/3/16 ڕژێمی بەعس شاری هەڵەبجەی کیمیاباران کرد و بەهۆیەوە پێنج هەزار هاووڵاتیی هەڵەبجە شەهیدبوون و هەزارانی دیکەش بریندار و بێشەروشوێن بوون.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش لە ڕێگەی تیمێک لە پارێزەرانی نێودەوڵەتییەوە کار بۆ دادگاییکردنی ئەو کۆمپانیا و کەسایەتییە بیانیانە دەکات، کە هاوکاری ڕژێمی بەعس بوون بەپێدانی مەوادی کیمیایی.

# سەرۆکایەتیی پەرلەمان بۆ تاوتوێکردنی چەند پرۆژەیاسایەک کۆبۆوە



بە مەبەستی تاوتوێکردنی ژمارەیەک پرۆژەیاسا بۆ ئەوەی لە وەرزی نوێی دانیشتنەکانی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت، دوێنێ چوارشەمە 21ی ئابی2019 دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان بە ئامادەبوونی د. ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و مونا قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان بە هاوئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی کاروباری یاساییی پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بژار کۆچەر سەرۆکی لیژنە و ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لیژنە و بڕیاردەر و ئەندامان و ڕاوێژکارانی لیژنەکە کۆبوونەوە.

تەوەری سەرەکیی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی ئەو پرۆژەیاسایانەی کە بڕیاروایە لە دانیشتنەکانی وەرزی نوێیی پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت کە 11 پرۆژەیاسا لەخۆدەگرێت، پاش تاوتوێکردنی سەرجەم پرۆژەیاساکان بڕیاردرا6 پرۆژەیاسا لە وەرزی نوێی دانیشتنەکانی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ بکرێت و ئەو پرۆژەیاسایانەشی کە بارگرانیی دارایی بۆ حکوومەت دروست دەکەن ڕەوانەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بکرێت. هەر لە کۆبوونەوەکەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە کە پێویستە سیاسەتی تەشریعیی پەرلەمانی کوردستان هاوتەریب لەگەڵ بەرنامەی کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕوات و تەواوکەری یەکتر بن.

# داوا لە وەزارەتەکان کراوە ڕاپۆرت لەبارەی چاکسازییەوە ئامادە بکەن
## لیژنەیەک لە نێوان پەرلەمان و حکوومەت دروست دەکرێت

بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ئەنجوومەنی وەزیران بەردەوامە لە کارکردن بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسای چاکسازی و داوای لە هەموو وەزارەتەکانیش کردووە ڕاپۆرتی خۆیان لەبارەی پرۆژەیاساکەوە ئامادە بکەن. دەشڵێت، لیژنەیەک لە نێوان پەرلەمان و حکوومەت دروست دەکرێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتن لەسەر پرۆژەیاساکە بکرێت و دواتر بۆ پەرلەمان ڕەوانە بکرێت بۆ پەسەندکردن.

محەمەد ئیلخانی، بۆ مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، ئەنجوومەنی وەزیران کۆپییەکی پرۆژەیاسای چاکسازیی بۆ هەموو وەزارەتەکان ڕەوانە کردووە و ئەوانیش هەر یەکەیان لیژنەیەکی پێکهێناوە و ڕاپۆرتی لەبارەوە ئامادە دەکەن و ڕا و تێبینیی خۆیان دەخەنەڕوو و دواتر بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەگەڕێتەوە.

بە گوتەی ئیلخانی، دوای ئەوەی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران دەگەڕێتەوە، هەموو ڕاپۆرتەکان یەک دەخرێن و پاشان لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان پەرلەمان و حکوومەت دروست دەکرێت بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لەبارەی پرۆژەیاساکە و دواتریش ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت و بەسەر لیژنە پەیوەندیدارەکاندا دابەش دەکرێت، کە ئەوانیش ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی لە پەرلەمان کۆبوونەوەی لەسەر بکرێت و پەسەند بکرێت، کە ڕەنگە ئەو کارانە مانگێک بۆ مانگ و نیوێکی پێبوست بێت.

# چەندین پڕۆژەی ستراتیژی لە دەڤەری چۆمان دەکەونە واری جێبەجێکردنەوە



لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیەکی بالا بۆ دەستنیشانکردنی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی دەڤەری بالەکایەتی پێکهاتووە و قایمقامی چۆمانیش دەڵێ، لە داهاتوودا چەندین پڕۆژەی ستراتیژی لە ناوچەکەدا دەکەونە واری جێبەجێکردنەوە.

ئەحمەد قادر، قایمقامی شارۆچکەی چۆمان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند، لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ڕۆژانی ڕابردوو شاندێکی پارێزگای هەولێر سەردانی دەڤەری بالەکایەتی و سنووری شارۆچکەی چۆمانی کردووە و لیژنەیەکی بالا لە ئیدارەی چۆمان و ئیدارەی پارێزگای هەولێر پێکهاتووە بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو خزمەتگوزاریانەی ناوچەکە و هاووڵاتیان پێویستیانە، بڕیاریشە پڕۆژە ستراتیژییەکان بە ڕاپۆرتێک و پڕۆژەکانی دیکەش بە ڕاپۆرت بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەرز بکرێنەوە.

قایمقامی چۆمان دەشڵێت: دەڤەری چۆمان لە سەردەمی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز لانەی شۆڕش بووە و بەردەوام بووەتە ئامانجی ڕژێمەکانی عێراق، لەبەر ئەوەش پێویستە خزمەتی زیاتر بە خەڵکی خۆڕاگری باڵەکایەتی و چۆمان بە گشتی بکرێت، بێگومان پێکهێنانی لیژنەیەکیش لە ئاستی باڵادا، نیشانەی ئەوەیە لە داهاتوودا گرنگی زۆر بە دەڤەرەکە دەدرێت. پەیوەست بەو پرۆژانەی بڕیارە لە چۆمان جێبەجێ بکرێن، قادر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: پڕۆژەکان هەموو کەرتەکانی لە خۆ گرتووە، ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش بە دانیشتوانی دەڤەرەکە دەکەین، هەروەها چەندین پڕۆژەی ستراتیژی وەک ڕێگای هاملتۆن و حاجی ئۆمەران جێبەجێ دەکرێن، هەموو ئەو پڕۆژانە لەلایەن لیژنەکەوە کۆدەکرێنەوە و ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن بۆ ئەوەی فەرمانی جێبەجێکردنیان بۆ دەربکرێت.

# کۆمپانیایەکی وزە: ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەیەکی نەوتی هەرێم بەرزبووەتەوە



ڕابردوودا، ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکردووە و یەک ملیۆن بەرمیلی تێپەڕاندووە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، ئەوە یەکەمجارە لە سەرەتای دەستپێکردنی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروش لە ساڵی 2017دا، ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەکەدا بەو شێوەیە بەرزبێتەوە و یەک ملیۆن بەرمیل لە مانگێکدا تێپەڕێنێت.

کێڵگەی ئەتروش کە لە لایەن کۆمپانیای وزەی عێراق سەر بە کۆمپانیای نیشتمانی ئەبو زەبی بۆ وزە ڕێوەدەبرێت لە ساڵی 2011دا دۆزرایەوە. کۆمپانیای نیشتمانی ئەبو زەبی بۆ وزە لە ساڵی 2013دا، دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەی ئەتروش ڕاگەیاندبوو کە ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەی ئەتروش دەگاتە 30 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.

کۆمپانیای نیشتمانی ئەبو زەبی بۆ وزە ڕایگەیاند، ئاستی بەرهەمهێنان لە کێڵگەیەکی نەوتی هەرێمی کوردستان بەرزبووەتەوە و ئەو خزمەتگوزاریانەی ناوچەکە و هاووڵاتیان پێویستیانە، بڕیاریشە پڕۆژە ستراتیژییەکان بە ڕاپۆرتێک و پڕۆژەکانی دیکەش بە ڕاپۆرت بۆ سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بەرز بکرێنەوە.

قایمقامی چۆمان دەشڵێت: دەڤەری چۆمان لە سەردەمی هەردوو شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵانی پێشکەوتنخواز لانەی شۆڕش بووە و بەردەوام بووەتە ئامانجی ڕژێمەکانی عێراق، لەبەر ئەوەش پێویستە خزمەتی زیاتر بە خەڵکی خۆڕاگری باڵەکایەتی و چۆمان بە گشتی بکرێت، بێگومان پێکهێنانی لیژنەیەکیش لە ئاستی باڵادا، نیشانەی ئەوەیە لە داهاتوودا گرنگی زۆر بە دەڤەرەکە دەدرێت. پەیوەست بەو پرۆژانەی بڕیارە لە چۆمان جێبەجێ بکرێن، قادر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: پڕۆژەکان هەموو کەرتەکانی لە خۆ گرتووە، ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان و خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەش بە دانیشتوانی دەڤەرەکە دەکەین، هەروەها چەندین پڕۆژەی ستراتیژی وەک ڕێگای هاملتۆن و حاجی ئۆمەران جێبەجێ دەکرێن، هەموو ئەو پڕۆژانە لەلایەن لیژنەکەوە کۆدەکرێنەوە و ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن بۆ ئەوەی فەرمانی جێبەجێکردنیان بۆ دەربکرێت.

## پێشنیازی سەپاندنی خزمەتی سەربازی بەسەر گەنجانی کوردستان دەکرێت

جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، کە هەوڵێک هەیە بۆ سەپاندنی خزمەتی سەربازی بەسەر گەنجان.

عوسمان کەریم سواڕە، جێگری سەرۆکی لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکانی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، لە لێژنەی پێشمەرگە و ناوخۆی پەرلەمان گفتوگۆ هەیە بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیاسایەک بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام لە ژێر ناوی زۆرە ملێدا نەبێت. عوسمان کەریم سواڕە هەروەها ڕایگەیاند، ئەو پرۆژەیە بۆ گەنجانی هەرێمی کوردستان لە ڕووەکانی تەندروستیی و ئەمنییەوە گرنگە.

بەپێی زانیارییەکان، پێشنیاز کراوە هێزێکی نیشتمانی لە گەنجان پێکبهێنرێت و گەنجان ناچار بن لە نێوان ساڵێک تا دوو ساڵ زیاتر خزمەتی سەربازی بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە، کە لە پەرلەمانی عێراق پرۆژەیاسایەک ئامادەکراوە بۆ گەڕاندنەوەی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ.

### حکوومەتی ئەڵمانیا لە هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە بەردەوام دەبێت

## عەزیز وەیسی: ناکرێ هیچ هێزێکی سەربازی بەبێ مەشق بمێنێتەوە



حکوومەتی ئەڵمانیا لە مەشق و ڕاهێنانپێکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبێت و هێزی پێشمەرگەش لە مەشقی خۆی بەردەوامە، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش دەڵێت ناکرێت هیچ هێزێکی سەربازی بەبێ مەشق بمێنێتەوە.

عەزیز وەیسی فەرماندەی فەرماندەیی پێشمەرگەی زێرەڤانی بۆ میدیاکان ڕایگەیاند: حکوومەتی ئەڵمانیا لە مەشق و ڕاهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەردەوام دەبێت و هێزی پێشمەرگەش لە مەشقی خۆی بەردەوامە، چونکە ناکرێت هیچ هێزێکی سەربازی بەبێ مەشق بمێنێتەوە. ئەو فەرماندەیەی پێشمەرگە دەڵێت: داوا لە حکوومەت و پەرلەمانی ئەڵمانیا دەکەین، هاوکارییەکانیان بۆ هێزی پێشمەرگە زیاتر بکات.

# وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا سەردانی هەولێری کرد

## ئانگرێت کرامپ کارینباوەر: دەمانەوێت هەرێمی کوردستان سەقامگیربێت و ئێمەش بەشێک دەبین لەو سەقامگیرییە

## وەزیری پێشمەرگە: لەگەڵ تیمی ڕاوێژکارەکانی ئەڵمانیا پڕۆژەیەکی ستراتیژیی فراوانمان ئامادەکردووە



شەوی سێشەممە، ئانگرێت کرامپ کارینباوەر، وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا بە سەردانێکی فەرمیی گەشتە هەولێری پایتەخی هەرێمی کوردستان و لە لایەن سەفین دزەیی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان پێشوازی لێکرا، هەر لە درێژەی سەردانەکەیدا لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی پێشمەرگە و ژمارەیەک بەرپرسی دیکەی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە، هاوکات چەند سەردان و بەسەرکردنەوەی بنکەکانی مەشق و ڕاهێنان بەهێزەکانی پێشمەرگەی ئەنجامدا و هێزەکانی وڵاتەکەشی بەسەرکردەوە.

دواتر وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەشدا لەگەڵ وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند: بە وردی چاودێری ڕەوشی سووریا و پڕۆسەی دروستکردنی ناوچەی ئارام دەکەین، چونکە سەقامگیریی سووریا کاریگەریی لەسەر ئاسایشی عێراق و هەرێمی کوردستانیش دەبێت، هاوکات وەزیری پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان شۆڕش ئیسماعیل گوتی: داعش بەشێوەیەکی تر خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەیە و مەترسییەکانی لە پێشتر کەمتر نییە.

هەر لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەکەدا وەزیری پێشمەرگە شۆڕش ئیسماعیل ڕایگەیاند: ئێمە کۆبوونەوەیەکی زۆر باش و پڕ بەسوود و بەرهەمدار ئەنجامداوە، ئەڵمانییەکان دۆستی ئێمەن و ڕاوێژکارەکانییان لە کاتی پێویستدا بۆ پشتیوانی گەلی کوردستان و حکوومەتی هەرێم و پێشمەرگە کاری باشیان کرد و ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە تێکشکانی داعشدا، بوونی سەربازیی ئەڵمانیا لە کاتی گونجاودابوو، کاری پێویستییان کرد بەتایبەت لە ڕاهێنانی پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی توانای سەربازیی ئەفسەران و پێشمەرگەکانی کوردستاندا، هەروەها لە ناردنی چەک و تەقەمەنی و ڕەنگە ئەمە یەکەمجار بێت ئەڵمانیا بڕیاری میژووی بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان دا، هەروەها دەرمانێکی زۆر و نەخۆشخانەشیان بۆ کردووینەتەوە کە لە ئایندەدا خزمەت بە هێزەکانی پێشمەرگە دەکات، ئێستا سەرقاڵی کردنەوەی سەنتەرێکی فێرکردنی زمانی ئەڵمانی بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەفسەرانی ئێمە فێری ئەو زمانە بن و لە زانستی سەربازی و ئەزموونی زۆری ئەڵمانیا ڕاستەوخۆ وەربگرن و باشتر سوودمەند بن.

هەروەها گوتیشی ئێمە لەگەڵ ئەڵمانییەکان و تیمی ڕاوێژکارەکانییاندا پڕۆژەیەکی ستراتیژیی فراوانمان پێکەوە ئامادەکردووە و هەنگاوی باشمان ناوە و چووینەتە پێشەوە، ئەویش خۆی لە ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنەوەی توانا کانی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەبینێتەوە، تا بتوانین هێزی پێشمەرگەی کوردستان باشتر ڕێکبخەینەوە و سەرکردایەتیی باشتر بێت و کۆنترۆڵی باشتر بێت.

وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ئانگرێت کرامپ کارینباوەر لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا گوتی: پاش ئەوەی هەنگاوی سەرەتای و سەرەکییمان ئەنجامدا، ئێستا لە قۆناغی دووەمداین لە ڕێگەی ڕاهێنەرانمانەوە ڕاهێنان بە هێزەکانی عێراق و پێشمەرگە دەکەین و دەمانەوێت گەشەی پێبدەین و بگەین بە ئاستێکی دیکە، ئێمە لە بەسەرکردنەوە و گفتوگۆ سیاسییەکانماندا بینیمان کە چۆن لێرە ڕۆڵی ئەڵمانیا و سوپای ئەڵمانیا بەرز دەنرخێنرێت و ئەو یارمەتییە مەدەنییەش دەکرێت لە ڕێگەی چەندین ڕێکخراوە بەرز دەنرخێنرێت، دەمانەوێت هەرێمی کوردستان بەرقەرار بێت و لەم سەقامگیرییەی ئێرە بەردەوام بین و شانازییە کە ئێمە بەشێکین لەو سەقامگیرییە.

هاوکات وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا ئانگرێت کرامپ کارینباوەر لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتیشی: داعش جیاواز لەوەی پێشتر ئێستا هەیە، بۆیە دەبێت درێژەپێدەری کارەکانمان بین، چۆن ئێمە لەم هەرێمە دەمێنینەوە؟ ئەمە بڕیاری پەرلەمانی ئەڵمانییە و دەبێت ئەوان بڕیار بدەن کە ئایا چەندی تر دەمێنینەوە؟

ئانگرێت کرامپ کارینباوەر سەبارەت بە داعش و ڕووبەڕووبونەوەی ئەوەشی گوتیشی: دەبێت ئێمە سەرەتا ڕێگە لەوە بگرین کە داعش ببێتەوە ئەو هێزەی سەرەتا کە ناوچەیەکی زۆری لەدەستدا بوو، بۆیە دەبێت لەوبارەیەوە قسە بکەین کە تا چەند گوشاری هێزە ئەمنییەکان هەیە، بەڵام دەبێت ئەو شوێنانە نەهێڵین کە داعش تێیدایە بەتایبەت لەو شوێنانەی کە داعش کاریگەریی لەسەر خەڵکەکەی هەیە، بۆیە دەمانەوێت ئەو زەمینە نەبێت کە داعش بتوانێت لەڕێگەیەوە بگەڕێتەوە . هەروەها سەبارەت بە ناوچەی ئارامیش لە باکووری سووریا وەزیرە ئەڵمانییەکە گوتی: بوونی ڕەوشێکی ئارام و ئاسایش لە سووریا گرنگە بۆ ئەوەی ڕەوشێکی سەقامگیر لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەبێت، بۆیە بەوردی چاودێری ڕەوشی سووریا و ئەو پڕۆسەیەش دەکەین کە کاریگەریی لەسەر ئاسایشی عێراقیش دەبێت دەکەی.

سەبارەت بە بەرنامەی چاکسازیی هێزەکانی پێشمەرگەش گوتی بێگومان هەموو هێزەکان ڕێکدەخرێنەوە لەنێویاندا هێزەکانی حەفتا و هەشتاش.

جێی ئاماژەیە ڕاگەیاندنەکانی ئەڵمانیا بە گرنگییەوە باسییان لەو سەردانەکەی وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا کردووە بۆ هەرێمی کوردستان.

# خانەقین.. واژۆ بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 کۆدەکرێتەوە

## سەمیر محەمەد: داواکاری سەرەکیی خانەقینییەکان جێبەجێکردنی ماددەی 140 و چارەسەرکردنی کێشەکانە



هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە لە شارۆچکەی خانەقینی پارێزگای دیالە لەلایەن لیژنەی خانەقین، بەردەوامە و تا ئێستاش سەرووی30 هەزار واژۆ کۆکراوەتەوە. ئەو لیژنەی کە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە سەرقاڵی کۆکردنەوەی واژۆن، تێکەڵەیەکن لە ئەندامی حزبە کوردییەکان و چالاکوانانی نەتەوە و پێکهاتەکانی خانەقین.

لەمیعە محەمەد، ئەندامی لیژنەی واژۆکۆکردنەوە لە قەزای خانەقین، بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاندووە کە هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە بەردەوامە و سەرووی 30 هەزار ئیمزامان کۆکردووەتەوە.

گوتیشی لە کۆتایی هەڵمەتەکە نزیکبوونەتەوە، بڕیارە دواتر لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە خانەقین، داواکارییەکانمان بە فەرمی ڕابگەیەنین. لەمیعە محەمەد، ئاماژەی بە داواکارییەکانیان کرد و گوتی داواکاری ئێمە جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق و چارەسەرکردنی گیروگرفتە سیاسی و ئەمنی و ئابووریەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکانە.

سەبارەت بەو لایەنانەی کە دوای هەڵمەتەکەیان سەردانیان دەکەن و ئیمزا و داواکارییەکانیانی ڕادەست دەکەن، لەمیعە محەمەد دەڵێت داواکاری و ئیمزا کۆکراوەکان ڕادەستی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق و هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم، لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق دەکەین. لای خۆشیەوە سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی قەزای خانەقین، پشتگیری ئیدارەی خانەقینی بۆ هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە دووپاتکردەوە و گوتی: لە ڕێگەی واژۆکۆکردنەوەوە بۆچوونی خانەقینیەکان وەرگیراوە تا بڕیار لەسەر ئاینەی شارەکەیان بدەن. گوتیشی: دەبێت هەرێم و حکوومەتی عێراق بە دەنگ داواکاری خانەقینییەکانەوە بێن، کە داواکاری سەرەکیان لە عێراق دەکەین. لای خۆشیەوە سەمیر محەمەد نور سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی قەزای خانەقین، پشتگیری ئیدارەی خانەقینی بۆ هەڵمەتی واژۆکۆکردنەوە دووپاتکردەوە و گوتی: لە ڕێگەی واژۆکۆکردنەوەوە بۆچوونی خانەقینیەکان وەرگیراوە تا بڕیار لەسەر ئاینەی شارەکەیان بدەن. گوتیشی: دەبێت هەرێم و حکوومەتی عێراق بە دەنگ داواکاری خانەقینییەکانەوە بێن، کە داواکاری سەرەکیان لە عێراق دەکەین. لای خۆشیەوە سەمیر محەمەد نور سەرۆکی

# بە واژۆی فوئاد حوسێن بەڕێوەبەری دەستەی گومرگەکان لە پۆستەکەی دووخرایەوە



بەپێی نووسراوێکی وەزارەتی دارایی عێراق کە واژۆی د. فوئاد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیران و وەزیری دارایی عێراقی لەسەرە، مونزیر عەبدولئەمیر حەسەن لە ئەرکی بەڕێوەبردنی دەستەی گشتیی گومرگەکان دوورخراوەتەوە. بەگوێرەی تۆڕی میدیایی ڕووداو، مونزیر عەبدولئەمیر حەسەن، بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی ناوچە کۆنترۆڵکراوەکانە و سەرەڕای ئەوەش پۆستی بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی گومرگەکانیشی پێسپێردراوە و ڕۆژی سێشەممە 2019/8/20 بە بڕیارێکی فوئاد حوسێن و بە ڕەزامەندی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ئەرکی بەڕێوەبەری دەستەی گشتیی گومرگەکان دوورخرایەوە.

# حەسیبە گەردی: لە ئێستادا 28 پڕۆژەیاسا ئامادەکراون و 14 پڕۆژەیان ئاڕاستەی ئەنجوومەنی وەزیران کراون



پشووی پەرلەمانی کوردستان بەرەو کۆتایی دەچێت و پەرلەمانتارێکی پارتیش ئاشکرای کرد، ژمارەیەک پڕۆژەیاسا لەلایەن حکوومەتەوە ئامادە دەکرێن و لەلایەن لیژنەکانی پەرلەمانیشەوە تا ئێستا 28 پڕۆژەیاسا ئامادە کراون.

حەسیبە گەردی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: لە ڕۆژی 1ی مانگی ئەیلوولدا، کۆتایی بە پشووی هاوینەی پەرلەمانی کوردستان دێت و دەست بە کۆبوونەوە ئاساییەکانی پەرلەمان دەکرێتەوە، لە ماوەی پشووی پەرلەمانیدا ژمارەیەک پڕۆژەی گرینگ لە بەڕۆژەوەندیی خەڵکی کوردستاندا ئامادە کراون و بڕیارە لەگەڵ دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا بخرێنە کارنامەی کۆبوونەوەکانەوە. پەرلەمانتارەکەی پارتی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: لە ئێستادا 28 پڕۆژە لەلایەن لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان ئامادە کراون و بەهۆی هەبوونی ڕەهەندی داراییەوە 14 لەو پڕۆژانە ئاڕاستەی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کراون تا لەگەڵ توانای دارایی حکوومەت بگونجێن و دواتر ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێنەوە.

گەردی دەشڵێت: ئێمە وەک فراکسیۆنی پارتی پێمانوایە پێویستە زیاتر ئەو پڕۆژانە بخرێنە نێو کۆبوونەوەکانی داهاتووی پەرلەمانەوە، کە پەیوەندییان بە ژیان و گوزەرانی خەڵکی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بە تایبەتی پڕۆژەی چاکسازی، کە لە ئێستادا لە سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران کراون و چاوەڕێی ئەوەین لە داهاتوویەکی نزیکدا پەرلەمان پڕۆژەکە هەموار بکاتەوە، چونکە پڕۆژەیەکی یەکجار گرنگ و پەیوەستە بە باشترکردنی ڕەوشی دارایی هەرێمی کوردستانەوە.

وتارو ڕاپۆرتەکانتان لەسەر ئەم ناونیشانە بنێرن: yasinheja@yahoo.com

www.xebat.net

پێنج شەممە 2019/8/22 ژمارە (5812)

خەبات

# ئەڵمانیا ..یادی 16ی ئاب و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی پیرۆزکرا

## لە سیمینارێکدا باس لە گرنگیی دامەزراندنی پارتی کرا و ژمارەیەک لە کوردانی تاراوگەش خەڵاتکران



ساسان دەرویش- ئەڵمانیا

سەنتەری چڤاکی و ڕێکخستنی کوردی لە بەرلین (زۆزک) لە شاری بەرلین پایتەختی ئەڵمانیا، بە بۆنەی یاد و بەرزڕاگرتنی یادی 73هەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک بارزانی، ڕووناکی کوردان ، سیمینارێکیان بۆ نقیسکار و هەڵبەستقان ئەدیب چەلکی لە ژێر ناونیشانی (ڕێبازا بارزانی- پێناسە و هێلێن گشتی) ڕێکخستبوو لە هەمان کاتیشدا بە بۆنەی یادی 20هەمین ساڵیادی ڕێکخراوەکەیان زۆزک چەند چالاکییەکی تریشیان بە ئەنجام گەیاند، بە ئامادەبوونی بەشێکی دیاری ڕەوندی کوردی ئەو شارە و نوێنەرانی پارت و لایەن سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە ئەڵمانیا، سەرەتا پێشکەشکاری بۆنەکە ئارمانج عەگید نێروەیی بەخێرهاتنی میوانان و ئامادەبوانی کرد، بە مارشی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و بە خولەکێک وەستان و ڕێزگرتن بۆ گیانی بەرز و پیرۆزی بەرزە فڕی گشت شەهیدانی کورد و کوردستان سەروەریان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو مەراسیمەکە دەستیپێکرد. هەروەها تەلار گوڵانی جێگری سەنتەری زۆزک وتارێکی پێشکەشکرد و بە تێروتەسەلی باسی لە میژووی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر کرد، لەگەل ئەو هەموو دەستکەوتەی کە لە 73 ساڵی تەمەنی پارتی دایک کە پێشکەشی کوردستان کرا، بە ڕووبارێک خوێن و قوربانییەکی هێجگار گەورە کە ئەمڕۆی لەسەر بنیاد نراوە و کوردستانیش لە قۆناغی پێشکەوتن و بوژاندنەوەدایە، بۆ هێنانەدی خەونی شەهیدەکانمان و هەر لە وتارەکەشیدا تەلار گوڵانی پیرۆزبایی خۆیی و سەنتەرەکەی ئاراستەی سەرۆک بارزانی کرد بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی کە لەژێر ئاڵای کوردستان و لە شاری مەهاباد لەدایکبوو، لەو هەلومەرجەدا کە پارتی تێدا دامەزراوە و ژیان و لاوێتی خۆی ئاوێتەی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی کردووە، لە کۆتایشدا پیرۆزبایی خۆی لە دامەزرێنەران و ئەندامان و لایەنگرانی سەنتەرەکەیانی کرد بە بۆنەی داگیرسانی20 هەمین مۆمی تەمەنی و خزمەتکردن و سوپاسی هەموویانی کرد کە خۆبەخشانە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە، وەک باڵێوزی کورد و گەیاندنی پەیامی کوردستانی لە تاراوگە، ئاماژەی بەوەشدا کە سەنتەرەکەیان لە پێنج کەسایەتی پێکهاتووە و چوار ساڵ جارێک لە پرۆسەیەکی دیموکراسی و هەڵبژاردن دەستەیەکی نوێ کار دەکەن لەسەر هەمان خزمەتکردن و بەرزڕاگرتنی بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی کورد کە نەوەیەکی نوێ لێرە لەدایکبوون و پەروەردە دەبن لەگەڵ خەم و خۆشەویستی کوردستان ئاوێتەیان دەکەن کە لە داهاتوودا خزمەت بکەنەوە بە کورد و کوردستان.

پاشان فەوزی ئەسعەد، بەرپرسی سەنتەری زۆزک بە هاوکاری هەڤاڵ بەهجەت مەسیفی ئەندامی لقی شەشی ئەورووپای پارتی دیموکرای کوردستان، خەڵاتی ڕێزلێنان لە ئەندامان و دڵسۆزان کە لە 20 ساڵی تەمەنیدا خزمەتیان بە کورد و کوردستان و کوردستانیان کردووە لە تاراوگە، نامەی ڕێزلێنان و سوپاسیان پێشکەشی 46 کەسایەتیی کرد لە ئەندامانی خۆبان و دۆست و هاوڕێمەندان و ڕۆژنبیرانی کورد، کە تێیدا هونەرمەند قادر غەزالی کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە تاراوگە و لە هەموو بۆنە نیشتمان و نەتەوەییەکانی کورد بە خۆبەخشانە بەشدار دەبێت و هاوکارێکی باشی ئەم سەنتەرەشە کە یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی خەڵاتکرا، بۆ خەبات گوتی: زۆر خۆشحاڵبووم کە بەم ڕێزلێنان و خەڵاتە بەسەرکرایەوە، دەستخۆشی لە بەڕێوەبەرانی ئەم سەنتەرە دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەمان کە ڕێزیان لە ماندووبوون و هونەرەکەیان گرتم کە هەمیشە لەنێو ڕەوەندی کورد ئامادەبوونم هەیە و خۆبەخشانە ئاهەنگیان بۆ دەگێڕم و بەشدار دەبم لە خۆشی و ناخۆشیەکانیاندا. لە تەوەڕێکی تری ئەم بۆنەیەدا ئەدیب چەلکی نووسەر و شاعیر بابەتەکەی لەژێر ناونیشانی (ڕێبازا بارزانی- پێناسە و هێلێن گشتی) پێشکەشکرد کە تێیدا زۆر بە چڕوپڕی و شیکارێکی تێروتەسەل و پشتبەستن بە میژوو و بەڵگەکانی، باسی ڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمری کرد لە چوارچێوەی مانگی ڕابردوو لەلایەن ئیسرائیلەوە ئامانجە سەربازییەکانی ئێران لە عێراق پێکراون و گوتی، ئێران لە هیچ شوێنێک حەسانەوەی نییە و وەک ئاماژەیەک باسی لەوە کرد کە سوپای ئیسرائیل لەپشت ئەو هێرشانەوە بووە.





## سەڵاحەدین.. تەقینەوەیەک لە بنکەیەکی حەشدی شەعبی ڕوویدا

لە بنکەیەکی سەربازیی حەشدی شەعبی لە پارێزگای سەڵاحەدین، چەند تەقینەوەیەکی یەک لە دوای یەک ڕوویاندا. بەپێی هەواڵی میدیاکانی ناوخۆی عێراق لە بارەگایەکی حەشدی شەعبی لە نزیک بنکەی سەربازیی ئاسمانی بەلەد لە پارێزگای سەڵاحەدین دوا بەدوای یەک چەند تەقینەوەیەک ڕوویداوە. بەڕێوەبەری بەرگری شارستانی عێتران لیوا کازم سەلمان بورهان ڕایگەیاندووە کە بۆ کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی دوای تەقینەوەکە یەک لە دوای یەکەکەی بارەگاکە کەوتبووە، 10 تیمی ئاگرکوژێنەرەوەیان ڕەوانەی ناوچەکە کرد. لەکاتێکدا بەرپرسانی حەشدی شەعبی ئاماژە بەوە دەکەن تەقینەوەکە ڕووداوێکی ئاسایی نەبووە، بەڵام هیچ زانیارییەک نادەن لەسەر تەقینەوەکە. لە بنکەی سەربازیی بەلەد فڕۆکەی جەنگی F-16 و ڕاوێژکاری سەربازیی ئەمەریکی بوونیان هەیە، یەکێکە لە گەورەترین بنکە سەربازییە ئاسمانییەکانی عێراق.

ئەمە لەکاتێکدایە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بنیامین ناتانیاهۆ لەلێدوانێکدا لە کییڤی پایتەختی ئۆکرانیا وەک ئاماژە باسی لەوە کرد کە مانگی ڕابردوو لەلایەن ئیسرائیلەوە ئامانجە سەربازییەکانی ئێران لە عێراق پێکراون و گوتی، ئێران لە هیچ شوێنێک حەسانەوەی نییە و وەک ئاماژەیەک باسی لەوە کرد کە سوپای ئیسرائیل لەپشت ئەو هێرشانەوە بووە.



## ڕووسیا و چین تاقیکردنەوەکەی ئەمەریکا بە ئاڵۆزبوونی سەربازی لە قەڵەم دەدەن

مۆسکۆ و پەکین ڕۆژی سێشەممە سەرزەنشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایان کرد بۆ تاقیکردنەوەی موشەکێکی مەودا مامناوەند. ئەمەش یەکەمین تاقیکردنەوەی ئەمەریکایە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی ساردەوە ئەنجامی بدات. بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا، هەردوو وڵات ئەم کارە بە ئاڵۆزی سەربازی و دووبارەکردنەوەی پێشبڕکێی چەک لە قەڵەم دەدەن. هەردوو وڵات ئەم تاقیکردنەوەیە بە سێشەممە سەرزەنشتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ پەیماننامەی چەکی ناوەکی مەودا مامناوەندە دەبینن، ئەوەی هەریەک لە ڕووسیا و ئەمەریکای نەیاری یەکتری لە ڕابردوودا بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکەیان سنووردار کردبوو. سەبارەت بە تاقیکردنەوەکە، وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا گوتبووی ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو ئەو موشەکە مەودا مامناوەندە لە دووڕگەی نیکۆڵاس بەرانبەر کەنار ئاوی ستانی کالیفۆرنیا ئەنجامدرا و سوپای ئەمەریکاش دیمەنی هەڵدانی موشەکەکەی بڵاوکردەوە. مۆسکۆ زۆر بە تووندی سەرکۆنەی تاقیکردنەوەی ئەو موشەکەی کرد و دەڵێت واشنتۆن دووبارە سەلماندی کە ئەمەریکاییەکان بە ئاڕاستەی لەناوبردنی پەیماننامەی چەکی مەودا مامناوەند کار دەکەن.

## نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا لە قەتەر لەگەڵ تاڵیبان کۆدەبێتەوە



نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری ئەفغانستان و بەرپرس لە ڕێککەوتن، زاڵمای خەلیلزاد بە مەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ تاڵیبان سەردانی قەتەر و ئەفغانستان دەکات. وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاندووە: وەک بەشێک لە کۆبوونەوەکانی پرۆسەی ئاشتیی کە ئامانج لێی کۆتایی هێنانە بە شەڕ و پێکدادانی ئەفغانستان، باڵێوز خەلیلزاد لە دۆحە لەگەڵ تاڵیبان کۆدەبێتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەش کراوە کە خەلیلزاد سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتیی لە کابول لەگەڵ حکوومەتی ئەفغانستان کۆدەبێتەوە و ڕایاندەسپێرێت بۆ ئامادەکاری بۆ گفتوگۆ ناوخۆییەکان. ڕێکخراوی تاڵیبان کە مەترسییەکی گەورەیە بۆسەر حکوومەتەکەی سەربازانی ئەمەریکا لەو وڵاتە لە بەرامبەر گەرەنتیدان بەوەی خاکی ئەفغانستان بەتایبەتی ئەو بەشەی لەژێر کۆنترۆڵی تاڵیباندایە نەبێتە ناوچەیەکی دەستپێکردنی گفتوگۆکانی ئاشتیی لەگەڵ تاڵیباندا و لەو چوارچێوەیەشدا سەرەڕای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاشتیی هێشتا نەتوانراوە بگەن بە ئەنجامێک. دوایین کۆبوونەوەکانی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبانیش لە چوارچێوەی بەڵێنی کشانەوەی تەواوەتی سەربازانی ئەمەریکا لەو وڵاتە لە بەرامبەر گەرەنتیدان بەوەی ئاڵای ئەفغانستان بەتایبەتی ئەو بەشەی لەژێر کۆنترۆڵی تاڵیباندایە نەبێتە ناوچەیەکی ئارام بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەڕێوەدەچن.

نوێنەری تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئەفغانستان زاڵمای خەلیلزاد ڕایگەیاند وڵاتەکەی ئامادەیە دەبێت و لەوێ هەوڵدەدەین کۆتایی بە وتوێژەکان بهێنین سەبارەت بەو بابەتانەی کە ماوەن. گوتیشی ئێمە ئامادەین. با بزانین تاڵیبانیش ئامادەیە.ئامانج لە وتوێژەکانی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان کۆتایی هێنانە بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە گەشتووینەتە چ قۆناغێک و پێم ڕاگەیاندن هەنگاوی داوترمان چی دەبێت. ئێستا دووبارە گەڕاومەتەوە. وێستگەی یەکەمم دەوحە دەبێت و لەوێ هەوڵدەدەین کۆتایی بە وتوێژەکان بهێنین سەبارەت بەو بابەتانەی کە ماوەن. گوتیشی ئێمە ئامادەین. با بزانین تاڵیبانیش ئامادەیە.ئامانج لە وتوێژەکانی نێوان ئەمەریکا و تاڵیبان کۆتایی هێنانە بە بوونی سەربازی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و گەڕاندنەوەی سەربازە ئەمەریکییەکانە بۆ وڵاتەکەیان کە ژمارەیان14 هەزار سەربازە. لە ماوەی ڕابردوودا وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا مایک پەمپێیۆ بە تۆڕی هەواڵی سی ئێن بی سی گوت دەکرێت بگەین بە ڕێکەوتنێک ئەگەر ئاستی تووندوتیژییەکانی ئێستای ئەفغانستان کەم ببێتەوە. وتیشی وتوێژەکان بەباشی بەڕێوەدەچن.

www.xebat.net
هەینی شەممە 2019/8/22 ژمارە (5812)

# سووریا.. شەش ساڵ بەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە غوتەی رۆژهەڵات تێپەڕدەبێت

## لە ناوچەی غوتەی رۆژهەڵات بە چەکی کیمیایی هەزار و 400 هاووڵاتیی مەدەنی کوژران

### شایەتحاڵێکی هێرشەکە: هەموویان کەف لەدەمیانەوە دەهاتەدەر و نەیاندەتوانی هەناسە بدەن

شەش ساڵ بەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە غوتەی رۆژهەڵات تێپەڕ بوو، ئەبوو عەڵا وەک شایەتحاڵێکی رووداوەکەش لە ناحیەی هاموریەی غوتەی رۆژهەڵات ئاماژە بەوە دەکات هەرگیز شەهیدانی ئەو رۆژەی بیرناچێتەوە کاتێک لە بنکە تەندروستییەکاندا شۆینی چارەسەریی نەمابوو بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی.



دوای تێپەڕینی شەش ساڵ بەسەر هێرشەکە خوێناوییەکەی رژێمی بەشار ئەسەد کە لە رێگەی چەکی کیمیاییەوە هەزار و 400 کەسی مەدەنی کوژران، شایەتحاڵەکانی رووداوەکەش زۆر نیگەرانن لەوەی کە بەرپرسیاران هێشتا دادگایی نەکراون.

ئەبوو عەڵا لەناحیەی هاموریەی غوتەی رۆژهەڵات ئاماژە بەوە دەکات هەرگیز شەهیدانی ئەو رۆژەی بیرناچێتەوە کاتێک لە بنکە تەندروستییەکاندا شۆینی چارەسەریی نەمابوو بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی. هەمووی کەف لەدەمیانەوە دەهاتە دەر و چاوەکانیان گەورە ببوو، نەیاندەتوانی هەناسە بدەن. رژێمی ئەسەد لە 21ی ئابی 2013دا لەناوچەی غوتەی رۆژهەڵات بەچەکی کیمیایی هەزار و 400 کەسی مەدەنی کوشت. هەرچەندە رژێم بەڵێنی دابوو بە ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی کە کۆگاکانی چەکەکە لەناوبەرێت، بەڵام بەدرێژای ئەو ساڵانە چەندین جار چەکی کیمیایی بەکارهێناوە. پرۆژە یاساکان لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەلایەن رووسیاوە قیتۆی دەخرایە سەر، ئەمەش رێگر بوو لە رەوانە کردنی بەرپرسیارانی ڕەشەکوژییەکە بۆ بەردەم دادگای سزای نێودەوڵەتی.



غوتەی رۆژهەڵات کە کەوتبوویە بەر ئابڵوقەیەکی بەهێز و هێرشێکی خوێناوی رژێمی سووریا و جەنگی ناوخۆ، لە 12ی نیسانی 2018دا لە ڕێی راگواستنەوە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی رژێم و بە هەزاران کەسی مەدەنی کۆچیان کرد بۆ ناوچەکانی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات و ئیدلب.

شایەتحاڵەکانی هێرشی ڕەشەکوژی 21ی ئابی غوتەی رۆژهەڵات لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئۆپۆزسیۆن باس لەو ڕۆژە دەکەن. ئەبوو عەڵا لەناحیەی هاموریەی غوتەی رۆژهەڵات ئاماژە بەوە دەکات هەرگیز شەهیدانی ئەو رۆژەی بیرناچێتەوە کاتێک لە بنکە تەندروستییەکاندا شۆینی چارەسەریی نەمابوو بۆ بەرکەوتووانی چەکی کیمیایی. هەمووی کەف لەدەمیانەوە دەهاتە دەر و چاوەکانیان گەورە ببوو، نەیاندەتوانی هەناسە بدەن. ئەبو عەلا دەشڵێت، سەرەڕای تێپەڕینی 6 ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژییەکەدا بەڵام بەرپرسان تا ئێستا نەدراونەتە دادگا و نیگەرانیشی خۆیشی لەو دۆخە دووپات کردەوە و گوتی، رژێم نەک تەنیا لە غوتەی رۆژهەڵات، بەڵکو دواتر خان شەیخون و ناوچەکانی تریشی کردە ئامانجی چەکی کیمیاییەکانی. ئینشەڵا یەزدان تۆڵەی ئێمە لەوانە دەکات کە هەوڵیان دا بۆ ئەنجامدانی هێرشەکە و ئەوانەشی بێدەنگ بوون.

محەمەد حومسی ئەبو جابر



ڕایگەیاند کە لە ناحیەی جیسرین نیشتەجێ بووە و دەڵێت، کاتژمێر 2ی شەو بوو، لەدەرگا دراوە و خەبەریان کردوونەتەوە. ناوبراو باس لەوە دەکات هەوالّمان پێگەیشت کە بە چەکی کیمیایی هێرش کراوەتەوە سەر زەمەلکا و عەین تەرما و گوتی، لە ماڵ هەرچی دەرمان هەبوو دەرمانهێناو چووینە دەر. هەوڵمان دا یارمەتی خەڵک بدەین. نەماندەتوانی هیچ بکەین بۆ ئەو خەڵکەی لەباوەشماندا دەمردن.

یەکێکی تر لە شایەتحاڵەکان بەناوی ئەبو ریاز بانگەواز بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات و داوا دەکات لەسەر ئەو هێرشە خوێناویانە، رژێم دادگایی بکرێت.

# ئیدلب.. لە ئەیلوولی 2018 تا ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن سڤیل کۆچیان کردووە

## شەڕ بەردەوامە و ئەگەری بەرزبوونەوەی زیاتری ئەو ڕێژەیەش هەیە



لە 17ی ئەیلوولی 2018ەوە کە ڕێککەوتنی ئاگربەستی ئیدلب واژووکرا تا ئێستا، بەهۆی پەلامارەکانی رژێمی ئەسەد و رووسیاوە، 945 هەزار و 992 سڤیل لە ناوچەکانی نێو سنووری کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب ئاوارەبوون.

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە بەڕێوەبەرایەتیی دەستێوەردانی سووریا وەرگیراوە کە چاودێریی قۆناغی کۆچ دەکەن لە ناوچەکەدا و زانیارییەکان تۆمار دەکەن لە 17ی ئەیلوولی 2018ەوە کە ڕێککەوتنی ئیدلبی تێدا واژووکراوە تا ئێستا، 945 هەزار و 992 کەسی سڤیل لە ناوچەکانی نێو سنووری کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب ئاوارەبوون.

بەرگریی شارستانی، 11 کارمەندی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتن و چوار کارمەندی تەندروستی کوژراون.

هاوکات بەڕێوەبەرایەتیی دەستێوەردانی سووریا، محەمەد حەلاج، گوتی: خان شەیخون بەتەواوی چۆڵکراوە، نزیکەی سەدا 10ی دانیشتوانی شارۆچکەکانی ئەریحا، سەراقیب و مەعەرەت نوعمان کۆچیان کردووە. ئەگەر هێرشەکان بەرفراوانتر بن، ژمارەی ئەوانەی کۆچیان کردووە دەگاتە یەک ملیۆن و 500 هەزار کەس.

دیکەوە، بەهۆی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی رووسیاوە نەخۆشخانەی ڕەحمەت لە تەل مەنیس خاپوور بوو. هاوکات خانەی چاودێری فڕۆکەی سەر بە ئۆپۆزسیۆن، ئاماژەی بەوەکردووە کە ئەو فڕۆکانەی هێرشیان کردووەتە سەر تۆح و تەل مەنیس سەر بە ڕووسیا بوون

ڕووسیا، ئێران و تورکیا لە کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی 4-5ی ئایاری 2017دا لە ئاستانا، ئیدلب و دەوروبەریان بە ناوچەی کەمکردنەوەی گرژیی ئیدلب، ڕاگەیاند، بەهۆی ئەوەی ڕژێمی سووریا ناو بە ناو ئاگربەستەکەیانی پێشێل دەکرد، ڕووسیا و تورکیا ڕێککەوتنێکی دیکەشیان ئەنجامدا. سەرەڕای ئەو ڕێککەوتنەی لە 17ی ئەیلوولی 2018دا لە شاری سۆچی ڕووسیا واژووکرا، هێزەکانی ڕژێمی سووریل بە هاوکاری پشتیوانانی بەردەوامە لەسەر هێرشەکانی. تۆڕی سووریا بۆ مافەکانی مرۆڤ (SNHR) ئاماژەی بەوەکردووە کە لەو هێرشانەی بەشار ئەسەد و پشتیوانانی لە 26ی نیسان-19ی ئاب کردوویەتە سەر ناوچەی کەمکردنەوەی گرژیی ئیدلب، لانیکەم 843 کەسی مەدەنی کوژراون

هاوکات لە سووریا فڕۆکە جەنگییەکانی سەر بە ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و ڕووسیا هێرشی ئاسمانیی چڕیان کردە سەر ناوچە نیشتەجێبوونی مەدەنی لە سنوورەکانی کەمکردنەوەی گرژییەکانی ئیدلب و لە ئاکامدا پێنج مەدەنی کوژران و لانیکەم 10ی دیکەش بریندارببوون. هەروەها ڕژێمی سووریا و پشتیوانانی هێرشی ئاسمانییان کردە سەر شارۆچکەکانی مەعەرەت نوعمان و سەراقیب، ناحیەی تەمانیە و گوندەکانی بەشیریە، تۆح، تەل مەنیس و مەعار شیمارین لە سنووری پارێزگای ئیدلب، هەروەها دەوروبەری شارۆچکەی مۆریک سەربە پارێزگای حەما.

بەگوێرەی ئەو زانیارییەی لە سەرچاوەکانی بەرگریی شارستانی ئیدلیب، دەستکەوتوون، لەو هێرشانەدا کە لە کاتەکانی درەنگانی شەوی سێشەمە لەسەر چوارشەمە ئەنجامدراون، پێنج کەس کوژراون، لەوانەیش دوو کەس لە گوندی بەشیریە، کەسێک لە تۆح، کەسێک لە مەعار شیمارین و کەسێکیش لە تەل مەنیس، هەروەها لانیکەم 10ی دیکەش بریندارببوون. لە لایەکی سەردانی سەرکۆمار ماتارێلای کرد. بەپێی ڕاگەیەنراوێکی سەرۆکایەتیی کۆماری ئیتاڵیا، کۆنتی نامەی دەستەکارکێشانەوەی حکوومەتەکەی پێشکەش بە سەرکۆمار کرد و داوای لێکرد کە تا دامەزرانی حکوومەتێکی نوێ، کۆنتی لە بەڕێوەبردنی کارەکانی حکوومەت بەردەوام دەبێت. لە لایەکی دیکەوە ڕاگەیەنراوە، سەرکۆمار سەرکۆمار کردووە و تا چارەسەرکردنی قەیرانی حکوومەت لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان و نوێنەرەی پارتە سیاسییەکان لە پەرلەمان دەستپێدەکات.

ماتارێلا ڕاوێژە سیاسییەکان بۆ

# یەمەن.. شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی حکوومەت و حووسییەکان دەستپێکردەوە



لە باشووری پارێزگای حودەیدە ڕۆژئاوای یەمەن، هاوبەشەکانیان لە شارۆچکەی توحیتا باشووری پارێزگای حودەیدە بۆردومانکردووە. هێزەکانی سەر بە عەبد ڕەبە مەنسور هادی ئامادەیان بەوەشداوە کە حووسییەکان ڕۆژانە خاڵی هێزە هاوبەشەکانیان لە توحیتا و چەند ناوچەیەکی دیکەی باشووری شاری حودەیدە ڕووبدەن. هاوکات هێزەکانی سەر بە سەرۆکی یەمەن، عەبد ڕەبە مەنسور هادی ڕایانگەیاند کە میلیشیاکانی حووسی بە چەکی قورس چەند خاڵێکی هێزە هاوبەشەکانیان لە شارۆچکەی توحیتا و چەند ناوچەیەکی دیکەی باشووری شاری حودەیدە ڕووبدەن. هێزەکانی سەر بە عەبد ڕەبە مەنسور هادی ئامادەیان بەوەشداوە کە حووسییەکان ڕۆژانە خاڵی هێزە هاوبەشەکانیان لە ناوچەکانی حکوومەت و چەکدارانی حووسی ڕووبدەن. هێزەکانی سەر بە عەبد ڕەبە مەنسور هادی ڕایانگەیاند کە بەوە تۆمەتبار کرد کە بە چەکی قورس هێرشیان کردووەتە سەر پێگەی چەکدارەکانیان لە ناوچەکانی باشووری شاری حودەیدە.چوار ڕۆژ لەمەوبەر شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی حکوومەت و میلیشیاکانی حووسی لە دەوروبەری شاری حودەیدە ڕووبدابوو کە بەهۆیەوە ژمارەیەک سەرباز و چەکدار لە هەردوولا کوژران و بریندارببوون.

# سعوودییە.. بۆ یەکەمجار ڕێگە بە ئافرەتان دەدرێت بەبێ مۆڵەتی پیاوان گەشت بکەن

حکوومەتی سعوودیە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیدا، دەستیکردووە بە جێبەجێکردنی ئەو هەمواکردنانە کە ڕێگە بە ئافرەتان دەدات بەبێ مۆڵەتی پیاوان گەشت بکەن.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە بڵاوکردەوە، سەرچاوەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە ئاشکرایکردووە، بەڕێوەبەرایەتی پاسپۆرت و باری شارستانی و سەرجەم لقەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە ناوچەکانی سعوودیە دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی هەمواکردنەکانی سیستەمەکانی بەڵگەنامەی گەشتکردن و باری شارستانی.

بەگوتەی سەرچاوەکە لە چوارچێوەی هەمواکردنەکاندا، بۆیەکەمجار لە مێژووی ئەو وڵاتەدا، ڕێگە بە ئافرەتان دەدرێت بەبێ مۆڵەتی پیاوان گەشت بکەن. لەو بڕیارنامەیەی لە دووی ئەم مانگەدا لە ڕۆژنامەی فەرمی سعوودیەدا بڵاوکرایەوە، پێشنیازی ئەوە کراوە کە هەمان ئەو مافانەی دراون بە پیاوان لە دەرکردنی پاسپۆرت و گەشتی دەرەوەی وڵات بەبێ مۆڵەتی پیاوان وەک باوک، هاوسەر، برا و تەنانەت کوڕ، بە ئافرەتانیش بدرێت.

# سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا نامەی دەستەکارکێشانەوەی پێشکەش بە سەرکۆمار کرد

سەرۆکوەزیرانی ئیتاڵیا، جیوسێپێ کۆنتی نامەی دەستەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە سەرکۆمار سیرجیۆ ماتارێلا کرد. سەرۆکوەزیران کۆنتی لە میانی وتارەکەیدا لە کۆبوونەوەی گشتیی کۆنگرێسی ئیتاڵیا، ڕایگەیاند کە دەستەکارکێشانەوەی خۆی و دوای کۆبوونەوەکە لە کاتەکانی شەودا لە کۆشکی کوینیرالی

خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/22 ژمارە (5812)

# شاندێكی بەرەی توركمانی پیرۆزبایی ساڵیادی دامەزراندن لە پارتی دیموكراتی كوردستان دەكات



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندییەكانی كوردستانی و عێراقی پارتی دیموكراتی كوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسكی پارتە توركمانییەكان و ئەندامانی مەكتەب، پێشوازی لە ئایدن مەعروف ئەندامی مەكتەبی سیاسی و بەرپرسی بەرەی توركمانی لە هەرێمی كوردستان و شاندێكی یاوەری كرد. لە سەرەتای دیدارەكەدا ئایدن مەعروف بەبۆنەی ساڵیادی دامەزراندی پارتی دیموكراتی كوردستان بەناوی بەرەی توركمانی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك بارزانی و سەركردایەتی و هەموو پارتی دیموكراتی كوردستان كرد، هاوكات هیوای خواست ئەم یادە فاكتەر بێت بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی پەیوەندییەكانی نێوان هەردوولاو پاراستنی یەكرێزی و پتەوتركردنی گیانی برایەتی و پێكەوەژیانی كوردو توركمان و تەواوی پێكهاتەكان لە پێناو خزمەتكردن بە ئەزموونی دیموكراسی و خەڵكی كوردستان، هەرلەو دیدارەدا عەلی حسێن پیرۆزبایی لە ئایدن مەعروف كرد بەبۆنەی بەشداریكردنی پارتەكەیان لە كابینەی نوێ و وەرگرتنی پۆستی وەزیری هەرێم لەحكومەتی كوردستان، هاوكات بارودۆخی سیاسی ناوچەكەو پرسە سیاسیەكانی ئەمڕۆی هەرێمی كوردستان و عێراق و شاری كەركوك و دوایین هەنگاوەكان بۆ چارەسەری تەواوی پرسە هەڵپەسێردراوەكان باسی لێوە كرا، هەر لەم دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەكانی پارتی تەئكیدی كردەوە ستراتیژییەت و نەهجی سەرۆك بارزانی و پارتیش لە هەموو قوناغێكدا كاركردن بوە بۆ پاراستنی ماف و ئازادی و بەرژەوەندی تەواوی پێكهاتەكان لە هەرێمی كوردستان ئەمەش بەكردەوە بۆ هەموو پێكهاتەكان و تایبەت بۆ برا توركمانەكان سەلمێنراوە، هاوكات ئایدن مەعروف خۆشحالی خۆیان بەم هەنگاو و پێشووەچونانەی نێوان هەردوولا دەربری و پاڵپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ سەركەوتنی حكومەتی كوردستان تا دواین هەنگاوەكانی ئەم كابینەیە لەپێناو زیاتر خزمەت كردنی خەڵكی كوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی و مافی هەموو پێكهاتەكان بەگشتی دووپات كردەوە.

# پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان عەبدولڕەحمان ئێدلبی كۆچی دواییكرد



**خەبات- سەفەر یوسف میرخان ژاژوكی:** لە قەزای سۆران دوای ململانێیەكی زۆر لەگەڵ نەخۆشی پێشمەرگەی ماندوونەناسی گەلەكەمان تێكۆشەر عەبدولڕەحمان ئێدلبی لە تەمەنی 89 ساڵیدا كۆچی دوایی كرد و دواتر لە یەكێك لە گۆڕستانەكانی قەزای سۆران بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حزبی و حكومی و كەسوكار و هاوسەنگەرانی تەرمی خوالێخۆشبوو بە خاك سپێردرا.

خوالێخۆشبوو پێشمەرگەی دێرین عەبدولڕەحمان فەقێ بابكر ناسراو بە عەبدولڕەحمان ئێدلبی، لە ساڵی 1930 لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەر و شۆڕشگێر لە گوندی ئێدلبی سەر بە دەڤەری بارزان لە دایبكووە و لە تەمەنی لاویەتی بووە كە لەگەڵ بنەماڵەیەكەی لە ساڵی 1945ساڵی بووە كە ئاوارەی ئێران بوونە، یەكێك لەو پێشمەرگانە بووە كە بەشداری شۆڕشی مەزنی ئەیلوول كردووە بەشداری لە شەڕەكانی پیرس و دۆڵی نەهلە و سەری ئاكری و شوێنەكانی تر دەوروبەری دەڤەری بارزان و دەڤەری پشدەری كردووە، كەسێكی خۆشەویست بووە لای بارزانیی نەمر، دوای نسكۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووەو پاشان دیسان چەكی شەرەفی كردۆتەوە شان و بەشداری شۆڕشی گوڵانی كردووە، ئەم تێكۆشەری پلەی بەرپرسیارەیەتی هەبووە كەسێكی نزیكی سەركردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، بەڵام هەمیشە خۆی وەك پێشمەرگە ساكار ڕەفتاری كردووە، دوای ڕاپەرین دەگەڕێنەوە كوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن.

**پرسەكەی لە هۆڵی بۆنەكانی شەوكەت شێخ یەزدین-ە لە قەزای سۆران.**

# بەرپرسی لقی دوو لە تەندروستیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان دەپرسێتەوە



ئەحمەد كانی ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموكراتی كوردستان، سەردانی نووسەر و ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمانی كرد لە نەخۆشخانەو لە ڕەوشی تەندروستیی پرسیەوە و هەموو پشتیوانیەكی بۆ خانەوادەكەی دووپات كردەوە لەپێناو زوو چاكبوونەوەی. بەرپرسی لقی دوو مێژووی ڕۆژنامەوانیی ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمانی بە خزمەتی كۆمەڵگا وەسف كرد و ئاماژەی بەوە كرد كە نووسینەكانی هەمیشە لە خزمەتی خەڵكی كوردستان بووەو تیشكی خستۆتە سەر دیاردە جیا جیاكانی كۆمەڵگا، هاوكات لەڕێگەی نووسینەكانی بۆتە بەشێك لە چارەسەری كێشەو ئاریشەكانی هاوڵاتیان و بە كردارەكی گۆشەكەی خۆی لە ڕۆژنامە كردۆتەوە پردێك لەنێوان خەڵك و دەسەڵات.
لە بەرامبەردا، ڕۆژنامەنووس حەیدەر عەبدولڕەحمان برای ڕۆژنامەنووس شێرزاد عەبدولڕەحمان و خانەوادەی ڕۆژنامەنووس، سوپاسی بەسەركردنەوەو پشتیوانی بەرپرسی لقی دوویان كرد و دووپاتیان كردەوە كە خانەوادەی ڕۆژنامەنووسیان هەمیشە لە خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەكەمان و وشەی كوردی دەبن.

# بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەك هاونیشتمانیانی دەوروبەری شاری هەولێر بەسەردەكاتەوە



بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی 16ی هەولێری پارتی بەیاوەری كارگێڕانی لق و ستافی لێژنە ناوچەی تارین لەسنووری دەوروبەری شاری هەولێر سەردانی هەریەكە لە فەرماندە مەلا حەسەن ماونی و فەیسەل قادر ماونی و مامۆستا مەلا حەیدەرو هەردوو خانەوادەی كۆچكردوان مام بایز شێخ وەسانی و حاجی ڕەحمان شێخ وەسانی و حەیدەر حاجی حەمەد ئەمین- ی كرد. لەمیانی سەردانەكانیدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو هاونیشتمانیانە لەكێشەو گیروگرفت و پێداویستییەكانی خەڵكی سنوورەكەی كۆڵییەوە لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ تەواوی كێشەو گیروگرفتەكان لەپێناو خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان و دەستەبەركردنی خزمەتگوزاری زیاتر بۆ دەڤەرەكە كە ئەمە بە ئەركی هەرە لەپێشینەی كارەكانمان دەزانین و ئەوەی لەتوانامانداببێت بۆ خزمەتكردنی هاوڵاتیان بەهاوكاری دامودەزگا پەیوەندیدارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەنجامی دەدەین. لە بەشێكی دیكەی سەردانەكانیدا ئەو هاونیشتمانیانە چەندین سەرنج و تێبینی و داواكارییان خستە بەردەم بەرپرسی لقی16 ی هەولێر، لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی دەربڕی بۆ هەر جۆرە هاوكارییەك كە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و خزمەتكردن بە هاوڵاتیانی دەڤەرەكە.

# بەرپرسێ لقێ ئێك سوپاسیا ڕێڤەبەرێ گشتی و ڕێڤەبەرێن پەروەردێن سنورێ پارێزگەها دهوكێ دكەت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجوومەنی سەركردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێك ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ پەروەردا دهوك و ڕێڤەبەرێن پەروەردێن ڕوژهەلات و ڕوژئاڤا دگەل ڕێڤەبەرێ پەروەردا سێمێل و جێگیر و سەرپەرشتكارێن پەروەردەی كومبوو، ئەڤە و دڤێ كومبونێ دا بەرپرسێ لقێ پیروزباهیا وان كر ژ بوی كو قوتابیێن سنورێ پارێزگەها دهوكێ شیان پلێن باش بدەست خو بێخن و ئەڤەژی جهێ ڕێز و سەربلندیا مەبوو، ژ ئالیەكێ دیڤە گەنگەشە و گفتوگو لسەر وان خال و گرفتێن دكەڤنە پێشیا پەروەردێ دا هاتنە كرن و گوت هەمی هەولێت مە ئەوبن كو بەری سالا خواندنێ دەست پێبكەت ئەم بكارین و زالبین لسەر خالێن كو دبنە ئاستەنگ درێكا خاندنێ دا و ببینە هاندەرەك دگەل هاتنا سالا نوی یا خاندنێ كو ئاستێ زانین و زانستێ ل پارێزگەها دهوكێ پتر بلند بكەین.

# وەزیری ئەوقاف و كونسوڵی توركیا باس لە هەماهەنگی و پەرەپێدانی بواری ئایینی و پێكەوەیی دەكەن



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و كاروباری ئایینی پێشوازی كرد لە هاكان كەرەجای كونسوڵی توركیا و عەبدلسەلام ڕەشید بەرێوەبەری گشتی لە فەرمانگەی پەیوەندیەكانی دەرەوە. لەدیدارەكەدا كونسوڵ پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی وەزیری ئەوقاف كرد بەبۆنەی دەستبەكاربوونیان و هیوای خواست كە لە داهاتوو پەیوەندیەكی توندوتۆڵ گرێبدەن بە مەبەستی هەماهەنگی و پەرەپێدانی بواری ئایینی و پێكەوەیی، لەبەرامبەردا وەزیری ئەوقاف سوپاسی سەردانی كونسوڵی توركیای كرد و هیوای خواست كە هەرێمی كوردستان سوود لە ئەزموونی ولاتی توركیا وەربگرێت بەتایبەتی لە پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی و بەڕێوەبردنی مزگەوتەكان و ئەوەی پێویستە كە بكرێت بۆ خزمەتی پرۆژەی ئایینی هەروها ئومێدی خواست لە پرۆژە و كاری هاوبەش لەداهاتوودا پەیوەندی پتەوتر دروست بكەن.

# چەند پروژێن نوو ل سنوورێ پارێزگەها دهوكێ دهێنە ئەنجامدان



**خەبات- دهوك:** دوهی سپێدێ 2019/8/21 ئوسمان یونس جێگرێ پارێزگەرێ دهوكێ بو كاروبارێن تەكنیكی دگەلدا سەروكێ ئەندازیاران ل پارێزگەها دهوكێ سەرەدانا ڕێڤەبەریا گشتی یا هاتن و چونا پارێزگەها دهوكێ كر و ژلایێ عەمید فخری ڕێڤەبەرێ گشتی یێ هاتن و چونێ ل پارێزگەهێ هاتنە پێشوازی كرن دروینشتنەكێ دا بەحسێ ڕەوشا فەرمانگەها هاتن و چونێ دەمێ كاروبارێن ڕوژانە یێن هاولاتیان دهێنە برێڤەبرن و نەهێلانا ڕوتینێ دخزمەتكرنێ دا هاتەكرن.
پاش سەرا پروژێن ڕێكێن نافخویی ل ڕێڤەبەریا هاتن و چونا پارێزگەها دهوكێ ل دومیز دا و سەحكرە قوناغێن بجێئینانێ دپروژەی دا حكومەتا هەرێما كوردستانێ كوژمێ 707 ملیون دینارا بو تەرخانكریە و پروژە ل قوناغێن دیماهیێ یە ،دیڤدا سەرەدانا پروژێ دانا سیستەمێ پشكنینا PVI و سیستەمێ دانا دەستوریا هاژوتنا ترومبێلا یێ كوری كر كو ل قوناغێن دیماهیێ یە تێدا گورەپان و ئاڤاهیەكێ تایبەت بو هاتیە چێكرن دگەل ئامیرێن پێشكەفتی ب كوژمێ6 ملیاردینارا هاتیە چێكرن و ئەڤ سیستەمە هەمی ئەلكترونی یە و بباشترین ڕێك هاولاتی دێ دەستوریا هاژوتنا ترومبێلا وەرگرن و تا ڕادەكێ مەزن ڕوتینا بەری نوكە ناهێلیت.

# وەزارەتی تەندروستی دەرزی دژەگوزاز بۆ نەخۆشخانەكان دابین دەكات

**خەبات- سەید فاتیح بەرزنجی:** دكتۆر محەمەد قادر خۆشناو گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی ڕوونیكردەوە: دەرزی دژەگوزاز ماوەی چەند مانگێك بوو نەمابوو كە بۆ نەخۆشانی بریندار بەكاردێت، بۆ هەموو نەخۆشخانەكان و فریاكەوتنەكان لە كوردستان دابین كرا و دەرزیەكە بۆ بەكارهێنانی نەخۆشانی بریندارو ڕووداوەكانی هاتوچۆو گوللە و برینی ئاسن و بزمار و برینی قوڵ بەكاردێت و هەموو نەخۆشخانەكان دەتوانن لە كۆگاكانی دەرمانی پارێزگاكان دەرزیەكە وەرگرن.

www.xebat.net
هەینی شەممە 2019/8/22 ژمارە (5812)

## ئەندازەی پارکەکان بەنیازن زۆرترین گوڵ و درەختی جوانکاری لە هەولێر بچێنن

# ڕێژەی سەوزایی لە شاری هەولێر زیاترە لە 18%



بۆ جوانتر کردنی سیمای شاری هەولێر، پارسااڵ هەزاران گوڵی وەرزی چاندراوە

## هاوواڵتیان: چاوەڕوانین وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە پلانی چوار ساڵی خۆی ژمارەی پارکەکان زیاتر بکات

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

لەچوارچێوەی کارو پڕۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی گرنگیدان بوو بەپارک و باخچەکان ئەویش لە ڕێگەی ئەندازەی پارک و باخچەکان و لە ماوەی ئەو چەند ساڵانەدا لە شاری هەولێر توانراوە ژمارەیەکی زۆر لەپارک و باخچە دروست بکات بۆ ئەوەی هاوواڵتیان بۆ کات بەسەر بردن و کاتێکی خۆش سوودی لێ وەرگرن، جگە لەوەش هەرلەسەر دەستی ئەندازەی پارکەکان توانرا ژمارەیەک مەشتەل بۆ پەروەردەکردنی گوڵ و نەمام دروست بکرێت و لەڕێگەی ئەو مەشتەلانەوە ژمارەیەکی زۆری گوڵی جۆراوجۆر بەرهەم بهێنرێت و ئامادەیان بکات بۆ چاندن دەربارەی ئیش و کارەکانی ئەم دواییەی ئەندازەی پارکەکان ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد حەمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان بۆ «خەبات» ڕوونیکردەوە: لەلایەن ئەندازەی پارکەکان لە شاری هەولێر چەندین ساڵە ڕێژەی سەوزایی لەبەرزبوونەوە دایەو لەساڵی 2017 توانراوە ئەو ڕێژەیە لە 16٪بۆ لە 18٪ بەرزبکەینەوە هەروەها سەرپەرشتی زیاتر لە (345) پارک دەکەین لەگەڵ (108) نافورەو ( 59) دوورگەی ناوەندی لەشەقامی 60 مەتری و شەقامی شۆڕش و شەقامی هەولێر – کۆیەو شەقامی 100مەتری، ڕۆژانە لەلایەن ستافێکی شارەزاو بەئەزموون بە سێ شەفت سەرپەرشتی ئەو هەموو پارک و باخچانەو دوورگە ناوەندیانە دەکرێت.

### هەبوونی چەند مەشتەڵێک لە ئەندازەی پارکەکان

**ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر دەربارەی ئەو دارو درەخت و گوڵانەی کە هەیانە گوتی:** ئێمە لەبەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان متمانە دەکەینە سەر خۆمان و بەدەستی خۆمان بەرهەمی دارو درەخت و گوڵ بەرهەم دەهێنین زۆربەی ئەو دارو درەختانە بەرهەمی نەمامگەی نمونەیی خۆمانەو دوو مەشتەلمان هەیەو هەموو پێداویستیەکان هەر لەکیسەی نایلۆن و مەرکان و تۆوی فریزو تۆوی گوڵ تادەگاتە لیم بۆ ئەو مەشتەلانە دابین دەکرێت هەر لەلایەن مەشتەلی خۆمان پارسااڵ بەهەزاران گوڵی وەرزیان چاندووە بۆ ئەوەی سیمای شاری هەولێر جوانتر بکەین هەر لە پێناو زیاد کردنی بەرهەمی گوڵ و دارو درەخت هەوڵماندا پارکی خانزادیش بکەینە مەشتەل لەبەر قەیرانی دارایی نەتوانرا بودجەی بۆ دابین بکرێت ئەو مەشتەلە کارەکەی مایەوە تا بارودۆخی بودجە باشتر دەبێت ئومێدەوارین بۆژاینده لەلایەن وەزارەتی شارەوانی و سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرەوە بودجەی مان بۆ زیاد بکرێت هەرچەندە سەرۆکایەتی شارەوانی هاوکاری زۆری کردووین بۆ ئەوەی درێژە بەکارەکانمان بدەین و ڕۆژانە لەلایەن ئەندازیاران و کرێکارە دڵسۆزەکانەوە گرنگی تەواو بە پارکەکان ودووگەناوەندەکان دەدەین بۆ ئەوەی شاری هەولێر بەردەوام سەوز بێت و ئامانجی سەرەکیشمان زیادکردنی ڕێژەی سەوزاییە تا بگاتە ئاستی ستاندارد

ئەویش بە هەوڵ و شەونخونی کارمەندە ماندوونەناسەکانە ئەگەر بودجەی زیاترمان بۆ دابین بکرێت ئەوا ژمارەی پارکەکان زۆر زیاتر دەکەین، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شاری هەولێر فراوان دەبێت و پێویستی بە پڕۆژەی پارک و باخچەی زیاتر هەیە، بۆیە هەوڵی زیادکردنی نەمامگەی زیاترماندا تا ئەندازەی پارکەکان گرنگی بەزیاد کردنی سەوزایی بدات تازەترین پڕۆژە، پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی پارکی گڵکەند کە ڕووبەرەکەی 30دۆنم دەبێت بۆ جارێکی دیکە توانیمان بەشێوازێکی مۆدێرن بکەین. بەداخەوە قەیرانی دارایی بواری پێ نەداین، بەڵام مایەی خۆشحاڵییە کەکارمەندانی ئەندازەی پارکەکان کاری زۆریان ئەنجام داوە.

**دوائر ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان دەربارەی ئاودانی دارو درەختی دوورگە ناوەندەکان بە تانکەر گوتی:** لەساڵی 2017وەک یەکێک لەپڕۆژەکان هەوڵمدا ئەو پڕۆژەیە پێشکەش بکەین تا ئاودان بە تانکەر بکرێت بەسیستەمی مڕەشات بۆ ئەوەی دارو درەخت و فریزو گوڵەکان بەسیستەمی فراوان بووەو ژمارەی گەڕەک و دانیشتوانەکەی زیاتر بووەو شوێنی پارک وباخچەی بۆ دەست نیشانکراوە لەبەر ئەو قەیرانە هیچی بۆ نەکراوە لەئایندە هەوڵ دەدەین پڕۆژەبۆ هاوواڵتیان ئەنجام بدەین وڕێژەی سەوزاییش زیاتر دەبێت و کەش و هەوایەکی تەندروست بە هاوواڵتیان دەگات و ئەوانیش سوودێکی زۆر لەو پارکانە وەردەگرن بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش هەرچەندەی پارک دروست بکەین بۆ ئەو شارە هێشتا هەر کەمە ئەوتا پارکی گڵکەندو پارکی دیکەمان کردۆتەوە



بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر



ستافێکی شارەزا سەرپەرشتی دوورگە ناوەندییەکان (جزر وسطیە) دەکات

## ئەمساڵ ئەندازەی پارکەکان توانیویەتی نزیکەی 100 هەزار نەمام لە هەولێر بچێنێت

**گوتی:** ئێمە بەپێی توانای خۆمان لەهەر گەڕەکێک پارچە زەوێک هەبووبێت هەوڵماندواوە دارو درەختی لێ بچێنین یاخود شوێنەکە هی باخچە بووبێت دارو درەختێکی زۆرمان لێ چاندووە و چەندین جار هەڵمەتی خاوێنکردنەوەی گۆڕەپانی سەوزاییماندواوە کە بۆتە پاشماوەی زبڵ و خاشاک و داواش لە هاوواڵتیان دەکەین، کە چیتر زبڵ و خاشاک فڕێ نەدەنە ناو گۆڕەپانەکانی سەوزایی، چونکە زیانی بۆ تەندروستی ئەوان هەیەو لەئایندە ئەو گۆڕەپانانە دارو درەختی لێ دەچێنرێت.

### پڕۆژەی ئایندەی پارک و باخچەکان

**پاشان دەربارەی پڕۆژەی ئایندەی ئەندازەی پارکەکان ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد گوتی:** لەچوارچێوەی نەخشەو پلانی ئایندەی ئەندازەی پارکەکاندا هەیە کە کۆمەڵێک پڕۆژەی پارک و باخچە لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار یاخود لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر پارەمان بۆ دابین بکرێت ئەوا دەتوانین لە چەندین شوێن کەپێویستی بە پارک و باخچە هەیە ئەنجامی بدەین لەدوای نەمانی قەیرانی دارایی هەوڵدەدەین پڕۆژەی زیاتر لە پێناو خزمەت گەیاندن بۆ هاوواڵتیان ئەنجام بدرێت و ڕێژەی سەوزایی لە پایتەخت زیاتر دەبێت چونکە شاری هەولێر زۆر تالەخزمەتی هاوواڵتیاندا بێت خزمەتکردنی ئەو پارکانە زۆر گرانەو پێویستی بە کرێکارو خزمەتگوزاری زیاتر هەیە.

**دوائر ئەندازیار عەبدولواحید ئەحمەد دەربارەی پارکی هەوار کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەولێر و سەر ڕێگەی هەولێر – بنەسلاوە گوتی:** ماوەیەکە ئەو پارکە دەستی پێکراوەو دارو درەختێکی زۆری لێ چاندراوەوو لەسەر ڕووبەری (60) دۆنم زەوی دروستکراوەو قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکەیەو ژمارەی کرێکاری کەمەو بە سێ شەفت 20کرێکار کاری تیا دەکەن ئەو ژمارە کرێکانە بۆ پارکێکی ئاوا گەورە چۆن کەم نییە وێڕای ئەوەش نەمانهێشتووە پارکەکە فەرامۆش بکرێت و بەردەوام دارو درەختەکان ئاو دەدرێن و چەندین جار هەڵمەتی خاوێنکردنەوەمان بۆ ئەنجام داوە کاری ئەو کرێکارانە زەحمەتەلەلایە ئاودان دەکەن و لەلایەکی دیکە دار دەچێنن و گژو گیای ناو پارکەکان هەڵدەکەنن مانای وایە کاری کرێکارەکان زیاترە و پێویستیمان بە کرێکاری زیاتر هەیەو ئەو ڕووبە زۆرەی سەوزایی چۆن بە ئاسانی خزمەت دەکرێت پێویستە هاوواڵتیانیش چاویان لە دارو درەختانە بێت و هەڵی نەکەنن لێرەوە سوپاسی ڕێکخراوی Giz دەکەین کە چەندین جار کرێکاری بۆ دابین کردووین و هاوکاری و هەماهەنگیمان لەگەڵیاندا هەیە لەگەڵ ڕێکخراوی (ڕیچ) ی بەریتانی ئەوانیش هاوکاریان کردووین.

**دوائر دەربارەی ژمارەی ئەو شوفێرانەی کە سەرپێچیان کردۆتە سەر دارو درەختی پارک و باخچەکان بەڕێوەبەری پارکەکان گوتی:** پار ساڵیش ژمارەیەک سەرپێچی تۆمار کراون بۆسەر دووڕگە ناوەندەکان و زیانیان بەدارو درەختەکان گەیاندووە بۆ ئەمساڵیش ژمارەیەک شوفێر سەرپێچیان کردۆتە سەرناوەندە شەقامەکان، دوائر هەر بۆ بەرژەوەندی گشتی وزیاتر خزمەتکردنی پارک و باخچەکان بۆ ئەوەی ئاودانی باشتری دووڕگە ناوەندەکان بکرێت هەوڵماندا بۆ لێدانی چوار بیری ئاو بوو، کە دوو بیرە ئاویان لەسەر ڕێگای سەرەکی کەسنەزان و لەو شوێنە کێشەی کەمی ئاومان هەبوو جگە لەوە بیرە ئاوێکی دیکەمان لەشەقامی شۆڕش و لە ناوەندە شەقامەکە لێداو شەقامێکی درێژووبیرە ئاوێکی دیکەمان لە شەقامی 100 مەتری نزیک فڕۆکەخانە لێدا بۆ ئاودانی زیاترو سوپاسی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر دەکەین کە ئەو بیرەئاوانەی لەگوزمەی ئەو لە20٪ی داهاتی سەرۆکایەتی شارەوانی بۆمان تەرخانکراو لەلایەن ئاوی هەولێر بیرەئاوەکان لێدرا، ئەوەش کێشەیەکی زۆری بۆ چارەسەرکردین.

**دەشڵێت:** لێرەدا سوپاسی وەزارەتی شارەوانی و شارەوانی هەولێرو پارێزگای هەولێر دەکەین کە تانکەری بۆ دابین کردووین بۆ ئاودانی ناوەندە شەقامەکان و دارو درەختەکان بۆ ئاودانیش ئاوی پاک وخاوێن بەکار ناهێنین، بەڵکو ئاوی کەندەکانی ئاوی قورس بۆ ئاودان و بەشێوەیەکی زانستیانە ئەو ئاوە لە فلتەر دەدرێت تا ئەو ئاوە بەکار بهێنرێت بۆ ئاودان و هەرگیز هەوڵمان نەداوە ئاوی پاک و خاوێن بەهەدەر بدەین، دابینکردنی ئاوی خاوێن تەنها بۆ هاوواڵتیانە.

### هەڵمەتێک بۆ چاندنی 50 هەزار گوڵی قەدیفە لە پایتەخت

**لەکۆتاییشدا بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکان گووتی:** بۆ زیاتر ڕازاندنەوەو جوانکردنی دووڕگەناوەندەکان توانیمان لەماوەی سێ ڕۆژ زیاتر لە 50هەزار گوڵی قەدیفە کە لەنەمامگەی نمونەیی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی پارکەکان بەرهەم هاتوون لە9شوێن بیانچێنین وەک شەقامی پزیشکان و فلکەی سافی و پێش تابلۆ مۆڵ و دووڕگە ناوەندی شەقامی ڕێگای کەرکوک و شەقامی 30مەتری و شەقامی 60مەتری و شەقامی زاگرۆس و بەردەمی سەرۆکایەتی شارەوانی و شەقامی شۆڕش دواتر گوتی: ئەندازەی پارکەکان ئەمساڵ توانیویەتی نزیکەی 100هەزار نەمام بچێنێت و لەداهاتووشدا هەڵمەتەکانی گوڵ چاندن بەردەوامی دەبێت.



بۆ ڕازاندنەوەی دووڕگەناوەندەکان لەماوەی سێ ڕۆژدا زیاتر لە 50 هەزار گوڵ چاندرا



# لە پەراوێزی جێبەجێکردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

## سێکتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان

**خەبات: تریفە ئازاد**

لە ئێستادا کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەستی بە جێبەجێ کردنی کارنامەی خۆی کردووە، بێگومان چاکسازی و خزمەتگوزای و پێشڤەبردنی ئاستی بژێوی ژیانی خەڵکی کوردستان و پێشخستنی سێکتەرە جیاجایا کانی جومگەکانی حکوومەت کاریی لەپێشنیە حکوومەتی کوردستان دەبێت. هەڵبەت هەماهەنگی نێوان حکوومەت و هاوولاتیان و فەرمانبەران و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتە ئەگەری سەرکەوتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە جێ بەجێ کردنی کارنامەی خۆی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکوومەت رێزدار مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەت رایگەیاند. بۆ ئەم مەبەستە رۆژنامەی خەبات لە پەراوێزی جێ بەجی کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدات لە تەوەرێکی ئاڵۆگۆڕی بیروڕادا، بیروبۆچوونی شارەزا و پسۆری سێکتەری جودا جوداکان وەرگرێت وەک هاوکاری و بەشداربوون لە جێبەجێ کردنی کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

**دەبێت بەردەوام بەرنامەو دەستپێشخەری سیاسیی هەبێت بۆ هێشتنەوەی پەیوەندییەکان دکتۆر کرمانج عوسمان، مامۆستای زانکۆ:** چاودێری سیاسی لەبارەی گرینگی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و گرینگی لە ئاستی ناوە دەرەوە لە لێدوانێکی هۆیەک ساردی تێکەوتوە و هەنگاوی دووەم پاراستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کە هاریکار و هاوبەش بوونە لە شەڕی دژی تیرۆر و گرنکی دان نەک تەنها بە وڵاتان بەڵکو بەو دامەزراوانەش کە هێندەی دەوڵەت گرنکن وەک رێکخراوە چین یان ژاپۆن گرنکە، و پێویستە لە سێکتەری دیبلۆماسی هەرێمی کوردستان خەڵکی بە توانست و شارەزا دابنرێت کە ببێتە هۆی بەرەو دان بە سێکتەری دیبلۆماسی. حکوومەتی کوردستان چۆن دەتوانێ یەکریزی ناوماڵی کوردستان تۆکمە بکات. حکومەت لە رێگای چاکسازی و بەرنگاربونەوەی گەندەڵی دەتوانێت گەورەترین خزمەت بە یەکریزی ماڵی کوردان بکات چونکە تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا و حزبە سیاسیەکان بریتیە لە گەندەڵی و پشت کردن لە هاوولاتی و خەڵک، جگە لەوەش دەبێت بەردەوام بەرنامە و دەست پێشخەری سیاسیی هەبێت بۆ هیشتنەوەی پەیوەندی نێوان حزبەکان و نەپچراندنی کەناڵەکانی گفتوگۆ چونکە لایەنی تێکدەر زۆرن، بۆیە دەبێت هەمیشە دیدار و چاوپێکەوتنی ڕاستەوخۆ هەبێت تاوەکو تەنها لە وێب ساید و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فەیسبووک قسە و ڕاگۆڕینەوە نەبێت بەڵکو دیداری ڕاستەوخۆ باشترین ئامرازە بۆ ئاشتەوایی و حکومەت دەتوانێت ببیتە چەتری هەموان حکومەت لەبەر ئەوەی دەسەڵات و بووجەی هەیە دەتوانێت زۆر لە بواری ئاشتی کۆمەلایەتی و سیاسی کار بکات، لەبەر ئەوەی مەترسیەکانی سەر هەرێمی کوردستان مەزنن و دوژمنکاری زۆرە بۆیە یەک ڕیزی ناوخۆ لە پێوست بۆتە زۆر پێویست.



دکتۆر کرمانج عوسمان

**ئەرکی حکومەتی داهاتووە لە پاراستنی ئەو پەیوەندییانەی کە دەبنەهۆی بەرەوپێشچوونی وڵات ڕێگر فەرهاد، مامۆستای زانکۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:** متمانە دروستکردنی نێودەوڵەتی لەسەر هەر حکومەتێک و دەوڵەتێک کارێکی سان نیە بەتایبەت بۆ حکومەتێک کە بەردەوام ناسەقامگیری سیاسی بەردەوام لە گۆڕاندایە و بەشێوەیک کاردانەوەی نەرێنی هەبێ لەسەر شێوەی خۆبەڕێوەبردن. بەتایبەت دوای ئەنجام دانی ریفراندۆمی گەلەکەمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی پڕۆسەی ناوچەکە و جیهان بە گشتی، ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە دەبنەهۆی بەرەوپێشچوونی وڵات و ڕەخساندنی دەرفەتی زێڕین بۆ هاوڵاتیان و بەرژەوەندی باڵا، ئەرکی حکومەتە بەردەوامەکانە پارێزگاری لێ بکات و بەردەوام بێت لە پاراستنی و گەشەپێدانی.



ڕێگر فەرهاد

**ئەرکی حکومەتی داهاتوو لە پاراستنی ئەو پەیوەندییانەی کە دەبنەهۆی بەرەوپێشچوونی وڵات**

**ڕێگر فەرهاد، مامۆستای زانکۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:** متمانە دروستکردنی نێودەوڵەتی لەسەر هەر حکومەتێک و دەوڵەتێک کارێکی سان نیە بەتایبەت بۆ حکومەتێک کە بەردەوام ناسەقامگیری سیاسی بەردەوام لە گۆڕاندایە و بەشێوەیک کاردانەوەی نەرێنی هەبێ لەسەر شێوەی خۆبەڕێوەبردن. بەتایبەت دوای ئەنجام دانی ریفراندۆمی گەلەکەمان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان و دەستپێکردنی پڕۆسەی ناوچەکە و جیهان بە گشتی، ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییانەی کە دەبنەهۆی بەرەوپێشچوونی وڵات و ڕەخساندنی دەرفەتی زێڕین بۆ هاوڵاتیان و بەرژەوەندی باڵا، ئەرکی حکومەتە بەردەوامەکانە پارێزگاری لێ بکات و بەردەوام بێت لە پاراستنی و گەشەپێدانی.

**هەروەها ڕێگر فەرهاد بۆ خەبات گوتی:** دارشتنی دروستکردنی پەیوەندی بۆ چووار ساڵی داهاتوو دەرفەتێکی باشە بۆ ئەوەی ڕێچکەیەکی نوێ پەیوەندی بەهێز هەبێ لە نێوانیان چونکە دەروازەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بۆ کوردستان کاریگەری هەیە لەسەر دروستکردنی پەیوەندیەکی تووند تۆڵتر لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتیش چونکە ئەوە چ لەڕابردوو وە چ لە داهاتووشدا ئەوەی بە ڕاشکاوی باس کراوە کەوا سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر عێراق یارمەتی دانیەتی لە دروستکردنی عێراقێکی یەکگرتووی بەهێز دواتر هەرێمی کوردستان بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هەماهەنگی نێوان هەولێر و بەغدا لە هەموو بوارەکان بە پێویست و بە قازانجی هەردوولایە وەک ئەوەی هەرێم زیاتر چاوی لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەل وڵاتانی دەورووبەر چونکە هەماهەنگی هەرێم و بەغدا ئاسانترەو مەسەرەفی کەمترە بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی. دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی دروستکردنی لەگەل وڵاتانی هەرێمی کارێکی ئاسان نیە بۆ بوونی حکومەتێکی بەبێ بوونی دەوڵەتێک لەبەر بوونی بەرژەوەندی جیاوازی وڵاتان هەرێمی لەگەڵ بەرژەوەندی هەرێم.

دروستکردنی ئەو پەیوەندیەش لە نێوان هەرێم و وڵاتانی ئیقلیمی تەنیا بواری بازرگانی و ئابووی بگرێتەوە وە لە بوارەکانی سیاسی و ئەمنی چونکە بواری سیاسی و ئەمنی دوو بواری گرنگ و هەستیارن دەبنە مەترسی زیاتر بۆسەر کوردستان و زەرەری زیاتر وەک لە قازانجی چونکە لەوانەیە دەستوەردانی نەرێنی لەلایەن وڵاتانی هەرێمی بێتەکایەوە لە رێگەی ئەم دوو بوارەو و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆیان کەواتە حکومەتی داهاتوو دەکرێت ئامانجی پەیوەندی خۆی لەگەل وولاتانی دەورووبەری لەسەر بواری بازرگانی و ئابووری گەورەتر بکات بەقازانجی کوردستان بشکێتەوەو سودی لێ وەربگرین. پاراستنی پەیوەندی کاریگەری نەرێنی خستەسەر حکومەت و دەرگای ئومێدی پەیوەندی نێودەوڵەتی سەری هەڵدا بەتایبەتی تر دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کوردستان بەتەواوەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی توشی سڕبوون ببوون. بەڵام بە سیاسەتی حەکیمانەی حکومڕانی هەرێمی کوردستان توانرا پەیوەندییەکان لە قۆناغی بەستەڵەکی بەستوو بتوێنرێتەوە و بەرەو پەیوەندیەکی گەرمی سوود لێوەرگرتن و ئەمەش چ لەسەر ئاستی پەیوەندی نێوان عێراق و کوردستان و پەیوەندی نێوان کوردستان و هەرێمی و پەیوەندی نێودەوڵەتیش بەجۆرێک توانرا بە گێڕانەوە و هاتنەوەی چەندین وەزیرو باڵیۆزو کونسلگەری بیانی و هێنانەوەی چەندین کۆمپانیای گەورەی وەبەرهێنان بۆ ناو کوردستان و دووبارە ئەو متمانە دۆستانەی کە لە ڕابردوو هەبووە. کەواتە لە ئێستادا بناغەی ئەو پەیوەندییە نێودەوڵەتییە سەرەتاییەکی باشی بۆداڕێژراوە کە بەشێوەیەک بتواندرێ لە قازانجی حکومەت و گەل نوێ کابینەی نوێش دووبارە گۆڕانکاری و بەهێزکردن لە ستافی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوو زیاتر گرنگی بە پەیوەندییەکانی بدات لە ئاستی ناوخۆە دەرەوە**

**ئامانج عەلی، مامۆستای زانکۆ لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی:** بارودۆخی ئێستا هە ڕێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەستیاردایە بارودۆخی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئاماژە دەدەن، کە گۆڕانکاری و ڕووداوی سیاسی گەورە بەڕێوە بێت بێگومان هەرێمی کوردستان پروشکی ئەم ئەو بارودۆخە بابەتیە دەیگرێتەوە، لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین چەندە سازو ئامادە بین و ڕیزەکانی خۆمان یەکگرتوو تۆکمە بکەین ئەوەندە دەتوانین ڕووبەرووی گۆڕنکارییەکان ببینەوە بە سەرکەوتووی و چەندین مەترسی هەیە پێویستە لایەنە سیاسیەکان درکی پێ بکەن و هەوڵی جدی بدەن بۆ بنڕکردنی ئاستەنگەکان و دەستپێکردنی گفتوگۆ دایلۆگی جددی کە ڕەهەندی نیشتمانی و ئاسایشی نەتەوەیی ستراتیژی سەرکیمان بێت لە پێناو ئەم پڕۆسیپانە سازش لە پێناو یەکتر بکەن و هەروەها دەکرێت لەم میانەیە ئاماژە بە گرینگی ڕۆڵی حکومەت بدەین کە دەتوانێت ڕۆڵی نیشتمانی خۆی ببینێت



ئامانج عەلی

حکومەت و وڵاتان ئەرکێکی قورسە لەکاری دبلۆماسی دروستکردنی پەیوەندی نێوان هەرێم و وڵاتانی نێودەوڵەتی بەتایبەتی وڵاتانی ئەندامی هەمیشەی نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپا دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان. لێرەدا ئەرکی حکومەت گرانترە لەجاران بە چاوپێخشاندنەوەو دروستکردنەوەی متمانەیە لەنێوان هەرێم و وڵاتان ئەویش بەدانانەوەی ستراتیژێکی نوێ کارکردن بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 20017، وەهەروەها پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دووبارەی ڕاکێشانەوەی کونسولخانەی نوێ وڵاتان و دروستکردنی لۆبییەکی کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتانی زلهێزو دەستڕۆیشتوو. ئەرکێکی بەوەی کە هەموو گەلەکەمان ئەم حکومەت بە هی خۆی بزانێت ڕۆڵی ناوبژیوان بگێرین بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان و هەروەها حکومەت لایەنی بەهێز کردنی ئاشتەوایەی کۆمەلایەتیەو ئەوەی پێویستە بکرێت لە حکومەتی هەرێم ببێتە چەتری کۆکەرەوەی هەموان بۆ بەهێزبوونی و یەکریزی گەلەکەمان بەهێز بوونی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناوە دەرەوی وڵاتەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوو زیاتر گرینگی بە پەیوەندییەکانی بدات جا چ لە ئاستی ناوەخۆ بێت یان دەرەوە، چونکە بەهێزبوونی پەیوەندییەکان دەبێتە ئەوەی زیاتر لە دەرەوە ئاشنابن بە هەرێمی کوردستان و پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتان بەرەو پێش بچێت.


وێنەی دووەم


وێنەی یەکەم

# سەرۆکی میژوویی کورد مەلا مستەفا بارزانی

## لە روانگەی دوو وێنەی ئەرشیفەکانمدا



**فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا بێتواتەیی**

سەرکردە مەزنەکان لە میژووی مرۆڤایەتی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر تێکڕای ڕووداوەکان هەیە بەتایبەت لە میژووی ئەو میللەتانەی کە لەژێر چەوسانەوەو مەینەتی و گوشاری هەمەچەشنەدا شۆڕشەکانیان بەرپاداکرد و تێکۆشان و دروشمی سەربەخۆیی و مافی چارەنوس تەنیا ئامانج بووە لە کاتی شۆڕشەکان و دوای شۆڕشەکان.

گەلی کورد وەک ئەزمونێکی شایستە لە میژووی هاوچەرخی ئێستای جیهانگەڕایی دەتوانێت خۆی بە بەرزترین ئاست لە نێو میللەتاندا نیشان بدات.

بێگومان پێنوسی نووسەر و میژوونووس و میدیاکاران و سیاسیەتمەدارەکان گشتیان چارەسەری بابەتەکەیان کردووە وە شیکردنەوەی جۆراوجۆریش دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، نمونەی ئەو جۆرە شیکردنەوانە: قسەکردن و گێڕانەوەی چیرۆکی وێنەیە وە گرنگترین لاپەڕە هەڵنەدراوەکانە کە دەبێتە جێگای سەرنج و لێکۆڵینەوە وە گرنگیەکە لەوەدایە کە ئەو وێنەیەی کە:

- بڵاونەکرابێتەوە.
- بابەت و کەسایەتی وێنەکان وەک کاریزما لە کۆمەڵگادا بەرچاون.
- بە دۆکیمێنت کردنی ئەو وێنەیە و ئیعتمادکرنی وەک بابەت و باس و لێکۆڵینەوە.

بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوە دوو وێنە نمایش دەکەین و دەخەینە بەر دەستی خوێنەر و میژوونوسانی کورد و کوردستان لەگەڵ کورتە باسێک لەسەر ڕووداوی یان چیرۆکی وێنەکە.

**وێنەی یەکەم:**

گرنگی ئەو وێنەیە لە چەندین ڕوانگەو خوێندنەوەی سیاسی و ئایینی و دیبلۆماسیدا وەدەردەکەوێت.

بە مەبەستی تیشک خستنە سەر ڕوودای وێنەکە بە گرنگ دەزانین لەیەکەم شیکردنەوەدا کەسایەتیەکانی وێنەکە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە.

لەکۆتاییەکانی ساڵی 1970 زانایەکی بەناوبانگی زانکۆی ئەزهەر بە ڕەگەز کورد سەردانی هەولێر دەکات و لەگەڵ کەسایەتی سیاسی و ئایینی کوردستان کۆدەبێتەوە. مامۆستا و دکتۆر عومەر وەجدی کە شێخی ڕەواقی کورد لە زانکۆی ئەزهەر (دووەم کەس لە لای ڕاست) لە کاتی سەردانی هەولێر لەو ساڵەدا لەگەڵ قازی ڕەشاد کە کەسایەتی ناوداری هەولێرە داوای لێدەکات کە لەگەڵ جەنابی بارزانی کۆببێتەوە، قازی ڕەشاد لەلایەن خۆیەوە پەیامەکە دەگەیەنێتە مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵا بێتواتەیی کە یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان بوو و لەهەمان کاتدا پەیوەندیەکی تایبەتی هەبوو لەگەڵ جەنابی بارزانی و جەنابی بارزانیش ڕێزو تەقدیری زۆری بەرامبەریان هەبووە، هەر وەک مامۆستای خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا محمد مەلا قادر لە کتێبەکەیدا بە ناوی (سەربوردی نەمران) ئاماژەی پێدەکات.

مامۆستا مەلا عەلی ئەو دانیشتنە گرنگەی نێوان جەنابی بارزانی و مامۆستا و دکتۆر شێخ عومەر وەجدی لە دیلمان ڕێکەوتخات، لە میانەی ئەو دانیشتنەدا هەروەک لە کتێبی (حوجرەنامە / لە ساڵی 2018 چاپ کراوە) ئاماژەمان پێکردووە مامۆستا گێوی موکریانی کە یەکەم کەس لای ڕاست ئامادەی ئەو دانیشتنە دەبێت، لە میانەی ئەو دانیشتنەدا جەنابی بارزانی باسی دەستکەوتە میژوویەکانی شۆڕشی کورد دەکات و ڕۆڵی مامۆستای ئایینی لەسەر کۆمەڵگەدا بە گرنگ و میژوویی دەنرخێنێت.

ئەو وێنەیە دووپاتی ئەو ڕاستیە دەکات کە جەنابی مەلا مستەفا بارزانی چەند کاریگەری و بەناوبانگی لە نێو ناوەندە سیاسی و نەتەوایەتی میسریەکان هەبوو و وڵاتی میسریش گەورەترین ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.

ئەو سەردانە و قەبوڵکردنی جەنابی بارزانی بە پێشوازی کردنی ئەو کەسایەتیە ئەو ڕاستیانەی خوارەوە دەسەلمێنێت:

- گواستنەوەی کەیس و گرفت و کێشەی سیاسی میللەتی کورد بۆ دەرەوەی سنووردکانی کوردستان و جێبەجێکردنی دامەزراندنی بنەمایەکی بەهێز لە پەیوەندیەکانی دیبلۆماسی و کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا گەیاندنی پەیامی شۆڕش بۆ گشت ناوەندێکی ئایینی و ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و کۆمەڵگای ڕۆژئاوا.
- بە دامەزراوکردنی دامودەزگاکانی شۆڕشی کورد وەک بنەمایەکی تەندروست بۆ ڕێکخستنەوەی گشت سەکتەر و بواڕە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی، لە گرنگترین هەنگاودا وەک لە وێنەی دووەمدا وەدەردەکەوێت.

مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا هەروەک لە کتێبی حوجرەنامەدا چاپی دووەم ئاماژەمان پێداوە، لە یاداشتەکانی خۆیدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی زۆڕ بە گرنگ و گەورە و پڕ لە مانا و واتا وەسف دەکات لە میانەی دانیشتنەکە لەگەڵ جەنابی بارزانی و دەڵێت: سەرکردەیەکی چەند مەزن و لێزاهاتوو و خاوەن کەسایەتی و حیکمەت و فیکر فراوان بووە کە هەرگیز میللەتی کورد سەرکردەیەکی هاوشێوە بەخۆیەوە نابینێتەوە.

**وێنەی دووەم:**

**کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان لە ساڵی 1970**

ئەو وێنەیە لە چەندین ڕوانگەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، وێنەکە لە کاتی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی کوردستان لە ساڵی 1970وەرگیراوە.

مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا لەنێوان خوالێخۆشبوو جەنابی سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی و سیاسەتمەداری کورد کاک مەحمود عوسمان و لەلای ڕاست ڕێزدار سەرۆک کاک مسعود بارزانی- لە پشتەوە کاک فرنسو حەریری و لە ناوەڕاست کاک انور ڕئیس.

ئەو وێنەیە چیرۆکی ساڵانی شکۆمەندی و سەرفیرازی و کەسایەتیە میژوویەکانی کوردستان دەگێڕنەوە لە دوو سەردانی گرنگدا.

**سەردانی یەکەم:**

بەڕێز کاک موحسین دزەیی وەک کەسایەتیەکی شۆڕشگێر و سیاسەتمەدار لە میژووی نوێی شۆڕشی کورد بۆ پرسیارکردن لە چیرۆکی ئەو وینەیە کە بەڕێزیان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە ئەو وینەیە چیرۆکێکی بایەخداری هەیە، لەبەر ئەوەی باس لە ویستی خودی بارزانی بۆ بەدامەزراوەییکردنی گشت چالاکییەکانی شۆڕش کە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازار ماوەیەک بوو واژوو کرابوو، واتە چیرۆکەکە باس لە دەوڵەتی مەدەنی و شەفافیەت و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات کە ئێستا لە جیهانی عەولەمەدا وەک ئەولەویات باسی لیوە دەکرێت.


**سەردانی دووەم:**

کەسایەتی گرنگی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان بەڕێز مەود عوسمان و لەسەر زاری خۆی چیرۆکی ئەو وێنەیەم بیست کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گرنگ بوو بۆ ڕووداوەکانی ئەو کاتی شۆڕش و میژووی کوردستان کە بایەخی میژوویی بۆ نەوەی ئێستا و دواڕۆژ هەیە، و بەڕێزیان پێی ڕاگەیاندم کە سەرۆک مستەفا بارزانی ڕێزی تایبەتی و تەقدیری لە مامۆستا مەلا عەلی دەگرد ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بە کاریگەر و گرنگ دەزانی.

لەو کۆنگرەیەدا کاریگەرترین چینی کۆمەڵگای کوردی کە مامۆستایی ئایینین هەڵبژاردن دەکەن و دەستەی یەکێتی زانایان و سەرۆکی دەستە بەهەڵبژاردنێکی مۆدێرنانانە دادەمەزرێنن ئەو هەنگاوەش یەکێک بووە لە هەنگاوەکانی بە دامەزراوە کردنی کۆمەڵگای مەدنی هەژمار دەکرێت.

ووردەکاری دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان لە کتێبی حوجرەنامە باسمان لێوە کردووە، ئەو خاڵەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازار واژوو کرابوو بەڵام حکومەتی عیراقی گشت هەوڵێکی بە دامەزراوەکردنی دامودەزگانانی بە ناو (ئۆتۆنۆمی) ڕەت دەکردەوە و لەسەر ئاستی بەرز هەوڵەکان لەبار دەبران بەڵام ئیرادەی جەنابی بارزانی و حیکمەتی سیاسی خۆیان گشت هەنگاوێکی لەو جۆرە بە سەرکەوتووی کۆتایی دەهات وەک شاخیکی پۆڵایینی بەرامبەر نیزامی شۆفینی بەعسی ڕادەوستا و شکۆمەندی کوردستانی زۆر بە توانا و بەهێز دەپاراست.

# دیرۆکا سەربلندیێ.. شانازیێ ب جەنابێ سەرۆک بارزانی دکەتن



سەباح بەیتوللا *

- سەروک مسعود بارزانی ل ساڵا 1946ێ ل بن سێبەرا ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ هاتیە سەر دونیایێ و دبێژیت ئەز ئاماەمە ل بن سێبەرا وی ئالایی ژی بمرم.
- ل ساڵا 1947ێ و دوور ل بارزانییێ نەمر کۆ (11) ساڵا ماڤە ل سوڤیەتا بەرێ فێری وانەیێت بەرخودان و دلسۆزیی و فیداکاریێ بووی.
- دوان سالادا خورا گربووی، پڕ هیڤی بووی و چاڤەرێ ئەلندەکا گەش بووی.
- ل ساڵا 1962 بۆ بەرەڤانیکرن ل ئاخ و میللەتی تەسلیم ب ئیرادەیا دوژمن و داگیرکەرێن کوردستانێ نەبوون.
- هوین هەلگرێت چریسکا شۆرشا (26ێ گولانا 1976)ێ یا پێشکەفتنخوازن دگەل شەهیدێ هەردەم ساخ ئیدریسێ نەمر و هەڤالێن دیتر و جارەکا دی هێڤی و ئومێد هاتنەڤ زڤراندن و گرنژین کەفتە سەر لێڤێت شورشگێرو قەهرەمان و دلسوزو و کەسوکارێت شەهیدێن سەربلند.
- هوین ئەندازیارێن پێکڤە ژیانێ و تەبایی و برایەتی و وەکهەڤیێ بوون.
- هەوە سەرپەرشتیا داستانێن مەزنێن شورشا گولانێ کرن و پشتی دوژمنی هاتە شکاندن و پیلانێن قرکرنا گەلێ کوردستانێ هاتنە بن ئاخ کرن.
- هوین بێن هێژا و ئیدریسێ نەمر بناغێ بەرەیێ کوردستانی دانا و ڕەشمالا کوردی ڕێکخستەڤە کو هەر ئەڤ بەرەیێ کوردستانی بوو بۆ هێڤێنێ سەرهلدانا جەماوەرێ کوردستانێ ل بهارا سالا 1991ێ.
- خۆراگربوون بەرامبەر لێهمشتێت کریارێن بەدناڤێن ئەنفالا و کێمیاباراننێ و جینوسایدکرنێ و قەت و قەت تەسلیم ب ئیرادەیا دوژمن و داگیرکەران نەبوون، چونکی هەوە باوەری ب دۆزا ڕەوایا مللەتێ کورد و گەلەکا مەزن هەبوو.
- ڕژدتربوون ل سەر خەبات و فیداکاریێ و خوگوریکرنێ ژ بوونا سەرفیرازیێ و سەربەستیێ.
- سەرکێشیا سەرهلدانا جەماوەرەی یا بەهارا سالا 1991ێ هەوە کر و کوچک و دیوانخانێت زوڵم و زوردارییێ هاتنە هەرفاندن و ژ ناڤ چوون.
- بەرەڤ هەلبژارتنا و داخازیا جەنابی بارزانی بە پێشوازی کردنی ئەو کەسایەتیە ئەو ڕاستیانەی خوارەوە دەسەلمێنێت:
- گواستنەوەی کەیس و گرفت و کێشەی سیاسی میللەتی کورد بۆ دەرەوەی سنووردکانی کوردستان و جێبەجێکردنی دامەزراندنی بنەمایەکی بەهێز لە پەیوەندیەکانی دیبلۆماسی و کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتدا گەیاندنی پەیامی شۆڕش بۆ گشت ناوەندێکی ئایینی و ئەکادیمی و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامی و عەرەبی و کۆمەڵگای ڕۆژئاوا.
- بە دامەزراوکردنی دامودەزگاکانی شۆڕشی کورد وەک بنەمایەکی تەندروست بۆ ڕێکخستنەوەی گشت سەکتەر و بواڕە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردی، لە گرنگترین هەنگاودا وەک لە وێنەی دووەمدا وەدەردەکەوێت.

مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا هەروەک لە کتێبی حوجرەنامەدا چاپی دووەم ئاماژەمان پێداوە، لە یاداشتەکانی خۆیدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی زۆڕ بە گرنگ و گەورە و پڕ لە مانا و واتا وەسف دەکات لە میانەی دانیشتنەکە لەگەڵ جەنابی بارزانی و دەڵێت: سەرکردەیەکی چەند مەزن و لێزاهاتوو و خاوەن کەسایەتی و حیکمەت و فیکر فراوان بووە کە هەرگیز میللەتی کورد سەرکردەیەکی هاوشێوە بەخۆیەوە نابینێتەوە.

**وێنەی دووەم:**

**کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان لە ساڵی 1970**

ئەو وێنەیە لە چەندین ڕوانگەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، وێنەکە لە کاتی یەکەم کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتی مامۆستایانی ئایینی کوردستان لە ساڵی 1970وەرگیراوە.

مامۆستا مەلا عەلی مەلا عەبدوڵلا لەنێوان خوالێخۆشبوو جەنابی سەرۆک مەلا مستەفای بارزانی و سیاسەتمەداری کورد کاک مەحمود عوسمان و لەلای ڕاست ڕێزدار سەرۆک کاک مسعود بارزانی- لە پشتەوە کاک فرنسو حەریری و لە ناوەڕاست کاک انور ڕئیس.

ئەو وێنەیە چیرۆکی ساڵانی شکۆمەندی و سەرفیرازی و کەسایەتیە میژوویەکانی کوردستان دەگێڕنەوە لە دوو سەردانی گرنگدا.

**سەردانی یەکەم:**

بەڕێز کاک موحسین دزەیی وەک کەسایەتیەکی شۆڕشگێر و سیاسەتمەدار لە میژووی نوێی شۆڕشی کورد بۆ پرسیارکردن لە چیرۆکی ئەو وینەیە کە بەڕێزیان دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە ئەو وینەیە چیرۆکێکی بایەخداری هەیە، لەبەر ئەوەی باس لە ویستی خودی بارزانی بۆ بەدامەزراوەییکردنی گشت چالاکییەکانی شۆڕش کە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازار واژوو کرابوو، واتە چیرۆکەکە باس لە دەوڵەتی مەدەنی و شەفافیەت و پرۆسەی هەڵبژاردن دەکات کە ئێستا لە جیهانی عەولەمەدا وەک ئەولەویات باسی لیوە دەکرێت.

**سەردانی دووەم:**

کەسایەتی گرنگی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردستان بەڕێز مەود عوسمان و لەسەر زاری خۆی چیرۆکی ئەو وێنەیەم بیست کە ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گرنگ بوو بۆ ڕووداوەکانی ئەو کاتی شۆڕش و میژووی کوردستان کە بایەخی میژوویی بۆ نەوەی ئێستا و دواڕۆژ هەیە، و بەڕێزیان پێی ڕاگەیاندم کە سەرۆک مستەفا بارزانی ڕێزی تایبەتی و تەقدیری لە مامۆستا مەلا عەلی دەگرد ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی هەڵبژاردن دەکەن و دەستەی یەکێتی زانایان و سەرۆکی دەستە بەهەڵبژاردنێکی مۆدێرنانانە دادەمەزرێنن ئەو هەنگاوەش یەکێک بووە لە هەنگاوەکانی بە دامەزراوە کردنی کۆمەڵگای مەدنی هەژمار دەکرێت.

ووردەکاری دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان لە کتێبی حوجرەنامە باسمان لێوە کردووە، ئەو خاڵەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە هەرچەندە ڕێککەوتنامەی یانزەی ئازار واژوو کرابوو بەڵام حکومەتی عیراقی گشت هەوڵێکی بە دامەزراوەکردنی دامودەزگانانی بە ناو (ئۆتۆنۆمی) ڕەت دەکردەوە و لەسەر ئاستی بەرز هەوڵەکان لەبار دەبران بەڵام ئیرادەی جەنابی بارزانی و حیکمەتی سیاسی خۆیان گشت هەنگاوێکی لەو جۆرە بە سەرکەوتووی کۆتایی دەهات وەک شاخیکی پۆڵایینی بەرامبەر نیزامی شۆفینی بەعسی ڕادەوستا و شکۆمەندی کوردستانی زۆر بە توانا و بەهێز دەپاراست.

- سیاسەتا حەکیمانەیە دونیا ل گولانا پێشکەفتنخواز وەکو پێشمەرگە د سەنگەر و چەپەرادا بووی و بۆ بەرسینەگرتنا ڕێکخراوا تیروریستێن داعش دیسان هەر د چەپەراندا بووی.
- بەلێ سەرۆک تۆ بۆی تە کوردستان بری یە سەر مەحافلێت نێڤ دەولەتی و جیهانی.
- بەلێ سەرۆک تۆ بوی کو دونیا شانازیێ ب کورد و کوردستانێ بکەت.
- بەلێ سەرۆک تۆ بوی تە هەمی دەرگەهێن وەلاتان لێدان و ئەزمونا کوردستانێ بەرەڤ پێشڤە ببەیی.
- بەلێ سیاسەتا حەکیمانەیا تە بوو پتر ل (35) وەلات کونسولییێن خوە ل پایتەختێ کوردستانێ ڤەبکەن.
- دیپلوماسیا مەزنا تەبوو پشتەڤان و هاریکار بۆ گەلێ کورد پەیدا کرن.
- هەلویستێ تە یێ نەتەوی و نیشتیمانی و مروڤایەتی بوو کو دونیا دهەوارا گەلێ کورد هاتن و کوردستان هاتە پێداگیریا هەوە بوو.

ڕێکخستەڤە کو هەر ئەڤ بەرەیێ کوردستانی بوو بۆ هێڤێنێ سەرهلدانا جەماوەرێ کوردستانێ ل بهارا سالا 1991ێ.

- خۆراگربوون بەرامبەر لێهمشتێت کریارێن بەدناڤێن ئەنفالا و کێمیاباراننێ و جینوسایدکرنێ و قەت و قەت تەسلیم ب ئیرادەیا دوژمن و داگیرکەران نەبوون، چونکی هەوە باوەری ب دۆزا ڕەوایا مللەتێ کورد و گەلەکا مەزن هەبوو.
- ڕژدتربوون ل سەر خەبات و فیداکاریێ و خوگوریکرنێ ژ بوونا سەرفیرازیێ و سەربەستیێ.
- سەرکێشیا سەرهلدانا جەماوەرەی یا بەهارا سالا 1991ێ هەوە کر و کوچک و دیوانخانێت زوڵم و زوردارییێ هاتنە هەرفاندن و ژ ناڤ چوون.
- بەرەڤ هەلبژارتنا و داخازیا

هەوە بوو ل باژێرێ کوییێ ل سالا 1991ێ کو ل شەریعەتا شورشگێری ڤە بچین بەرەڤ شەریعەتا یاسایی و دەستووری، لەوما ئەڤرۆ بوینە خودان سەروکایەتیا هەرێما کوردستانێ و پەرلەمان و حکومەتا هەرێما کوردستانێ.

- فیدرالیەت گازیا هەوە بوو و بێگومان گازیەکا ب جورئەت و وێرانە بوو.
- بلندکرنا ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ لسەر تاسەری کوردستانێ و ئەو ئالایێ کو ب سەدان ساڵە خەبات ژبۆی هاتیە کرن و ب هزاران شەهید لێپناڤ دایی بریارا هەوە بوو.
- بەرسینەگرتنا هەمی پیلانێن دوژمن و داگیرکەرێن کوردستانێ و بن گۆڕکرنا وان پیلانا ب سەرکێشیا هەوە بوو.
- داکوکی کرن ل مافێن مللەتێ کورد و پێکهاتەیان د دەستووریێ عیراقا فیدرال پاراستن.
- سیاسەتا حەکیمانەیە دونیا ل بڤی ڕەنگی پێشوازی ل جەنابێ تە و گەلێ کورد دکەتن.
- ڕاشکاوی و ڕاستگویی و سیاسەت و دیبلوماسیەت و بهێزنفرەهی و بەرخودان هەلویستێت تەنە کوردستان بەرەڤ ئەلندا دویماهییێ و دەولەت و سەرخوەبوونێ ڤە دبەت.
- لسەر داخازیا جەنابێ تە بوو پێشمەرگە بچینە کوبانێ و هەڤپەیمانا هاریکاری بۆ کر و کوبانێ ل داگیرکرنێ رزگار کر.
- ب جەنابێ تە دسەرفیرازین، ب سەروکایەتیا تە د پشت ڕاستین کو کوردو کوردستانی دەدستەکێ ئەمین دایە و چ جاران تۆ و کوردو کوردستانی ژێک ناهێنە جوداکرن و بەرەڤ دەولەتبوونێ ئەم هەمی دگەل تەینە و ئەم هەمی ژی دگەل تە پێشمەرگەینە، چونکی تۆ پێشمەرگەی سەروک بارزانی.

میژوویا سەربلندیێ ڕێبەر و سەرکردا خویا دکەت و د هەلبژێریت و ئەم باش دزانین تە کورسی نەڤێت، تە رزگاریا کوردو کوردستانێ دڤێتن، تە سەربلندیا گەلێ کورد و کوردستانیان دڤێتن.

بەلێ کورد و کوردستانیان بۆ مانا خۆ، بۆ پاراستنا خۆ بۆ گەهشتن ب ئەلندا سەرفیرازیێ تۆ دڤێی سەروک مەسعود بارزانی، تۆ ئۆمێدا مللەتێ کوردی و سەمام ئەمانی بۆ پاراستنا کوردستانێ... نەک ب تنێ گەلێ کورد بەلکۆ هەمی ئازادیخواز و ڕزگاریخواز و ئاشتیخوازان شانازیێ ب تە دکەن و جەنابێ تە ئەڤرۆ مەرجەعێ نەتەوا کوردە، لەورا ئەڤرۆ دبینین پارتی حزبا ژمارا ئیکە لسەر ئاستێ عیراق و کوردستانێ و مللەتی باوەرییەکا موکم پێ هەیە کو ئەلندا ئاڤاکرنێ و دەولەتبوونا کوردستانێ دێ ل سەر دەستێ هەوییێن هێژا و قەدر گران هەلیێت و گەلێ کوردستانێ دێ گەهیتە هەمی مافێن خوە یێن ڕەوا.

هەمی پێکڤە دبێژین ئەم:

*کوردین ئەم پارتینە...*
*پێشمەرگەهێت بارزانینە...*

* بەردەوامی لاپەڕە 9 ژمارە 7

وون بوون

پێناسێکی شەهیدی سەنگەر، دەرچووی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی هەولێر، بە ژمارە ١١٦٤ هـ، بەناوی شەهید ( صابر فتح الله امین دەرویش) ،وارسەکەی ناوی (درەخشان صابر فتح الله ) وون بووە.

* * *

وون بوون

کارتێکی نیشتیانی کەنفوزی شارەدێی رزگاری سەر بە شارۆچکەی کەلارە، لەسنوری شارۆچکەی کەلار بەناوی (کامەران سەعید حەمید ) وون بووە.

* * *

وون بوون

هەواڵدەر(صابر عمر کریم) پێناسی باری کەسی/ ناحیەی شوان و رەگەزنامەی عێراقی/ کەرکوك، کوڕە ناکامەکەی بەناوی (محمد صابر عمر)وون بوە، هەر کەسێك دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی (٠٧٥٠٨٩٤٤٧٣٢)

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بە جێکردنی بەردەرەش

العدد /٧١٣/٧١٢ /ت.د/٢٠١٩

التاریخ : ٢٠١٩/٨/٢١

قررت مدیریة تنفیذ بردرش , بیع العقارات المرقمات کل من (٢/١) مقاطعة(٦٠) بردرش صغیر و (١٥٥١/١) مقاطعة (٦٠) بردرش صغیر( ٤/١ ) مقاطعة (٦١) افخردة (١٠٢٠/١)مقاطعة (٦٠) بردرش صغیر , بخصوص حصة ورثة المتوفي (حسیب معروف رشید ) للمدینین کل من (عمر و صبحي) و التي تم حجزها لقاء دین الدائن (جاسم محمد عبدالله ) فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المدیریة خلال (١٥) خمسة عشرة یوما تبدا من الیوم التالي للنشر بموجب المادة (١٠٠) من قانون التنفیذ . مستحبا معه التامینات القانتنیة البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القیمة المقدرة و ان رسم التسجیل و الدلالیة على المشتري .

المواصفات :ـ

١ـ موقعهم و رقمهم : قضاء بردرش /رقم (٢/١) مقاطعة (٦٠) بردرش صغیر

قضاء بردرش /رقم (٤/١)مقاطعة (٦١) افخردة

قضاء بردرش /رقم (١٥٥١/١)مقاطعة (٦٠) بردرش صغیر

القیمة المقدرة : (٢,١٧٨,٠٠٠) ملیونان و مائة و ثمانیة و سبعون الف دینار ,للدونم واحد.

٢ـ موقعه و رقمه : قضاء بردرش /رقم (١٠٢٠/١) مقاطعة (٦٠) بردرش صغیر. القیمة المقدرة : (٤,٨٤٠,٠٠٠) اربعة ملیون و ثمانمائة و اربعون الف دینار ,للدونم واحد.

المنفذ العدل/ عنتر فرهاد محمد

* * *

مدیریة تنفیذ ئاكرى

العدد / ١٥١٣/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ١٥١٣/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع العقار المرقم ٨/٣ مقاطعة ١٠٠ سـاقوك في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١٥١٣/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى سـاقوك المساحة (٣٨) دونم (١١)اولك (٢٥م٢) من حصة المدین الجنس زراعیة مطریة القیمة المقدرة (٣٥٠٠٠٠٠٠) خمسة وثلاثون ملیون دینار عیراقی

المنفذ العدل / ناطق نافع صدیق

* * *

مدیریة تنفیذ ئاكرى

العدد / ١٥١٢/ت.د/٢٠١٩

اعلان

بناءا على القرار الصادر من هذه المدیریة في الاضبارة التنفیذیة المرقمة ١٥١٢/ت.د/٢٠١٩ المتضمن بیع العقار المرقم ٨/٣ مقاطعة ١٠٠ سـاقوك في حصة المدین المبین اوصافه ادناه تعلن هذه المدیریة عن بیعه بالمزایدة العلنیة فعلى الراغبین بالشراء مراجعة هذه المدیریة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یكن شریكا في العقار المذكور او دائنا في الاضبارة التنفیذیة اعلاه وستجري المزایدة في الساعة الثانیة عشرة (١٢:٠٠) ظهرا من الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل على المشتري

الاوصاف : رقم الاضبارة ١٥١٢/ت.د/٢٠١٩ الموقع ئاكرى سـاقوك المساحة (٣٨) دونم (١١)اولك (٢٥م٢) من حصة المدین الجنس زراعیة مطریة القیمة المقدرة (٣٥٠٠٠٠٠٠) خمسة وثلاثون ملیون دینار عیراقی

المنفذ العدل / ناطق نافع صدیق

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٦

ژمارە/ ٣٢٦٢/ب٢٠١٨/٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (دلمان عبدالخالق عزالدین)

داواکار (احمد ابراهیم خلف) داوای ژمارە (٣٢٦٢/ب٢٠١٨/٧)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر (دلمان عبدالخالق عزالدین) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنی نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (مەلایان) لە ٢٠١٩/٥/٢٩ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٨/٢٨) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم / حسین علی محمد

* * *

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان

من (پارێزەر / ئاوات عبداللە سعید) کە بەپێی کۆنووسی کۆبونەوەی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای دانا حسین حسن بۆ بازرگانی بۆن و بازرگانی گشتی/ پرۆژەی تاکەکەس) کە لە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/١٧ دا بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکار

پارێزەر / ئاوات عبداللە سعید

٠٧٥٠١١١٨١١١

* * *

ئاگاداری

بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان

من (پارێزەر / ئاوات عبداللە سعید) کە بەپێی کۆنووسی کۆبونەوەی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای فانسی بیوتی – Fancy Beauty – بۆ بازرگانی گشتی و هاوردەکردنی پێداویستی جوانکاری / سنوردار) کە لە ڕوژی ٢٠١٩/٨/١٧ دا بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا . ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .

پاکتاوکار

پارێزەر / ئاوات عبداللە سعید

٠٧٥٠١١١٨١١١

* * *

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی ڕاپەرین بەشی بەدواداچوون

ژمارە : ١٣١- ت - ٢٠١٩

ڕێکەوت : ٢٠١٩ /٨/ ٨

ئاگاداری

بۆ/ سۆلاڤ مصطفی عبدالقادر

ئاگاداربوون

داوات لێ دەکەین کە لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاوبونەوەی ئەو ئاگاداریە لە ڕۆژنامە لە بەرێوەبەرایەتیەکەمان ئامادەبی بۆ دانەوەی بڕی (٤٦,٤٣٠,٤٠٠) چل و شەش ملیۆن و چوار سەدو سی هەزارو چوار سەد دینار وەکو قەرز بۆ داواکاری جێ بەجێ کردن (ارسڵان احمد ابراهیم ) بە پێی بڕیاری دادگای بەرایی ڕانیە ژمارە (٧٢- ب - ٢٠١٨) کە لە (٢٠١٩/٧/٨) دەرچووە بەپێچەوانەوە بڕیاری ناوبراو بە زۆر جێ بەجێ دەکەین .

جێ بەجێ کاری داد/ نازدار مام رسول امین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٤

ژمارە/ ١٤٣٦/ب٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو کمال عبدالله حسن

داواکار (ب.ر.ك. داون تاون) داوای ژمارە/ ١٤٣٦/ ب٢٠١٩/٤ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان بە پابەندکردن بە دانی کرێی ساڵەکانی (٢٠١٨،٢٠١٧،٢٠١٦،٢٠١٥،٢٠١٤،٢٠١٣،٢٠١٢،٢٠١١ ،٢٠١٠)، و کرێی مانگەکانی (١ و ٢ و ٣ و ٤)ی ٢٠١٩ کە دەکاتە ١٢٠٩٦ دۆلاری ئەمریکی، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/گەرەکی مامۆستایانی دوو لە ٢٠١٩/٦/٣ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/٢ کات ٩ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ محمد بهاءالدین

***

دادگای بەرایی هەولێر/٣

ژمارە/ ٦٢/ب٢٠١٧/٢

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٠

جاردان

بۆ داوالێکراو بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای Casco petroluem middle east LTD بەریتانی سەرەرای کارەکەی.

داواکار بەرێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای ئامادەباش بۆ پاسەوانی/سنووردار سەرەرای کارەکەی داوای ژمارە ٦٢/ب٢٠١٧/٢ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان وتیایدا داوادەکات بە دانی بڕی پارەی ٥٧٦,٤٦٣ پێنج سەدو حەفتاو شەش هەزارو چوار سەد و شەست و سێ دۆلاری ئەمریکی وەك کۆی کاری پاسەوانی هەشت مانگ و یانزە ڕۆژ وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نادیارە بەپێی اشعاری پارێزگاری هەولێر/موختاری گوندی ئەمریکی لە ٢٠١٩/٨/١ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنتان لە ڕێگە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی خۆتان یاخود بریکاری یاساییتان لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/٢٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقتان بەپێی یاسا.

دادوەر/ قباد شیرزاد نوری

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر/١

ژمارە:٥٦٩٨/ش٢٠١٨/١

ڕێکەوت:٢٠١٩/٦/١٨

جاردان

بۆ داوالێکراو (فائزە علی مولود) شوێنی دانیشتنت نادیارە

دادگا لە داوای ژمارە (٥٦٩٨/ش٢٠١٨/١) وە لەبەرواری (٢٠١٩/٦/١٨) بڕیاریدا بە (تصدیق الطلاق) بۆ هاوسەرەکەت (فرهاد عثمان مولود) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی (شادی) لە شاری هەولێر بۆیە دادگا بڕیاری بە پێراگەیاندنت لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچووەنەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی ئەم جاردانە, بە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت.

دادوەر/ دیار محمد علی

* * *

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە:٤٣/ت/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٨/٢٠

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٣٨٩٨٥٥/هەلێر) جۆری (فۆرد اکسبلور استیشن) مۆدیل (٢٠١٠) رەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (شکر عثمان محمد) لە ڕۆژی (٢٠١٩/٩/٤) کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ جا هەر کەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاری کراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت,ە ئۆتۆمبێلەکە خەملاندراوە بەنرخی: (١٣,٥٠٠,٠٠٠) سێزدە ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار).

دادوەری یەکەم / دیار محمد علی

* * *

دادگای کەتنی خەبات

ژمارە/ ١٠١/ك/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٦

بۆ تەمەتباری هەڵاتوو/ سنار خان اودل جوهر

ئاگادارکردنەوە

لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بە پشت بەستن بەمادەی ٤٥٦ دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوەخۆیی ڕۆژانە بۆیە پێویستە لەسەرت ئامادەبیت لە ڕۆژی دادگایی کردنت لە ٢٠١٩/٩/٢٩ کاتژمێر ٩ نۆی سەر لەبەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٥٦ لەیاسای سزادانی عیراقی لە داوای ژمارە ١٠١/ك/٢٠١٩ بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت.

دادوەر/ سمکۆ ڕۆستم سمین

* * *

دادگای بەرایی هەولێر/٥

ژمارە/ ١٠٣٢/ب٢٠١٩/٥

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٠

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (تمر موسلو ئۆغلو)

داواکار (ئۆرهان علی ارسن) داوای ژمارە ١٠٣٢/ ب٢٠١٩/٥ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرتان , وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی یاداشتی موختاری (پارێزگای هەولێر/ شاری ایتالی/٢) بۆیە دادگایە بڕیاری دا بە پێراگەیاندنت بۆیە دەبێت ئامادەبیت خودی خۆت یاخود بریکاری یاساییت لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/٩/١٥ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەپاشملە.

دادوەر/ کاوە صدیق حسین

* * *

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە:١٦/م/٢٠١٩

ڕێکەوت:٢٠١٩/٨/٥

جاردان

بۆ داوالێکراو/ اڤین عبده اوغز شوێنی نیشتەجێبوون نادیارە

داواکار (مارك بشیر بهنان) داوای خودی ژمارە ١٦/م/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (بطلاق زواج) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (اشعاری قصر روستم) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠١٩/٩/٨ کاتژمێر ٩:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

* * *

دادگای بەرایی دەشتی هەولێر

ژمارەی داوا: ٢٤٢/ب/٢٠١٨

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٢١

بۆ/ داوالێکراو (کاروان حسین حاجی) شوێنی دانشتنت نادیارە

داواکار/ امیرە صابر حمدامین) داوای ژمارە (٢٤٢/ب/٢٠١٨) لەسەرت تۆماکردبوو دادگاش لەرێکەوتی ٢٠١٩/٦/١٨ بەشێوەی پاشملە حوکمی دەرکرد بە (گەڕاندنەوەی زێر و تەلەفۆنی مۆبایل کە لە بریارەکە دیاری کراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری (هاوکاری) بۆیە دادگا بڕیاریدا کە پێت ڕابگەیەندرێت بەم بڕیارە لەرێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئێوەش مافی نارەزایی و تێهەڵچوونەوەو پێداچوونەوەتان هەیە لەماوەی یاسایی دا وە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبر وەردەگرێت بەگوێرەی یاسا.

دادوەر/ نیگار احمد محمد اغا

* * *

دادگای باری کەسایەتی لە دهوك

ژمارە/ ١٠٢١ /ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢٠ /٨/ ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو/داوالێکراو (ژانەمان عبدالسلام جمیل) ل دیف داخازیا داواکار (پیشەنك احمد حجی) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا (تصدیق طلاق خارجی) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا بەربژارێ دهوك محلە شندوخا ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت ڕوژانە دا ئامادە بی ل ڕوژا ٢٠١٩/٩/٤ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ئامادەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

* * *

دادگەها باری کەسی باتیفا

ژمارە/ ٥٧/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/٢٠١٩/٨/٨

ئاگەهدارکرن

داواکار (امل محمد جاسم) بریکارێ وێ پارێزەر (دلین طاهر محمد)

داوالێکراو (جوان شیخ میس یونس) دهوك کەمپا دومیز ژبەری نوکە جهێ ئاکنجی بوونا نوکە نەیا دیارە بو داوالێکراو (جوان شیخ میس یونس) داواکار (امل محمد جاسم) رابویە ب داواکرنا لسەری بەرامبەر ڤێ دادگەهێ دژی تە کو تێدا داخازا پەسەندکرنا گرێبەستا هەڤژینیێ دکەت ئەوا دناڤبەرا هەوە هاتیە گرێدان ل ڕێکەفتی ٢٠١٤/٢/١٠ ژ دەرڤەی دادگەهێ لسەر مەهرا پێشەکی (١٥٠) سەد وپێنجی غرام زێر عیار (٢١) وەرگرتیە ومەهرا پاشەکی (١٩) نوزدە مسقال زێر عیار (٢١) وەرنەگرتیە ورەچەلەك سەلماندنا (اثبات نسب) زاروکا تە وداواکارێ لسەری دیارکری ناڤێ وی (أخرت) دایکبویە ٢٠١٥/٥/٣ دکەت وژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە لدیف رونکرنا هەلبژارێ کەمپا دومیز بریار هاتە دان تە ئاگەهداربکەن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێن ڕۆژانە داکو ئامادەبی بەرامبەر دادگەها بارێ کەسی باتیفا ل ڕۆژا دادبینێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٩ وبەروڤاژی ڤێ چەندێ دی دادبین هێتە ڕێڤەبرن دەرحەقێ تەدا ب شێوەیەکی نە ئامادەبوونی لدیف یاسایێ

دادوەر / خالد سلیمان مصطفی

* * *

دادگەها بەرایی دهوك

ژمارە/ ٦١٢ /ب/٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/١٩

ئاگەهداری

بۆ/داوالێکراو (غازی حسن محمد)جهێ ئاکنجیبوونا وی نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکار (مصلح یاسین قادر/ریڤەبەر ڕێپێدایی کومپانیا ئاڤا وەلات زیدەباری کاری وێ) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کوژمێ پارە (١٨٧٢٥) هەژدە هزار وحەفت سەد وبیست وپێنج دولار ژ نەدانا قستی یەکا ژمارە (٢٣) ژ ئاڤاهیا (H٤) پروژێ لیلاڤ ستی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادی ل دهوکێ ژمارە (٣٧٦٨)ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٩ وراپورتا هەلبژێری تاخی نزارکی نوی ڕێکەفتی ٢٠١٩/٧/٢٧ بڕیاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو ڕوژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩,٠٠)ی سپێدێ ژ ڕوژا ٢٠١٩/٩/٩ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ

دادوەر / ریبوار محمد حسن

* * *

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە / ٦٩٢/ ت / ٢٠١٩

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢١

ئاگاداری

بۆ / قەرزار : محمد خضر علی ثلاج

لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردنی بریاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لە ماوەی (١٥) ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە بەردەم ئەم بەرێوەبەرایەتیە ئامادەبیت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی پارێزەر (١- مسعود سلیمان حسن ٢- برکاد عمر داود) کە (٢٣١٧٥٠٠٠) بیستوسی ملیون وسەد وحەفتی وپێنج هەزار دیناری عیراقی یە دەنا بە پێی یاسا ناچاری دانەوەی دەکرێت

جێ بە جێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

* * *

دادگای باری کەسایەتی دیرالوك

ژمارە/ ١٦١/ش/٢٠١٩

ڕێکەفت/ ٢١ /٨/ ٢٠١٩

ئاگاداری

داواکار / یسری فائق حسو

داوالێکراو / علی عبدالله صالح

بو داوالێکراو (علی عبدالله صالح) جهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ڤێ دادگەهێ بڕیاردا ل ریکەفتی ٢٠١٩/٨/٤ داوایا شەرعی یا ژمارە ١٦١/ش/٢٠١٩ ب ژێك ڤەبونا تە دگەل داواکارێ (یسری فائق حسو) ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف رابورتا هەلبژێرێ ناحیا شیلادزێ ئەوا هاوپێچ دناڤ داوایێدا نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕوژنامێت نافخویی تە مافێ نەرازی بونێ هەیە لسەر بریارا ناڤبری لماوێ یاسایی دا بەروڤاژێ ڤێ چەندێ بریار دێ پلا ڤەبری وەرگریت

دادوەر / ئەڤراز مصطفی طه

* * *

دادگای باری کەسێتی لە کەلار

ژمارە: ٦٣٤/ش/٢٠١٩

ئاگاداری

بۆ داوالەسەرکراو/ سروەت عزت عزیز

داواکار (بیریفان بهرام قادر) داوای ژمارە (٦٣٤/ش/٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە تیایدا داوای (تفریق للچرر) دەکات. لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بە پێی اشعاری ئەنجومەنی/ کەلار / گەرەکی شەهیدان بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی بە مەبەستی ئامادەبونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٨/٢٨) کاتژمێر (٩:٠٠)ی بەیانی بۆیە پێویستە لە ڕۆژی دیاریکراودا ئامادەبیت یان بریکارێك لە جێگاکەت ئامادەبێت بە پێچەوانەوە ئەوا دادبینی بە شێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ سیروان محمود زەهاوی

* * *

وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری

کارگێری و خۆیەتی

ژمارە : ١٦٢٣

ریکەوت : ٢٠١٩ /٨/ ٢١

ئاگاداری

سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩ ) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (عدنان مجید کرم) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢١٠٣) داوای ڕێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەوییە هەیە لەماوەی (٣٠) ڕۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیمان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیمان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .

ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد

سەرۆکی شارەوانی رزگاری

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٤٧١ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ٢١ / ٨ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالیکراو : زینب سعید محو

ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە ( ٤٧١ /ش/٢٠١٩ ) ل روژا ( ٢٠١٩/٧/٢٥ ) ب پەسەندکرنا کەتنا تەلاقا داواکاری ( احمد توفیق اسعد ) ژتە بەرامبەری ڤێ دادگەهێ ل ٢٠١٩/٧/٢٥ و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژێ ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامیێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسابیدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو

ژمارە / ٦٤٦ /ش/ ٢٠١٩

ڕێکەوتی / ٢٠ / ٨ / ٢٠١٩

ڕاگەهاندن

بو / داوالێکراو : کسر ا سماعیل حاجی

ل دیف داخوازا داواکار( مسعود علی عمر ) وکێشا ژمارە ( ٦٤٦ /ش/٢٠١٩ ) کو تێدا داخوازا ژێکڤەبون ( التفریق ) ، و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (کاریز) یا ژمارە ( ٢٦٣٨ ) ل (٢٠١٩/ ٨/٦) نڤیسارا هەلبژارێ تاخێ ( ئادار ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو روژنامیت روژانە دا ئامادە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل روژا ( ٣ /٩/ ٢٠١٩ ) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان برێکارەکێ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

* * *

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی کۆیە

بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانان

ژمارە/ ٣٨٢٤/٢٩/٧

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٠

ئاگاداری

سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی (٤٢ بەڕادی ئاوی بچوك لەگەڵ ٨ بەڕادی ئاوی گەورە) بەشێوەی زیادکردنی ئاشکرا بەم مەرجانەی لای خوارەوە، جا هەر بەڕێزێك ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با لەرۆژی(یەك شەممە) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/١) کاتژمێر (١٠,٠٠)ی بەیانی لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە ئامادەبێ بەمەبەستی بەشداریکردن لەزیادکردنەکە، وە ئارەزوومەندان بۆ بەشداریکردنەکە بۆیان هەیە پێش ئەم بەرواره سەردانی کۆگای ناوەندی زانکۆ بکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاترو ئاشنابوون بە بەڕادەکان کە ئامادەکراون.

پ.د. وەلی مەحمود حمد

سەرۆکی زانکۆ

مەرجەکان:-

١- دانانی بارمتەی دارایی بۆ بەشداربوون لە زیادکردنەکە بەبڕی (٢٠٠٠ ٠٠٠)تەنها دوو ملیۆن دیناری عێراقی بەشێوەی نەقدی لە بەڕێوەبەرایەتی دارایی زانکۆ بەپێی پسولەی وەرگرتن (وصل قبض).

٢- سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی و پلان دانانی زانکۆ بکات بەمەبەستی ناونوسین لە لیستی بەشداریکردن لە زیادکردنەکەو پێویستە وێنەی کۆپی پسولەی دانانی بارمتەی داراییەکەی لەگەڵ خۆی بهێنێ.

٣- هەر بەڕێزێك خاڵی (١ و ٢) ئەنجام نەدات مافی بەشداریکردنی نیە لەزیاد کردنەکە.

٤- نرخی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیاری براوەی زیادکردنەکە.

٥- ئەو بەڕێزەی زیادکردنەکەی بۆ دەردەچێت دەبێت لەماوەی (١٠) دە ڕۆژدا لەدوای دەرچونی فەرمانی زانکۆیی راسپاردنەکە کەل و پەل و ئامێرەکان بگوازرێتەوە دەرەوەی زانکۆ بە پێی برگەی (١)لە مادده(٣٦)ی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت ژمارە(٢١) ی ساڵی (٢٠١٣)ی کارپێکراو، بە پێچەوانەوە لەدوای ماوەی دیارکراو یان (٣٠) ڕۆژی دواتر کرێی هەڵگرتن بۆ هەر ڕۆژێك دواکەوتن بە ڕێژەی (٢/١٪) لەپارەی فرۆشتنەکە دەکەوێتە ئەستۆی کڕیارو براوە بۆ ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ بە گوێرەی برگە (٣) لەمادەی (٣٦)ی یاسای ئاماژە بۆ کراو لەسەرەوە.

٦- دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی زیادکردنەکە لەسەر کڕیاری براوە پێویستە بڕی پارەی بارمتەی کۆتایی (کە بڕی پارەکە لەدوای پرۆسەکە دیاریدەکرێت) لەسەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە دابنێت تا گواستنەوەی کەل و پەل و پەلەکان وەدواتر بۆ دەگەڕێنرێتەوە.

٧- بەڕێزانی یەکەم و دووەم لەکاتی نکوڵی یاخود پاشگەزبونەوە لە کرینەکە ئەستەمی یاسایی دەکەوێتە ئەستۆیان بە پێی مادە(٣٣) ی یاسای (فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت) ژمارە(٢١)ی ساڵی (٢٠١٣)ی کارپێکراو.

* * *

دادگای کەتنی حاجیاوا

ژمارە: ١٧٥/ك/٢٠١٤

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگاداری

بۆ تاوانباری راکردوو/ احمد عبدالقادر بکری

لەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (١٧٥/ك/٢٠١٤) لەڕۆژی ٢٠١٥/١١/٢٣ بڕیاریدا بەبەندکردنت بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (١)یەك مانگ بەپێی ماددەی ٣٩٠ لەیاسای سزادانی عێراقی بەو پێیەی لەڕۆژی دادگاییکردنتدا ئامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارکراویتەوە، وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی کە خۆت بدیەت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ڤیان شێخ نجم حسن

* * *

دادگای کەتنی حاجیاوا

ژمارە: ١٢٨/ك/٢٠١٣

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگاداری

بۆ تاوانباری راکردوو/ هەژار محمد عبدالله

لەم دادگایە بەپێی داوای ژمارە (١٢٨/ك/٢٠١٣) لەڕۆژی ٢٠١٤/٧/٢٠ بڕیاریدا بەبەندکردنت بەبەندکردنێکی سوك بۆ ماوەی (١)یەك ساڵ و غەرامە کراویت بەبڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بەپێی ماددەی ٥/١٠ لەیاسای باری کەسێتی هەموارکراو بەو پێیەی لەڕۆژی دادگاییکردنتدا ئامادەنەبوویت هەرچەندە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارکراویتەوە، وە بەهۆی هەڵاتنت و نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بڕیارماندا بە ئاگادارکردنەوەت بەم بڕیارە لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی کە خۆت بدیەت بەدەست ئەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلیس وە ئەگەر لەماوەی یاساییدا تانەو پێداچوونەوەی ئەم بڕیارە نەکەیت ئەوا بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ڤیان شێخ نجم حسن

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٥٩/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/عبیر عزیز حسون- کە پێشتر دانیشتووی (هەولێر-باسرمە) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٥٩/ك/٢٠١٩) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، دیاریکردنی سزاکەت بەدکردنت بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ و ٣سێ مانگ. و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٥٥/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/وحید فهمی علو- کە پێشتر دانیشتووی (هەولێر-شاوێس) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٥٥/ك/٢٠١٩) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، دیاریکردنی سزاکەت بەدکردنت بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ و ٣سێ مانگ. و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤١١/ك/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/محمد إسماعیل طاهر- کە پێشتر دانیشتووی (چوار قورنە-کوردستان) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٤١١/ك/٢٠١٨) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی مادەی (١/٤٥٩) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، دیاریکردنی سزاکەت:

١- بەندکردنت بۆماوەی ١یەك ساڵ

٢- غرامەکردنت بەبڕی (٥٠٠,٠٠٠)پێنج سەد هەزار دینار.

و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤٥٠/ك/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/ڕێباز صباح عبدالمطلب- کە پێشتر دانیشتووی (هەولێر-کەسنەزان-ئەفسەران) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٤٥٠/ك/٢٠١٨) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی مادەی (دووەم) لە یاسای (قەدەغەکردن و خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندیکردن)ی ژمارە ٦ی ساڵی ٢٠٠٨، دیاریکردنی سزاکەت بەدکردنت بۆ ماوەی (٦)شەش مانگ. و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٤١٢/ك/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/امین جلیل پاشا- کە پێشتر دانیشتووی (چوارقورنە-کوردستان) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٤١٢/ك/٢٠١٨) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی بەشی ١/٢٣ لەیاسای هاتووچۆی ژمارە ٨٦ی ساڵی ٢٠٠٤، دیاریکردنی سزاکەت بەدکردنت بۆ ماوەی (٦)شەش مانگ. و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد

* * *

دادگای کەتنی پشدەر

ژمارە: ٥٧/ك/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٦/٣٠

ئاگادارکردنەوە

بۆ تاوانباری راکردوو/جێگر عبداللە سلێمان- کە پێشتر دانیشتووی (قەڵادزێ-ئاشتی) بوویت و ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە

لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٦/٣٠ ئامادە نەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لەرۆژنامەکانی ناوخۆدا، لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بە پاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٥٧/ك/٢٠١٩) وبڕیاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێیی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩، دیاریکردنی سزاکەت بەدکردنت بۆ ماوەی (١) یەك ساڵ و ٣سێ مانگ. و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت ڕادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت، و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بەڕیارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاساییدا بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.

دادوەر/جبار رضا احمد


دیمەنێکی شاری مەهاباد

# پەرستگای ئاگری بەردەکونتەی مەهاباد

کەمال نوری مەعروف
لەفارسیەوە گۆڕیویەتی و لەسەری نووسیوە

یەکێک لەپاشماوە دێرینەکانی شوێنەوار کەبەهادارو ناوازەیەو شوێنەواری حکومەتی (مانایی) لەمەهاباد بە(بەردەکونتە) ناسراوە کەمانای بەردی کونکراو دەگرێتەوە و هەزاران ساڵ بەسەر تەمەنیا ڕۆشیتووە. لەوەوبەر وانا‌سراوە کەشوێنی گوشینی ترێ بووبێت، بەڵام دەرکەوت پەرستگایەکی ئاگری کۆنی خامۆشە بەناوی (بەردە کونتە).

شووە دراوی کۆنی (بەردە کونتە) دەکەوێتە نێوان سنووری 6 کیلۆمەتری باکووری شاری مەهاباد لەسەر ڕێگای مەهاباد ورمێیەو لەنزیکییەوە گوندی (وسوکەند) (یوسفکەند) دێت. بینای (بەردە کونتە) لەدەشتداییەو وێرانەی شاروێرانی لەخۆگرتووە کەدەکەوێتە (5) کیلۆمەتری لای ڕاستی گوندی (دەرباز)یان (دەریاس) کە (بەتڵیمۆس)ی یۆنانی بە(داریۆسا) ناوی بردووە بەناونیشانی یەکێک لەشارەکانی (ماد) باسیکردووە کەشوێنی مانەوەی (مانایی-ماد) (505-807 پ.ز) بووەو لەنزیکییەوە (فەقرەقا) یان (فەخریکا) دەڕوانێت بەسەریا. پەرستگای ئاگری (بەردە کونتە) لەزەویییەکی بەردینی پلەداری هەڵکۆڵراودایە ئەم زەوییە سنووردارە کۆنە پەیوەستە بەهەزارەی یەکەمی پ.ز بەمانا ڕۆژگاری پڕشکۆو بەتوانای (مانایی) لەو ناوچەیەدا.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا نووسینێک نەدۆزراوەتەوە یان دەرنەکەوتووە تاوەکو بزانین ناوی ئەو بینایە یان پاشماوەیە چ بووە، دانیشتوانی (شاروێران)یش ئەو بینایە بە(بەردەکونتە) ناو دەبەن کەئەمەش ئاماژەیە بۆ پیرۆزیی لەباوەڕی مرۆڤی ئەم سەر زەمینەدا.

بەردەکونتە زمانێکی لێکدراوی کوردییە لەدووشە پێکهاتووە، یەکەمیان بەردو دووەمیان (کون) کەبەگشتی بەردی کونکراو یان ئەو بەردەی کراوەتە چاڵێکی قوڵ و کونکراوە ئەمەش ناوڵێنانێکی ئاساییە هەڵبەتە (کون) لەزمانی کوردییا دەتوانین بڵێین مانای تری نییە، بەڵام لەوانەیە بەمانای دێرینیش بێت ئەم بینایە پێدەچێت لەناو بەشێک لەشوێنێکی پیرۆزی گەورەی شاری (داریوسا) یان شاروێران بووبێت، لای مرۆڤ و دانیشتوانی شارەکەش شوێنێک بووبێت سەرچاوەی ڕێزو پیرۆزی بووە کە بەردەوام لەڕێوڕەسمە تایبەتییەکانی خۆیاندا شوێنی ئەو بۆنانە بووە. شێوەی گشتی ئەم پاشماوەیەو ئەوانی لەناویدا بەرچاو دەکەون ئەوە دەردەخەن کەپێدەچێت پاشماوەکە شوێنی هێمای قوربانی بێت واتە پەرستگایەک بووبێت هاوشێوەی زەقورەی سۆمەری پلیکانە زبرەکانیشی یادگاری بیناسازی دێرین بن، بەگشتی وێنە جۆراو جۆرەکانی پەیوەستە بەهەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەم پەرستگای ئاگرە دێرینە چەند گۆڕێکی بەردین و گۆڕێکی شێوە ستوونی و یەکێکی تر بەشێوەی ئاسۆیی لەگەڵ بوونی چەند ڕیزێکی پلیکانەکە، کەمێک لەیەکتری دوورن و ڕاکێشراون. لەناو ئەو بینایەدا چاڵی لاکێشی دەبینرێت لەبەرد هەڵکۆڵراوە کەئایینی سەر زەمینی خۆرئاوای مادی کۆن بەزۆری لەسەر ئایینی (خۆری) بوون و ئاشووریەکانیش تاوەکو ئەندازیەک لەسەر شێوەیەک ماونەتەوە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە دانیشتوانی شاری (داریوسا) کەئاماژەمان پێدا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاینییاندا ئاگری پیرۆزیان لەپەرستگاکەدا لەبەردەم خواکانیاندا داگیرساندووە، لەم کارەیاندا ئامانجیان بۆنزاو نیاز قبوڵکردن و ئیتاعەتی ڕووناکی ئاگرو ئاوو باو خاک بووە. نزیک لەئاگری پەرستگاش چرا زۆر پیرۆز بووەو بەڕۆشتنی هەزارو ئەوەندە ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەتاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەباوەڕو پیرۆزیەکانی کۆنی مرۆڤی کورداماوە، ئێستاش لەکوردستاندا کەسانێک هەن کەسوێند بەڕووناکی یان ڕۆشنایی دەخۆن کەبەلایانەوە سەرچاوەیەکی پیرۆزە. لەناوچەی مەنگۆرایەتی لەدەوروبەری مەهاباد کەسانێک کەسوێند بەڕووباری پڕ هاژەو خرۆش دەخۆن لەناوچەکەدا دیارە ئەوانە ڕەگوڕیشەیان لەباوەڕی ئایینە کۆنەکان و ئەفسانەکانی ناوچەکەوە هێناوەو دەربیدەخەن ڕێزو پیرۆزێتی ئاوو توخمەکانی تری لێوەیان نزیکن.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەهەڵکۆڵینی شاخەکە بدەین دەتوانین بڵێین کەئەم پاشماوەیە پسپۆڕێتییەکەی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەڕێوڕەسمی مەزهبی و گابەردەکەی بەرامبەریشی کەلەئێستادا جادەی مەهاباد بەنێوانیانا دەڕوات پەیوەستە بەشوێنی شاردنەوەی لێپرسراوانی پەرستگاکەو. لێرەدا دوو جۆر ڕێوڕەسمی مەزهبی ئەنجا دراون، یەکەمیان لەفەزای ئازادا ئەنجامدراوە، ئەوی تر بەگۆڕە هەڵکۆڵراوەکە دیارە کەلەدڵی بەردەکەدا دەرهێنراوە، بەڵام بەڵگەکان دەری دەخەن سنووردارێتی ئەم ئاسەوارە بەزۆری و بەکردە لەئەنجامی ڕاکێشانی جادەی قیرتاو بووە کەبەشێک لەپاشماوەی ئاسەوارەکە لەناوچووە بەڵام ڕێنیی دیواری خۆرئاوای دەستی چەپ هەتاکو ئێستاش پاشماوەکەی بەرچاو دەکەوێت.

ئەو چەند پلیکانە شێوە بازنەییانەش کەبەچەندین ڕیز دەوری بیناکەیان داوە لەشوێنی سوتاندنی ئاگرەکەدان، واتە سەنتەری بیناکە. پلیکانە زبرەکانیش ئەم پەرستگای ئاگرە خامۆش کراوە بۆ ڕێورەسم و نزای تایبەت بەئایینەکەو قوربانی کرابێت کەپێشکەش بەخواکان یان خواوەندەکانی شار کرابێت. بەڵام ئەوە ڕوون نییە کەدانیشتوانی کۆنەشار چ ئایینێک یان مەزهب و باوەڕێکیان بووبێت. لێرەدا پرسیارێک دروست دەبێت ئایە ئەم دۆعا ونزایە بۆ خواوەندی پاک (ئاهۆرا مزدا) بووەیان بۆ خواوەندەکانی تری ناسراوی شارە دێرینە فەرامۆش کراوەکە کراوە.

لەناو چوارچێوەی دێرین ناسی میژووە فەرهەنگ و هونەرو ئایینی مانایدا کەسەر چاوەکەی دادەوەری ئایینی یانە ناوەڕۆکیان لەنووسینەکانی ئاشووریدا لەو ناوانەن کەبەشێکیان ئاشکرا بوون.

وشەی (ئیلانی) بەمانای خواوەندەکان دێت کەلەنووسینەکانی ئاشووریدا بەرچاو دەکەون. دەربارەی شێوەی پەیکەری خواوەندەکانشیان تاوەکو سنووریکی دوور لەحەو جۆشەکانی لورستان و دیمەنە نەخشکراوەکاندا لەسەر ئەوانەی شاری کۆنی زێویەهەن دەتوانین ڕای لەسەر بدەین کەلەبەر ڕۆشنایی و زانیارییاندا ئەوەنیشان دەدەن کەئایینی سەر زەمینی خۆرئاوای مادی کۆن بەزۆری لەسەر ئایینی (خۆری) (هۆری) بوون و ئاشووریەکانیش تاوەکو ئەندازیەک لەسەر شێوەیەک ماونەتەوە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە دانیشتوانی شاری (داریوسا) کەئاماژەمان پێدا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاینییاندا ئاگری پیرۆزیان لەپەرستگاکەدا لەبەردەم خواکانیاندا ناولێنانێکی ئاساییە هەڵبەتە (کون) لەزمانی کوردییا دەتوانین بڵێین مانای تری نییە، بەڵام لەوانەیە بەمانای دێرینیش بێت ئەم بینایە پێدەچێت لەناو بەشێک لەشوێنێکی پیرۆزی گەورەی شاری (داریوسا) یان شاروێران بووبێت، لای مرۆڤ و دانیشتوانی شارەکەش شوێنێک بووبێت سەرچاوەی ڕێزو پیرۆزی بووە کە بەردەوام لەڕێوڕەسمە تایبەتییەکانی خۆیاندا شوێنی ئەو بۆنانە بووە. شێوەی گشتی ئەم پاشماوەیەو ئەوانی لەناویدا بەرچاو دەکەون ئەوە دەردەخەن کەپێدەچێت پاشماوەکە شوێنی هێمای قوربانی بێت واتە پەرستگایەک بووبێت هاوشێوەی زەقورەی سۆمەری پلیکانە زبرەکانیشی یادگاری بیناسازی دێرین بن، بەگشتی وێنە جۆراو جۆرەکانی پەیوەستە بەهەزارەی یەکەمی پ.ز. ئەم پەرستگای ئاگرە دێرینە چەند گۆڕێکی بەردین و گۆڕێکی شێوە ستوونی و یەکێکی تر بەشێوەی ئاسۆیی لەگەڵ بوونی چەند ڕیزێکی پلیکانەکە، کەمێک لەیەکتری دوورن و ڕاکێشراون. لەناو ئەو بینایەدا چاڵی لاکێشی دەبینرێت لەبەرد هەڵکۆڵراوە کەئایینی سەر زەمینی خۆرئاوای مادی کۆن بەزۆری لەسەر ئایینی (خۆری) (هۆری) بوون و ئاشووریەکانیش تاوەکو ئەندازیەک لەسەر شێوەیەک ماونەتەوە. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە دانیشتوانی شاری (داریوسا) کەئاماژەمان پێدا لەکاتی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ئاینییاندا ئاگری پیرۆزیان لەپەرستگاکەدا لەبەردەم خواکانیاندا داگیرساندووە، لەم کارەیاندا ئامانجیان بۆنزاو نیاز قبوڵکردن و ئیتاعەتی ڕووناکی ئاگرو ئاوو باو خاک بووە. نزیک لەئاگری پەرستگاش چرا زۆر پیرۆز بووەو بەڕۆشتنی هەزارو ئەوەندە ساڵ لەهاتنی ئیسلام هەتاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆش لەباوەڕو پیرۆزیەکانی کۆنی مرۆڤی کورداماوە، ئێستاش لەکوردستاندا کەسانێک هەن کەسوێند بەڕووناکی یان ڕۆشنایی دەخۆن کەبەلایانەوە سەرچاوەیەکی پیرۆزە. لەناوچەی مەنگۆرایەتی لەدەوروبەری مەهاباد کەسانێک کەسوێند بەڕووباری پڕ هاژەو خرۆش دەخۆن لەناوچەکەدا دیارە ئەوانە ڕەگوڕیشەیان لەباوەڕی ئایینە کۆنەکان و ئەفسانەکانی ناوچەکەوە هێناوەو دەربیدەخەن ڕێزو پیرۆزێتی ئاوو توخمەکانی تری لێوەیان نزیکن.

ئەگەر بەوردی سەرنج لەهەڵکۆڵینی شاخەکە بدەین دەتوانین بڵێین کەئەم پاشماوەیە پسپۆڕێتییەکەی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەڕێوڕەسمی مەزهبی و گابەردەکەی بەرامبەریشی کەلەئێستادا جادەی مەهاباد بەنێوانیانا دەڕوات پەیوەستە بەشوێنی شاردنەوەی لێپرسراوانی پەرستگاکەو. لێرەدا دوو جۆر ڕێوڕەسمی مەزهبی ئەنجا دراون، یەکەمیان لەفەزای ئازادا ئەنجامدراوە، ئەوی تر بەگۆڕە هەڵکۆڵراوەکە دیارە کەلەدڵی بەردەکەدا دەرهێنراوە، بەڵام بەڵگەکان دەری دەخەن سنووردارێتی ئەم ئاسەوارە بەزۆری و بەکردە لەئەنجامی جادەی قیرتاو بووە کەبەشێک لەپاشماوەی ئاسەوارەکە لەناوچووە بەڵام ڕێنیی دیواری خۆرئاوای دەستی چەپ هەتاکو ئێستاش پاشماوەکەی بەرچاو دەکەوێت.

ئەو چەند پلیکانە شێوە بازنەییانەش کەبەچەندین ڕیز دەوری بیناکەیان داوە لەشوێنی سوتاندنی ئاگرەکەدان، واتە سەنتەری بیناکە. پلیکانە زبرەکانیش هاوشێوەنین کەژمارەیان بەمەزندە 85 پلیکانەن و لە 3 لاوە دەوری تەپەی ناوبراویان داوەکە پێدەچێت تەپەکە شوێنی شاردنەوەی مردو بووبێت. لەبەشی باشووری تەپەکەدا کەدەڕوانێت بەسەر گوندی (وسوکەند) کونێک هەیە بەقوواڵی 75سم هەڵکۆڵراوەو کۆتایەکەی دەگاتەوە بەژوورێک لەناو تەپەکەدا لەوانەیە ئەو کونە شوێنی تایبەت بەدەروازەی ئەسڵی ئەو بینایە بووبێت کەلەئێستادا بەگڵ داپۆشراوەو پڕ بۆتەوە لەوێشەوە بەڕێرەوێک و کونێک دەگەیتەوە کەپاشماوەی ئاگرو ڕەشی بەدیوارو بنمیچەکەیەوە دیارە. وادیارە لەو ڕێرەوەدا ژوورێک هەبووبێت کەبەڕێژەیەک گەورە بووەو بەکارهێنراوە بۆ ئامادەکردنی خۆراک لێرەش بەدواوە دەگەیتەوە بەڕێرەوێکی تری دەرکەوتووی نوێ کەدەتگەیەنێت بەژمارەیەک ژووری ترو شوێنی نادیاری پەرستگای ئاگرەکە، لەوێشەوە ڕێرەوەکە بەردەوامی هەیەو دەڕوات، لەدیواری باشووری تەپەکەشدا دیمەنی کەنالێکی ئاو دیارەو چووەتە ناو تەپەکەوە، وادیارە ئەم تەپەیە ئاوی بۆ ڕاکێشراوە ئەوەش بەهۆی ئاوی گوندی کاریزەوە بووە کەبەشی باشووری خۆرئاوای پاشماوەکەی گرتووە گەیشتووە بەتەپەکە. لەبەشی خۆرهەڵاتی کەنالێ ئاوەکەدا ڕێزێک بەردی تر بەڕچاو دەکەون کەبووەتە بەشێک لەبەردە کونتەو دڕێژ بووەتەوەو دەگاتەوە بەناو پاشماوەیەکی ئاسەوارەی میللی ئێران تۆماکراوە.

ئەم پەرستگا کۆنە، بینازسایەکەی گرنگەو سنووردارە بەکەسی ئێرانییەوە لەهەزارەی یەکەمی پ.ز ئومێدەوارین کەوپشکێن و لێکۆڵینەوەی زانستی شوێنەوارناسی لەئایندەی نزیکدا تێبدا ئەنجامبدرێت و گۆشە تاریکەکانی و شوێنە نەناسراوەکانی ئەو پەرستگایە و کۆمەڵە بەردە گەورەکانی دەربکەون بۆ خزمەتی میژووی کۆنی ناوچەکەو چمکە شاراوەکانی کەلەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەمەزندە بۆی دەچین.

## هەندێک ڕاو بۆچوون لەسەر پەرستگاکە:

کەدێبینە سەرباسی پەرستگای بەردە کونتەی ناو شاروێران لەباکووری شاری مەهاباد دەبێت ئەو بخەینە بەرچاومان کەپەرستگای ناوبراو بەشێکە لەمیژووی پاشماوەی شوێنەوارەکە (فەقرەقا) یان (فەخریکا)کە گوڕێکی هەڵکۆڵراوی بەردینە لەهاوشێوەی قزقەبان و ئەو گۆرانەی تری ناوچەی کرماشان، لەوانە دوکان داودو یان زین دانی زوحاکی ناوچەی هەورامانی خۆرهەڵات. ئەو گۆڕەو پەرستگایەش کەدەکەونە ناو شاروێران دەبنە چەند ئەڵقەیەک لەو زنجیرە گەورەیەی کەناوی شاروێرانی لێنراوەو بەهەموویان بەڵگەن بۆ شارستانیەتێکی دێرین. ئێمە لەم ڕاو بۆ چوونەماندا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کەشاروێران لەڕۆژگاری خۆیدا ڕووەو خۆر پاشماوەکانی لەخانووبەرە دروستکراون بەڵگەش بۆ ئەمە بەکەلاوە وێرانەکانیەوە دیارن، لەوانە پەرستگاکەی دێت لەم ڕووەوە ناوبراو هاوشێوەی شاری (حەزەر) یان (حەترا)ی شاری ڕۆژئاوا ئەمەش پەیوەستە بەدابونەریتی ئاینەکەو نمونەی ئەوەش پەرستگای ئاگری بەردە کونتەیەکە پاشماوەکەی ساڵی 1985کاری و کنەوپشکنینی تێداکراوە. لەئێستادا شارەکە لەبەر ئەوەی کاری کنەوپشکنینی بەرێگای زانستی تێدا نەکراوە تاوەکو بتوانین ڕاو بۆچوونی تەواو لەسەر پاشماوەکە بەگشتی بدەین، بەڵام بەپێی لەتەگۆزەو گڵێنەکانی کەبەڵگەن بۆ ئەو سەردەمانەی بەسەر شوێنەوارەکەدا تێپەڕیون دەتوانین بڵێین:

1- هەموو ئەو لەتەگۆزەو گڵێنانەی لەسەر پاشماوەی شاروێران و پەرستگای ئاگری بەردەکونتە پێدەچێت بۆ هەمان دەسەڵاتی پادشای ناوبراو بگەڕێتەوە کەبەڵگەی ئەوەمان پێدەدات خۆر پەرست بوون ئەوەش دیارە ئایینی زەردەشتیش دواتر لەناو هاخامەنشییەکاندا بڵاوبۆتەوە، بۆیە دەتوانین بڵێین پەرستگای ناوبراو میژووەکەی لەپاشماوەکەی شارۆیران و فەقرەقاجیانابێتەوە کەبەڵگەن بۆ دەسەڵاتی مانایی لەسەردەمی دیاکۆدا کەسەرجۆنی ئاشووری (705-722) گروتوویەو بەدیلێتی بردوویەتی بۆ حەما لەسوریا بەڵام دواتر گێڕاویەتەوە بۆ دەسەڵێت.

5- مانایەکان ئاگریان نەپەرستووە بەڵکو پەیدانی بوون کەخۆرپەرست بوون بەڵام ئاگرلایان بەچاوی خۆرچوێنراوە، بۆیە پیرۆزی ئاگرە لەخۆرەکەدا بەرجەستە بووەو ئەعرابەکانیش هەموو ئەوانەیان بەئاگر پەرست ناوبردووە و ناوی زەندیق یان لێناوە ئەمە ناولێنانێکی هەڵبەیو دوورە لەڕاستیەوە کەپێویستی بەڕاستکردنەوە هەیە.

سەرچاوە:
گۆڤاری مەهاباد بەشی فارسی، ژمارە 151 ساڵی (2013) 1392 لا 58-59


# مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە، زانا و ئەدیب و ڕابەر



ئاکۆ عەبدوڵا

**لە مێژووی شاری کۆیە، کە شانازی بە لایەنی ڕۆشنبیری و خوێندەواری دەکرێ، هۆیەک لە هۆیەکانی بۆ ئەو حوجرە و قوتابخانە ئایینیانە دەگەڕێتەوە کە لە کۆنەوە وەک مۆڵگەی گەش ناوبانگییان دەرکردووە، نەک تەنیا لەو شارە و دەوروبەری، بەڵکو لە شوێنی دوورتر خەڵکی بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانست و ئیجازە، ڕوویان تێدەکرد. گومان لەوەشدانییە گەشترین و بە تەمەنترین قوتابخانەی ئەو شارە، قوتابخانەکەی جەلیزادەکانە. ئەو قوتابخانەیەی چەندان نەوەی ئەو بنەماڵەیە پشتاو پشت، وەک زاناترین و شارەزاترین کەسی بوارەکە، ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە، ئەوتا حاجی قادری شاعیر لەو نامەیەی کە لە شاری ئیستەنبوڵ بۆ حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی ناردووە ،تێیدا دەفەرموێت:**

**بە غەیری جەددی ئێوە کێهە دانا**
**لە کوردستان ئەساسی عیلمی دانا**




لەو ڕۆژانە لە بارەگەی ڕۆژنامە کتێبێکی زۆر نایابم بەناوی (سەرجەم بەرهەمەکانی حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە) دەستکەوت کە دکتۆر کەمال مەعروف پێشەکی و لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بۆ کردووە و ساڵی 2013لە چاپخانەی دەزگای (التفسیر) بڵاوکراوەتەوە. مەلا عەبدوڵڵا کوڕی حاجی مەلا ئیسعەد کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵای دووەمی جەلی کوڕی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەی کۆڕی زانیاری کۆیە. ساڵی 1835هاتە دونیا و ساڵی 1908 کۆچیدوایکردووە.

سەرەتا وەک لە ناوی کتێبەکە دیارە، بەوپەڕی سەرسامی وام بە خەیاڵداهات چۆن دەبێ سەرجەم بەرهەمی زانا و مامۆستایەکی گەورەی جەلیزادەکان، لە دووتوێی یەک کتێبدا جێگای بێتەوە. ناوبراو جێگرەوەی حاجی مەلا ئیسعەدی باوک و باوکی مەلا محەمەدی ناسراو بە (مەلای گەورە)یە. هەموو تەمەنیشی لە خوێندن و وانەوتنەوە بەسەربردووە. دواتر کە ڕووکەشیانە لاپەڕەکانی کتێبەکەم هەڵداوە، بینیم زیاتر لە نیوەی کتێبەکە بریتییە لە پاشکۆیەکان. لەوەشیاندا لاپەڕەکانی دەستنووسی بەرهەمێکی، بە ڕێنووسی ئەو کات، زۆرترین شوێنی گرتووە. ئەوسا زیاتر دۆشدامام! نەک هەر ئەوەندە بەڵکو جگە لەو پاشکۆ درێژە، تەنانەت کتێبەکە بەرهەمی خەڵکانی دیکەشی گرتۆتە خۆ کە هەندێکیان لە بارەی ناوبراو دانراون، لەوانە ئەو دەقە شانۆگەریەی کە لەلایەن هەریەک لە عەبدولمەجید شێخ نوردین و جەلال مامەش بەناوی (حاجی مەلا عەبدوڵڵا و حاجی قادر) دارێژراوە. یاخود ئەو لاوانەوانەی کە بەبۆنەی مردنی بۆی کراوە. ئەوە جگە لە تۆمارکردنی بەشێک لە ژیاننامە و سەرگوزشتە و ئالوگۆڕی نامەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە. کەواتە چەندی سەرنجمدا، زیاتر بۆم دەرکەوت بەرهەمی ناوبراو یەکجار کەمە، بەڵام کە کتێبەکەم بە وردی خوێندەوە، دونیایەکی فراوانم بینی. دونیای کەسێک کە زۆر گەورە و بەبڕشت بێ.

سەبارەت بە کەمی بەرهەمی ناوبراو، ئامادەکاری کتێبەکە لە لاپەڕە 6 ئاماژە بەوە دەدات (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە کەڵە پیاوێکی بێ وێنەی سەردەمی خۆی بوو، بەردەوام خەریکی وانەبێژی بوو). لە لاپەڕەی دواتر نووسیتی (هۆی کەمی بەرهەمەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕۆژانە مژۆڵی وانە بێژی بووە، نەپڕژاوە سەر کاری نووسین). بەڵگەش بۆ ئەو قسەی لەلاپەڕە 5لە بابەتی گرنگی کۆیە لە ڕوی خوێندن و پێگەیاندنی ئایینی کورد، بە دەیان مەلا و شاعیر و زانای بەناوبانگ هاتونەتە فێرگەی کۆیە بۆ خوێندن و گەشەپێدانی ئاستی ڕۆشنبیریان، هەر ئەمەش وای کردووە کە کۆیە بە (دار العلم) بناسرێ، حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەش بە (ڕەئیس و لعولەما) ناودەربکات.

بە کورتی بەرهەمە بەرچاوەکانی ناوبراو یەکجار کەمن نەبێتەوە، جگە لەوەی دەستنووسی کتێبێکی بەناوی (الاصول) لەکاتی ئاگر کەوتنەوە لە مالی قوتابییەکی، بۆتە سوتماک. لە مەولودنامەیەک و چەند پارچە شیعرێک، زیاتری لە دوا جێنەماوە. شیعرەکانی بە زمانەکانی فارسی و کوردی دارێژاون. بەڵام کەمی ژمارەیان بۆ هۆیەکەی پێشەوە دەگەڕێتەوە. وەک چۆن ئامادەکاری ئەو کتێبە لەو بارەشەوە نووسیویەتی (لە بواری شیعر نووسیندا دەستی بااڵی هەبووە بەڵام نەیکردۆتە پیشە). بۆ نموونە

لە وەسفی حەلیمەی دولبەریدا دەڵێت:

کە بێری هات ناو مێگەل سەرا
سەر قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو شێخیش تەرق، عاریف نەما هۆشی
حەبیب دیتی ڕەقیب وەستاوە چارۆگەی بەڕووەدا
گووتم هەوری سیا هات شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی
یاخود لە شانازیکرن بە خۆی دەڵێت :

دەفتەری ئەهلی هونەر بگرن ئەگەر لەم عەسرەدا
مالی بێ ئیقبال نەبێ وەڵا (جەلی) سەردەفتەرە

لەلایەکی دیکەدا، وەک کەسایەتی، مەلا عەبدوڵا توانیویەتی پارێزگاری لە پێگەی خۆی بکات، بە پێچەوانەی حاجی قادری هاوڕێ و کەیفی جوانڕۆیی، سەربەخۆ بژی. نموونە لە لاپەڕەکانی 29و 30ی ئەو کتێبە هاتووە. کاتێک دووبەرەکی و ناتەبایی لە سەر ڕێبازەکانی قادری و نەقشبەندی لە نێوان خەڵکی کۆیە سەریهەڵداوە، حاجی مەلا عەبدوڵا بە ئازایی و جەسوری خۆی ڕاگرتووە، توانیویەتی بەربەرەکانی نەیارەکانی بکات و شاری کۆیە جێنەهێڵێ. شێخ ڕەزای شاعیر لە بەرامبەر خۆڕاگری و جەربەزەیی ئەودا وتویەتی :

حاجی عەبدوڵا لە ئادەم فیلتر
با وجوودی ڕوتبەی پێغەمبەری
ئەم بە سەد شەیتان لە کۆیە
دەرنەچوو

ئەو بە شەیتانێ لە جەنەت دەرپەڕی

سەبارەت بە مەولودنامەکەشی کە هاوشێوەی مەولودنامەکەی شێخ حوسێنی قازی لە نامیلکەیەکی ئێبن حەجەری هەیتەمی وەرگێڕاوە، بەڵام وەک چۆن ئەوەی شێخ حوسێن وەرگێڕدراوی وشەبە وشە نییە، ئەوەی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەش بە پشت بەستن بەو، بەڵام بە بیرێکی دیکە و بەشێوەیەکی دیکە دارێژراوە. ئامادەکەری ئەو کتێبە بۆ دڵنیاکردنی خوێنەر، کۆمەڵێک پەڕەگرافی نامیلکەکەی ئێبن حەجەر و مەولودنامەکەی مەلا عەبدوڵڵای بەراوردکردووە بۆ ئەوەی نیشانی بدات مەولودنامەکەی ناوبراوی وەرنەگێڕاوە، بەڵکو بەو جۆرە دایڕێژتووە کە بەپێویستی زانیوە. تەنانەت زۆر بابەتی دیکەی بۆ زیادکردووە و لە وسفەکانیشدا زیاتر ڕۆچووە. بۆ کاریگەری زیاتریش بەسەر گوێگر، بەوپەڕی لێزانی ڕەگەزەکانی ڕەوانبێژی بەکارهێناوە.

کاتی خۆی کە منداڵ بووم زۆر جار لە مەولودکردن بە دەنگە بە سۆزەکەی مەلا کۆرە ئەو مەولودنامەیەم گوێلێبووە کە ئێستاش وشە کاریگەرەکانی لە گوێچکەمدا دەزرینگێنەوە. نەک من، ئێستاش زۆربەی دانیشتوانی شار، بە گوێگرتن لە مەولودە تۆمارکراوەکانی دەنگە بەسۆزەکەی ناوبراو، چێژوەردەگرن.

بەدەر لەلایەنی کاروباری ئایینی و وتنەوەی وانە، مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە ڕۆڵی دیپلۆماسیشی گێڕاوە، وەک لە لاپەڕە 6ی کتێبەکە هاتووە (وەکو ڕابەرێکی شارەزا و لێ هاتوو لە کاری دبلۆماسیدا زۆر کارامە و سەرکەوتووبووە، گیروگرفتەکانی نێوان فەرمانڕەوای عوسمانی و حکومەتی فارسەکانی چارەسەرکردوون). لەلاپەرە 19 زیاتر ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە چۆن لەسەر ئەو کێشە ئاڵۆزەی لە ساڵی 1891کە بەهۆی نیسلامبوونی کچێکی ئەرمەنی لەنێوان ئێران و عوسمانی هاتە ئارا و خارجەکان لەناو کونسوڵخانەی عوسمانی لە ئێران یاخی دەبن، نە بە قسەی دەسەڵاتداری ئێرانی و نە بە قسەی عوسمانی دەستهەڵناگرن و ناگەڕێنەوە، تا دەوڵەتی عوسمانی ناچار دەبێ داوا لە مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە و میری میران عەبدوڵا پاشای ڕەواندوز بکات بەو کارە هەڵسن. ئەوسا مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە نامەیەک دادەڕێژێ و بۆیان دەخوێنێتەوە (بۆ خارجیەکان) ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن :"سوڵتان و شاهی ئێران بۆ سابڵاغ هاتن ئێرانمان بەجێنەهێشت، بەڵام بەڕێزتان چ بفەرموێ وادەکەین. ملمان کەچە بۆ فەرمانی بەڕێزتان"... لە ئەنجامدا هەردوو حکومەت، مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە خەڵات دەکەن. سوڵتان عەبدوڵحەمیدی دووەم مەدالیای مەجیدی لە پلەی سێیەمی پێدەبەخشێ. نەسرەدین شاش ئەموستیلەیەکی ئەڵماسی بۆ دەنێرێ.

نەک هەر ئەو هەڵوێستە، بەڵکو مەلا عەبدوڵڵا وەک سەرکردەیەکی سەربازیش لە تێکشاندنی سوپای ڕووسی لە ساڵی 1877کە شەڕی نێوان عوسمانی وڕووسەکان ڕویدا، ڕۆڵی گێڕاوە. لە لاپەڕە 6ی کتێبەکەدا هاتووە (وەکو سەرکردەیەکی لێ هاتوو بەشداری شەڕی دژ بە ڕووسەکان دەکات). هەروەها دواتر هەڵوێستێکی زۆر بوێرانەی بەرامبەر بە کەسێک نواند کە دەیویست ملهوڕانە سەرکەوتنەکان بە ناوی خۆی بکات. لەو بوارەدا لە لاپەڕەکانی 16و 17و 18ی کتێبەکە زیاتر ئەوە ڕونکراوەتەوە و جوامێری و هاتنەدەنگی مەلا عەبدوڵڵای بەدیارخستووە لەبەرامبەر خۆپەرستی و بوارنەدان بەکەسی بەرامبەری کەسێکی وەک شێخ عوبێدوڵڵای نەهری. ئەوەش بەو جۆرە بوو، گوایە ئەوسا لە کوردستان بۆ شەڕی دژ بە ڕووسی، دەستە سەربازێکی یارمەتیدەر لە شارەکانی هەولێر و کەرکوک و کۆیە و موسل و سلێمانی و زۆر شوێنی دیکە ڕێکخرا. کە هەمویان بە تاقم و تەدارەکی خۆیان بوون. سەرکردەی سەربازەکەی کۆیە، مەلا عەبدوڵڵا بوو. کە گەیشتنە شوێنی مەبەست هەمویان وایان پێباش دەبێ شێخ عوبێدوڵڵای نەهری بکەنە سەرۆکی ئەو سوپا پشتیوانکەرە، چونکە لە هەمویان بەتەمەنتربوو. لەو هەڵمەتەدا فەتاح بەگی هەمەوەندی و دەستەیەک لە سەربازەکانی، پاڵەوانیەتیەکی فیداکارانەیان نواند. کەچی ڕۆژێکیان شێخ عوبێدوڵڵا کاغەزێک لە پێش هەمویان ڕادەگری و پێیان دەڵێ : "ئەو مەزبەتەیە مۆربکەن، بۆ ئەستەمبولی دەنێرم". مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە لەناویاندا دەڵێ : "ئابێ بزانین چییە؟" شێخ عوبێدوڵڵا بۆیان دەخوێنێتەوە (حەفتا هەزار عەونە بە ئەمری شێخ عوبێدوڵڵا لە عێراق هاتن بە قوماندەی شێخ محەمەدی کوڕی عوبێدوڵڵا لەگەڵ ڕووس شەڕیان کرد ڕووسیان شکاند...) مەلا عەبدوڵڵا ڕوو لە گەورەکان دەکات و پێیان دەڵێت : "ئێوە بە فەرمانی کێ بۆ شەڕ هاتوون؟" ئەوانیش دەڵێن: "حکومەت داوای عەونەی کرد، بەڵام ئێمە بە ئارەزووی خۆمان هاتووین. ئەوە ئێستا گوێبیستی ناوی ئەو قوماندەیە بوین". ئەوسا مەلا عەبدوڵڵا دەڵێت : "کەواتە هیچ عەقڵێک قبوڵ دەکات ئەو مەزبەتەیە مۆربکەین؟ دواتر لەبەر چی شێخ عوبێدوڵڵا جگە لەناوی خۆی و کوڕەکەی ناوی کەسی دیکەی داخیل نەکردووە. کەس لە موچە و کیسەی شێخی نەهاتییە هەتا ناوی نەبێ". دوای ئەوەی دەیەوێت قەناعەت بە شێخ بهێنێ کە مەزبەتە بەو جۆرە نانوسرێ و پێویستە ئامارۆ بە ناوی سەرکردەکان و شارەکان بدرێ. شێخ عوبێدوڵڵا لە بەرامبەردا دەڵێ : "کەس حەدی نییە ناوی لەگەڵ ناوی من بنووسرێ". ئەوسا مەلا عەبدوڵڵا لە وەڵامیدا دەڵێ : "هەموومان حەدمان هەیە، هەموومان خۆمان بە نۆی وەک تۆ نادەین، چما ئێمە لە ئەووڵ ڕۆژ کە تۆمان بە گەورەی خۆمان دانا، بۆیەمانبوو بەو چاوەمان تەماشا بکەی، هەموو پێویستە ڕێزی یەکدی بگرین، یەکێکیان منم (اسما و جسما) لە تۆ گەورە ترم، من عەبدم تۆ عەبیدە. من وەک لەندەهۆزم ئەتۆ دەڵێی قاروجی".

دەبێ مێژوو چەند ڕووبەڕوو وەستانی وەهای تێدابێ، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەوانەی کە زۆر بەرزکراون؟!

## بۆم باس کە دەریا

**بەپێنوسی: شەنگ**

**بۆم باس کە دەریا**
**بۆ هەردەم ئاواتە خوازی**
**نیردەیی ئەستێرەو مانگ**
**گۆشەیان گەرم بێ لەقۆلایی بەندەرەکانت**
**بۆ چاوەروانی**
**لاف و گۆزی چوازی بەختەوەری**
**شەپەنگی بەردەوشێتەوە**
**لە کەنگای قۆلایەکانت**
**خۆ باش ئەزانی**
**ناڕاکێ ڕوحی ڕوناکی**
**لەڕێڕەوی زامەکانت**
**تاماوی لەبوونا هەر مەحکومی**
**بەرێژنەی تەم گرتوی شەپۆلەکانت**
**خودایە گیان**
**ئەمە چ ئەفسوسەو چەن جوانە**
**ئەم ئاوێزانە**
**ئەم تابڵۆ بێ وێنەییە لەم ئاسمانە**
**چەن مەستێ ئەو چاوانە کە دەروانن**
**دیداری خوشیدی ڕون و کەلەکەناری مانگ دانە**
**کەتەری و تەنکی تنۆک دەبارێنێ**
**بۆ سەر ڕێگای ئەو تەوژمە شێتانە**
**ئەی دەریای..... گۆشەی دڵ**
**کۆڕانە مەروانە بۆ تڕپەی دڵی کۆچەریانە**
**هەموو شەیداتن لەڕێڕەوی ئەم ژیانە**
**شەپۆلەکانت دەهری بوون**
**بۆ ئەم هەموو بێ وێنەیی**
**و بۆ ئەم گل دانەوەی گەردەلولی تەوژمی عاشقانە**
**دەتنۆک بسرەوە**
**بۆ ئەم پێشوازیە کە دیاری ئاسمانە**
**لەشاباڵی زەمەن خۆشترین چریکەکانتانە**
**دە هەڵدێرە بۆ خۆش بەختی شەپۆلەکانت**
**بۆ کەنداری کامەرانی هاژەکانت**
**دەقڕی هەتاو دابێتە بەشانەی نەرمی ئەفسونەکانت**
**با لە سپێدە باشیەک هەڵ کەن**
**بەخەندەی تەوژمەکانت**
**ئەوە ئەستێرەو مانگە**
**کرنۆشیان هێناوە بۆ دیدارت**

# لەیلا بەدرخان... یەکەم ئافرەتی کورد و ڕۆژهەڵاتی لە سەمای بااڵیدا

بەهادین جەلال

خەباتی بنەماڵەی بەدرخانییەکان تەنیا لەبەخشش و قوربانیی پیاوەکانیان نەوەستاوە، بەڵکو ئافرەتانی ئەو بنەماڵەیەش ئاڵای خەباتیان بەراستگۆیی و دڵسۆزی هەڵگرتووە، بۆیە ئەگەر خاتوو ڕوشەن بەدرخان مامۆستاو پەروەردکارو نووسەرو چالاکڤانی کۆمەڵایەتی بووبیت لەبواری داکۆکی کردن لەمافەکانی ئافرەت وکۆمەڵگادا، ئەوا خاتوو لەیلا بەدرخانیش لەو کەمتر نییە، چونکە بواریکی دیکەی هەڵبژاردووەو ئەو کاتەی کە بواری هونەری لەنێوئافرەتانی ڕۆژهەڵاتدا بەعەیبەو ناشیرین لەقەڵەم دەدرا، ئەو ئافرەتە، لەیلابەدرخان، بەهەموو جورئەتێکەوەو بەبڕوابەخۆبوونێکی قایمەوە لەدەرگای هونەری سەماو بااڵیی دا وسەرکەوتنی بەرچاوی تێدا بەدەست هێنا.

## سەرەتایەکی هونەری و ئایندەیەکی ڕۆشن

لەیلا بەدرخان لەساڵی1908 لەشاری ئەستەمبوڵ لەبنەماڵەی دێرین و خەباتگێڕی بەدرخانییەکان چاوی بۆ ژیان کردەوە، باوکی لەیلا ناوی میر عەبدولڕەزاق بەدرخانە کە سیاسەتمەدارو خەباتگێڕێکی ناودار بوو، لەلایەن هێزەکانی تورکیاوە دەستگیر کراو دواتر لەستێدارەدرا، دایکی ناوی (هنریتا)بوو کە بەڕەچەڵەک خەڵکی ڤیەننای پایتەختی نەمسا بوو، کاتێ ڕێتمی تورکیا بڕیاری دووڕخستنەوەی بنەماڵەی بەدرخانییەکانی دەرکرد، لەیلا لەگەڵا دایکی ڕوویان لە وڵاتی میسر کردو ژیانی منداڵی لەوێدا بەسەربرد، بەڵام لەبەرهەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان خێزانەکەی ڕووی لە لەئەوروپا کردو لە سویسرا گیرسانەوە، لەوێ لەیلا قۆناغەکانی خوێندنی لە قوتابخانە دەست پێکرد، حەزوخولیای لەیلا بۆ هونەرو بەتایبەتیش هونەری سەماو بااڵییە پاڵی پێوەنا بچێتە ئەکادیمیای هونەر(بەشی بااڵییە)لەسویسرا، دواتر بەرەو ئەڵمانیا بەرێ کەوت بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی پسپۆڕی لەم بوارەدا، لەیلا بەدرخان ئافرەتێکی ڕۆشنبیرو هۆشیارو دڵسۆز بوو بە گەلەکەی و کێشەکانی، خەباتی ئەو ئافرەتە تەنیا بە هونەری سەما نەبوو، بەڵکو شارەزایی هەبوو لە تیۆرێنەوەو میژوودا، هاوکات چەندین لێکۆڵینەوەی هەبوو لە ئایینی زەردەشتی و ئایینەکۆنەکانی(هیندی و فارسی و میسری)، هەروەها چەندین بابەت و نووسینی هەیە دەربارەی هونەری سەماو شایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمە لەپاڵا بایەخ و گرنگیدانی بەردەوام بە کلتووری هونەرو فۆلکلۆری کوردی، لەهەموو ئەمانە گرنگتر ئەوەبوو، کە خاوەن هەستێکی ڕەسەتی نەتەوایەتی بوو کە لە بنەماڵەکەیەوە بۆی بەجێ مابوو.

## یەکەم سەماکاری کورد ورۆژهەڵات

لەیلا بەدرخان کاتێ ڕووی لەم بوارەدا کردو سەماو بااڵیی هەڵبژارد، وەڵامێکی بەهێزی ئەوانەی دایەوە کە تێڕوانینی خراپیان هەبوو سەبارەت بە بەشداری کردنی ئافرەتی ڕۆژهەڵات لەم جۆرە هونەرەدا، بۆیە ماوە دوای ماوە ناوی لەیلا لەنێو هونەرمەندانی بااڵییە لە ئەورووپا بڵاوبووەوەو توانی ناوبانگییەکی بەرچاو بەدەست بێنێ، تەنانەت لەسەر ئاستی ئەمریکاو وڵاتانی عەرەبیدا، کاتێ ئەو هونەرەی هەڵبژارد لەبیروباوەڕێکی تەواو بەپەیامی پیرۆزی هونەرو بڕوا بەخۆبوونەوە پەرەی بە هونەری بااڵییە دا، بەتایبەتیش لەڕووی ئەکادیمی و زانستییەوە، ئەو، بۆ ئەو مەبەستە بەشداری چەندین کۆڕسی خوێندنی کردووە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئیسپانیا و بەلجیکا، هەندێ سەرچاوەش ئاماژە بەوە دەکەن کە لەیلا زۆر کەوتبووە ژێر کاریگەریی سەماکارو بااڵیزانی جیهانی(ئیسادۆرا دونجان) کاتێ بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی قاهیرە، سەرسامی ئەو هونەرەی بوو، لەیلا بەدرخان یەکەم ئافرەتی ڕۆژهەڵات و یەکەم ئافرەتی کورد بوو کە ئەم لایەنەی هەڵبژارد، لەمیانی سەماو بااڵیدا لەیلا پێشەنگ بوو لەبەرجەستە کردنی هونەری ڕەسەنی کوردی و فۆلکلۆرو بەپەڕۆشەوە بایەخی بە هونەرو ئەدەبی کوردی دەدا کە یەکێک بوو لەسیماو دروشمەکانی بنەماڵەکەی لەخەباتی ڕەوای کوردد ا.ناوبانگی لەیلا بەدرخان بەشێوەیەک بڵاوبووەوە کە زۆربەی پاشاو سەرۆک و فەرمانڕەوایانی جیهان لەئەوروپیەکان و عەرەب و ڕۆژهەڵاتیان ئامادەی فیداکارانەیان نواند. کەچی ڕۆژێکیان شێخ عوبێدوڵڵا کاغەزێک لە پێش هەمویان ڕادەگری و پێیان دەڵێ : "ئەو مەزبەتەیە مۆربکەن، بۆ ئەستەمبولی دەنێرم". مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە لەناویاندا دەڵێ : "ئابێ بزانین چییە؟" شێخ عوبێدوڵڵا بۆیان دەخوێنێتەوە (حەفتا هەزار عەونە بە ئەمری شێخ عوبێدوڵڵا لە عێراق هاتن بە قوماندەی شێخ محەمەدی کوڕی عوبێدوڵڵا لەگەڵ ڕووس شەڕیان کرد ڕووسیان شکاند...) مەلا عەبدوڵڵا ڕوو لە گەورەکان دەکات و پێیان دەڵێت : "ئێوە بە فەرمانی کێ بۆ شەڕ هاتوون؟" ئەوانیش دەڵێن: "حکومەت داوای عەونەی کرد، بەڵام ئێمە بە ئارەزووی خۆمان هاتووین. ئەوە ئێستا گوێبیستی ناوی ئەو قوماندەیە بوین". ئەوسا مەلا عەبدوڵڵا دەڵێت : "کەواتە هیچ عەقڵێک قبوڵ دەکات ئەو مەزبەتەیە مۆربکەین؟ دواتر لەبەر چی شێخ عوبێدوڵڵا جگە لەناوی خۆی و کوڕەکەی ناوی کەسی دیکەی داخیل نەکردووە. کەس لە موچە و کیسەی شێخی نەهاتییە هەتا ناوی نەبێ". دوای ئەوەی دەیەوێت قەناعەت بە شێخ بهێنێ کە مەزبەتە بەو جۆرە نانوسرێ و پێویستە ئامارۆ بە ناوی سەرکردەکان و شارەکان بدرێ. شێخ عوبێدوڵڵا لە بەرامبەردا دەڵێ : "کەس حەدی نییە ناوی لەگەڵ ناوی من بنووسرێ". ئەوسا مەلا عەبدوڵڵا لە وەڵامیدا دەڵێ : "هەموومان حەدمان هەیە، هەموومان خۆمان بە نۆی وەک تۆ نادەین، چما ئێمە لە ئەووڵ ڕۆژ کە تۆمان بە گەورەی خۆمان دانا، بۆیەمانبوو بەو چاوەمان تەماشا بکەی، هەموو پێویستە ڕێزی یەکدی بگرین، یەکێکیان منم (اسما و جسما) لە تۆ گەورە ترم، من عەبدم تۆ عەبیدە. من وەک لەندەهۆزم ئەتۆ دەڵێی قاروجی".

دەبێ مێژوو چەند ڕووبەڕوو وەستانی وەهای تێدابێ، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەوانەی کە زۆر بەرزکراون؟!



خەبات
www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/8/22 ژمارە (5812)

# (زمانی پەشیمانی لە کۆمەڵە شیعری زمانی باڵندەم دەزانی)



**سەدیق سەعید ڕواندزی**

هەموو دەقێکی ئەدەبی، زادەی زەمەن و شوێنێکی دیاریکراوە.ئەگەر دەق بەرهەمی بیرکردنەوە و دنیابینی نووسەربێت لە هەڵومەرجێکی دیاریکراودا، ئەوا نووسەریش وەک مرۆڤێک لە زەمەن و شوێنێک دەژیت و لە بەریەککەوتندایە لەگەڵ واقیع و دەوروبەر.لەم ڕوانگەیەشەوە، دیاردەکانی دەوروبەری دەبنە جێگەی تێڕامان و بیرکردنەوە کە دواجار ئەمەش لە دنیابینی نووسەردا ڕەنگدەداتەوە. لە بەشێکی زۆری دەقی ئەدەبیدا، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی ژینگەیی و پەروەردەیی کۆمەڵگای کوردی، بە تایبەتیش لە ڕابردوودا دەبینرێت. کە تیایدا نووسەرانی ئێمە وەک پەیامێکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی دەقی ئەدەبییان بینیوە و لەوێوەش ڕەخنەی هەموو ئەودیاردانەیان کردووە کە ئەو کات بوونیان هەبووە.

ناتوانین دەقێکی ئەدەبی لەچوارچێوەی ئەو زەمەن و شوێنە دابڕێنین کە تیایدا نووسراوە.چونکە ئەو دەقە بەرهەمی ئەو زەمەن و ژینگە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییە. کە نووسەر تیایدا دەژیت.بۆ نموونە: _کە ناڵی نامەیەک بۆ سالم دەنێرێت و باسی غوربەتی خۆی و تاسەی نیشتمان دەکات، ئەمە دەرەنجامی ئەو دابڕانە ڕوحی و جوگرافیەیە کە تیایدا ناڵی ناچار کردووە لە شوێنێکی دیکە بژیت. لێرەوەش ئەو دەقە ڕەنگدانەوەی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی مرۆڤێکە، کە دوور لە نیشتمانەکەی دەژیت. ئەوی پاڵنەری دروستبوونی ئەو هەستە و گوزارشتکردنە بووە، بێگومان بەریەککەوتنی شاعیرە لە گەڵ ژینگەیەکی ترو دووری لە نیشتمان، کەواتە شیعر لێرەدا، زادەی زەمەنە مێژوویییەکەیە و دەلالەت لە کاریگەریەتی واقیع بە سەر ناخ و بیر کردنەوەی شاعیر دەکات. بۆیە دواجار، ڕایەلەکانی هەر دەقێک هەرتەنها پەیوەست نین بە دنیای ناوەوەی ناخی شاعیر، بەڵکو دەرەنجامی ئەو بەریەککەوتنەشن کە لە نێوان خود و بابەت، واقیع و خەیاڵ دێتە ئاراوە. کۆمەڵە شیعری(زمانی باڵندەم دەزانی) نوێترین و دواترین کۆمەڵە شیعری کەژاڵ ئەحمەدە.ئەگەر بە وردی سەرنج لەو شیعرانە بدەین، دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر جۆرێک لە سادەبوونەوە و پاشەکشەی شیعریی، بە ئەزموونی ئەو خاتوونەوە دەبینین، بە تایبەتیش ئەوانەی لە ماوەی دەساڵی بە جێهێشتنی نیشتمان لە نێوان ساڵانی 2008 بۆ 2018 نووسیوونی. وێڕای ئەمەش لە بەشێکی دەقەکانیدا، پەشیمانییەکی گەورە وەک تیمەی شیعرەکان دەبینرێت. ئێمە لێرەدا هۆکاری ئەو پەشیمانییەی شاعیر و دەرەنجامەکەشی باس ناکەین کەلای هەمووان دیارە لە بەرچییە.بەڵام هەستکردن بە پەشیمانی، لە دوای ئەنجامدانی هەر کارێک، مانای وایە بژاردەکەمان دروست نەبووە و ئەوەی کردوومانە هەڵەیەکی گەورە بووە. بەڵام پەشیمانی لە دوای هەڵە، بە بڕوای من هیچ حیکمەتێکی تێدا نییە، ئەوە گرنگە مرۆڤ هەڵە نەکات.دەنا (هەردی)شاعیر وتەنی کە هەڵەمان کرد دەبێ بە دەستی خۆمان، جامە ژەهرەکە بخەینە سەرلێومان. لێرەدا وەک خوێنەرێک لە سەر بەشێک لەو شیعرانە دەوەستین کە وەک باسمان کرد جۆرێک لە چەمکی پەشیمانییان تێدایە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنها ئەو شیعرانە وەردەگرین، کە شاعیر دوور لە نیشتمان و لە وڵاتی ئوردن نووسیونی. چونکە بە بێ دیاریکردنی ئەو پێگە کۆمەڵایەتی و زەمەنە مێژوویی و جوگرافییە، ناتوانین لەو ڕەهەندە دەروونی و ڕوحییەی شاعیر بگەین لە زەمەنی ئەوێدا. گوتاری ئەو شیعرانە، بە ئەندازەیەک ڕوون و دیارن، کە هەر خوێنەرێک بیخوێنێتەوە، بە ئاسانی درک بەو پەشیمانییە قووڵە دەکات و ئەمەش لە شیعرەکاندا ڕەنگیداوەتەوە. چونکە دەقی شیعریی، زادەی زەمەن و ڕوانینی شاعیرە، لە چوارچێوەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژیت. ئەمەش دەبێتە گوتارێک. کەژاڵ ئەحمەد لە شیعرێکدا دەڵێت:_

**تامەزرۆم..یەکێ بە کوردی پێمبڵێت چۆنی گیان!**
**یان من بە منداڵێک بڵێم بە قوربان..**
**لە سەر زەوی هەم کە چی نابینرێم**
**من لە کوێم نازانم لە کوێ؟**
**هەر باخەکانی خەیاڵم لەوێن..**
**بە داخەوە هەنگم لە ناو هەنگوینی خۆیدا دەخنکێت!**

شاعیر ئەم شیعرەی لە غەریبی و لەوڵاتی ئوردن نووسیوە، تیمەی شیعرەکە، گوزارشت لە دابڕان لە نیشتمان و نامۆبوونی خود بە ژینگە و جوگرافیایەکی دیکە دەکات. شاعیر ناسنامەی خۆی، کە کوردبوونە، بە جیاوازتر لە ناسنامەی ئەوانی تر دەبینێت و بڕوای وایەبوونی ئەو لەوێ بوونێکی ناتێکەڵە. تەنانەت ئەو بوونەی بە ئەندازەیەک شاعیری نیگەرانکردووە و ئازارداوە، کە ژیان لە شوێنێکی دیکە، بەوەهەم بزانێت و گومان لە بوونی خۆی بکات. بێگومان مرۆڤ کاتێ لە نیشتمان دائەبڕێت، هەست بە غەریبیەکی قووڵ دەکات. کەژاڵیش لەوێ هەست بە غەریبی دەکات، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە، کە غەریبی ئەو شاعیرە، بە هیچ شێوەیەک پێوانە و بەراورد ناکرێت بە غەریبی شاعیرانی دیکەی وەک شاعیرانی تاراوگە. چونکە غەریبی کەژاڵ، غەریبییەک نییە بە سەریدا سەپا بێت، غەریبیەک نییە وەک ناڵی بەرمەبنای دوورکەوتنەوەی ناچاریانەی نیشتمان بێت، بەڵکو ئەو خۆی ئەو غەریبییەی هەڵبژاردووە و واقیعێک بە سەریدا نەسەپاندوە.بۆیەشە ئەگەر سەرنج لە ناوەڕۆکی شیعرەکە بدەین، دەبینین شاعیر کەمتر باس لە نیشتمان دەکات و زۆرتر باس لە خۆی دەکات، پێچەوانەی ناڵی کە غەریبی شارەزوور دەکات. مەحوی لە دێڕە شیعرێکدا دەڵێت: (بە ئاوی تێگەیشتین ئێمە دنیا هەر سەرابێ بوو).واتە زۆرجار مرۆڤ ژیان بە بەهەشتێک دەبینێت، کەچی کاتێ لە واقیعدا پراکتیزەی دەکات، دەبینێت تەنها سەرابێک بووە. پێدەچێت شاعیریش بەو شێوەیە ڕوانیبێتیە ژیانی خۆی کە ئیدی بە بەختەوەریەکی هەمیشەیی دەگات، هەروەک خۆشی دەڵێت: هەنگم لە نێو هەنگوینی خۆیدا دەخنکێت). واتە شاعیر خۆی وەک هەنگ و ژیانیشی لە غەریبیدا وەک هەنگوین نیشانداوە. لە کاتێکدا هەنگ هەموو تەمەنی خۆی لە نێو هەنگویندا دەباتە سەر بە بێ ئەوەی بخنکێت. ئێمە لە پەراوێزی ئەو شیعرەوە، ئاگاداری باری دەروونی و کۆمەڵایەتی شاعیر دەبین و ڕوانینەکانی ئەومان بۆ ژیان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت.ئەو وەک غەریبێک لەوێ کە لە بەریەککەوتندایە و چاوەڕوانی ئەوەیە هاوشوناسێکی بە زمانی نەتەوەییانەی خۆی سڵاوی لێ بکات، دێتە بەرچاو.لە شیعرێکی دیکەدا، کە ئەویش هەر لە عوممانی پایتەختی ئوردن نووسراوە، کەژاڵ دەڵێت:_

**پیاو کە پەست بوو هاواردەکات..**
**دەرو دراوسێش دەزانن..چی دەڵێت و چی ناڵێت..**
**بەڵام ژن کە پەستبوو. بە بێ دەنگی هەموو دونیا**
**بەسەر پیاودا وێران دەکات..**
**باشە پیاو بۆ هاوادەکات؟**

ئاستی شیعری لای ئەو خاتوونە هێندە سادە بۆتەوە، تا ئەو ئەندازەیەی شەڕەکانی نێوان دووڕەگەزەکەش وەک شیعر دەبینێت، ئەم چەند وێنانە، وێڕای ئەوەی لە ڕووی وێنەی هونەریی وفۆڕمی شیعریەوە سادە و دەلالەتن لە پاشەکشەی شیعری ئەو شاعیرە، هاوکات لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە هەڵگری گوتارێکی میللییانەیە کە تیایدا هێما بۆ پاشخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی و ئامادەیی ئەو ڕەگەزە لە ژیانی خێزانی و پەروەردەییدا دەکات.شاعیر پیاو وەک هێمای دەسەڵات و تووڕەیی و هێز پیشان دەدات و ژنیش وەک بوونەوەرێکی لاواز. بۆ من وەک خوێنەرێک، جێگەی سەرنجە ژنە شاعیرێک، کە سەردەمانێک شیعری وەک هێمای یاخیبوون و هاتنەوە بە گژ ئەقڵی پیاو سالاریی دەبینی و خەباتی فێمینیزمی دەکردوو دژە باو بوو!! کەچی هێندە لاوازو دەستەمۆ لە ئاست پیاودا خۆی دەربخات. لەوە کارەساتریش ئەوەیە، هێشتا نەزانی پیاو بۆ وادەکات و تووڕە دەبێت.چیخۆف دەڵێت: )_ئەگەر لە ماڵێکدا تفنگێک هەڵواسرابوو، بیرت نەچێت دەبێ ڕۆژێک گوللەیەکی تەقاندبێت).دەنا تفەنگەکە هیچ ئاماژەیەک ناگەیەنێت، دەبێ شیعریش هەڵگری گوتاری نوێبوونەوە و یاخیبوون و هاتنەوە بە گژئەو ستەمە بێت، کە لە پەراوێزی نێرسالارییەوە ڕەگەزی نێر لە مێی دەکات، بەڵام ئاخۆ بە شیعرێک کە هەڵگری کرووزانەوە و دەستەمۆی ژن بێت لە ئاست پیاودا دەتوانی چی بگۆڕێت؟شاعیری هوشیارو داهێنەر، ناپرسێت کە پیاو بۆ وادەکات، بەڵکو بە پێش پرسیارو ڕووداوەکان دەکەوێت و دەگاتە یەقین. ئەگەر پرسیاری ژنە شاعیرێک لە تووڕەیی پیاودا، هەمان پرسیاری ژنێکی ئاسایی و نەخوێنەدواربوو، کەواتە پرسیاری شیعری و داهێنانی شیعری لە کوێدایە ؟ئەوەی شیعر لە زمانی ئاسایی دەکاتەوە، وێنەی هونەرییە، ئاخۆ لەو شیعرەدا، هیچ وێنەیەک هەیە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و چێژی لێ وەربگرێت؟ هەموومان دەزانین شەڕەکانی نێوان ژن و پیاو لە خێزانی کوردی و لە کۆمەڵگای کوردیدا هێندە زۆرن، چ پێویست بەوە ناکات لە شیعردا باسی بکەین، چونکە خۆمان ڕۆژانە دەیبینین و بەریدەکەوین و ڕەنگە شاعیریش بەریکەوتبێت، بۆیە بە تێرامانەوە دەپرسێت کە پیاو بۆ وادەکات.بێگومان ئێمە لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسمان لەوە کرد، کە ئەوشیعرانەی لە دەرەوەی کوردستان و لە عوممان نووسیونی، بەبڕوای من ڕەنگدانەوەی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی ژیانی شاعیرن، بۆیە چەند بە قووڵایی شیعرەکاندا ڕۆبچین، ئەوەندە هەستکردن بە پەشیمانی لە شیعرەکاندا هەست پێ دەکەین.بۆیە لە شیعرێکی دیکەدا، کەژاڵ ئەحمەد دەڵێت:_

**لەم وڵاتە بێ خولقەدا..**
**هەر هێلانە چێدەکەم بۆ نیگەرانی..**
**من کە هاتم. دەمتوانی قسەی خۆش بکەم..**
**ئێستا کوانێ. کوا ماڵی هەیە ژیانم**
**وەک چۆلەکە. بە تەنها فڕین دەزانم**

هەموو فڕینێک، گوزارشتە لە گەڕان بە دوای سەربەستیدا، کە فڕین هەبوو، مرۆڤ کوێی ئارەزوو بێت دەتوانێت بۆی بچێت، شاعیر لە نێوئەو ژیانەی ئەوێدا، هەست بە نیگەرانی و بێ ماڵی دەکات، بەرلەوەی بێت بۆ ئێرە کە مەبەست(عوممان)ە کە شاعیر ژیانێکی تازەی بە خەیاڵی خۆی دەست پێ دەکرد، دەیتوانی قسەی خۆش بکات، بەڵام دوای ئەوەی بە خواستی خۆی نیشتمان جێدێڵێت و دێتە ئێرە، هەست دەکات نە ماڵی هەیە نە ژیان، بەڵکو وەک چۆلەکە ئارەزووی فڕین دەکات و فڕینیش وەک وتمان گوزارشتە لە هەڵاتن وگەڕان بە دوای سەربەستیدا. فڕینێک کە ئارەزوو دەکات، هێلانەی نیگەرانی جێبێڵێت. هێلانە لێرەدا سیمبولێکە بۆ ماڵ، نیگەرانیش ئاماژەیە بۆ ژیانێک دوورلە بەختەوەری، بۆیە فریادرەسێک کە شاعیر لەوێدا بیبینێت ئەوەیە، کە باڵ بگرێت و هاوشێوەی مەلێک بە ئازادی چۆنی بوێت بۆ ئەوێ بفڕێت.لەو کۆپلە شیعرییەدا، بە ڕوونی باری سایکۆلۆژی و دوودڵی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت.گوزارشت لە ژیانێک دەکات کە هیچ خولقێکی ژیانکردنی تێدانییە و بە پێچەوانەوە تەنها هێلانە بۆ نیگەرانی چێ دەکات. لەپەراوێزی ئەو شیعرانەوە، ئێمە درک بەو هەڵومەرجە کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیەی کەژاڵ ئەحمەد دەکەین کە لە غەریبیدا تیادا ژیاوە. بۆیە ناوەڕۆکی شیعرەکان هەڵگری زمان و دیدگای پەشیمانین لە ژیانی شاعیردا و ئەمەش بە ڕوونی دیارە. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کە ئینگلیزەکان دەڵێن:)_مانەوە لە لووتکە سەختترە لەگەیشتن بە لووتکە). زۆرجار لە هەموو ڕووەکانی ژیانەوە کەسانێک هەن دەگەنە لووتکە، وەلێ چونکە ناتوانن لە ترۆپک بمێننەوە، غلۆردەبنەوە بۆ بنار، ئەوان هەر هەوڵێکی دیکە بدەن، سیزیف ئاسایە و مەحاڵە جارێکی تربگەنەوە بە لووتکە، وەک چۆن کە تیرلەکەوان دەرچوو، جارێکی تر ناگەڕێتەوە. ڕامبۆ کە زانی شیعرو بازرگانی دوو دنیای لە یەک جیاوازن، تا هەتایە وازی لە شیعر نووسین هێنا. ئەوەی لە بەشێکی ئەو شیعرانەدا وەک خوێنەرێکی شیعر تێبینیم کرد ئەوەبوو، کە گوتاری شیعرەکان لەڕووی زمانی دەربڕین و فۆڕم و ناوەڕۆکیشەوە، گوتاری سادە و ساکارن. زمان تیایاندا لە بە شێکی زۆریان لە ئاستێکدایە، کە هەڵگری هیچ وێنەیەکی هونەری جوانی شیعر نییە، لەکاتێکدا وێنەی هونەری بونیادێکی سەرەکی دەقی شیعرییە. بەشێکی زۆری شیعرەکانی نێو ئەو کۆمەڵە شیعرە، دەردە دڵ و کرووزانەوە و قسەی سادە و ساکارن، کە خوێنەوەیان هیچ چێژوجوانییەک بە خوێنەر نابەخشن.هەڵەیە پێمان وابێت دەتوانین شوێنی هەموو دەربڕینێک لە شیعردا بکەینەوە، شیعر هەڵگری وێنە و جوانی و چێژو شیعرییەتە. ئەگەر شیعرێک هێندە سادە بووەوە کە باسی دەنگ و هەرای پیاو و شەڕی نێوان ژن و مێرد بکات، ئیدی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ قسەی ژنانی نێو کۆڵان، کە زۆر جاردەردە دڵەکانیان بۆ یەکتری هەڵدەڕێژن!!!...




* **پەراوێز:** شیعرەکان لە کۆمەڵە شیعری(زمانی باڵندەم دەزانی) وەرگیراون کە دوایین کۆمەڵە شیعری بڵاوکراوەی ئەو خاتوونەیە وماوەیەکی لە مەوبەر بڵاوکردۆتەوە..

# چیرۆکی نارڤین



**ئەحمەد کامەران**

لە لادێیەکی بچووکی ناوچەی مێردین کچێکی جوان و شۆخ وشەنگی چاو شین کە چاوەکانی وەکو دەریا ئەدرەوشایەوە لە دایک بوو. بە لەدایک بوونی ئەم کچە جوانە لادێیەکە ئاوەدانیەکی زۆری ڕووی تێدا کرد ئەویش ناوی نارڤین بوو لە خێزانێکی سادە و هەژاردا پیشەی دایک و باوکی تەنها کشتوکاڵیکردن بوو،ئیتر لێرەوە نارڤین ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە دەبێت و ڕۆژانە لەگەڵ منداڵەکانی لادێ یاری دەکات و پێدەکەنێت و ڕۆژە خۆشەکانی تەمەنی منداڵی لەو لادێ بچوکەدا بەخۆشی دەباتە سەرەوە لەگەڵ دایک و باوکی و هاوڕێکانی دا، نارڤین تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ و ئیتر ژیانی خوێندنی دەست پێ دەکات و دەبێتە کچێکی قوتابی وە یەکەم ڕۆژی قوتابیەتی بە جانتایەکی بچوکەوە لەگەڵ کۆمەڵێک دەفتەر و کتێب بە ڕوویەکی پڕ پێکەنیناوییەوە ڕوو دەکاتە قوتابخانەی لادێکەیان لەگەڵ هاوڕێکانی دا.



ئیتر لەو ڕۆژەوە کە نارڤین دەبێتە قوتابی بە بەردەوامی دەفتەر و کتێبەکانی دەکاتە خۆشەویسترین هاوڕێی خۆی و هەرگیز لێیان بە دوور ناکەوێتەوە و دەبێتە قوتابییەکی زیرەک و ئاقڵ و هەمیشە گوێڕایەلی مامۆستاکانی دەکات و هەروەها مامۆستاکانی نارڤینیان زۆر خۆش دەوێت و بە کەسێکی سەرکەوتو دایدەنێن، نارڤین پاش تەواوبوونی قوتابخانەی لە پشوەکانی هاویندا داوای لە باوکی کرد بڕوات بۆ شار و کۆمەڵێک کتێبی جۆراو جۆر بهێنێت بۆ ئەوەی لە پشوەکەی هاویندا بۆ خۆی بیانخوێنێتەوە چوونکە ئەو کچێک بوو زۆر ئارەزووی لە خوێندنەوە بوو، نارڤین گەیشتە کۆتا قۆناغی خوێندنی کە ئەم قۆناغە بۆ نارڤین دیاریکردنی داهاتوبەتی بەڵام باوکی بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایی دەکات ئەم نەخۆشیەی باوکی سالانێکی درێژ لەگەڵی ژیاوە تەنها دایکی نارڤین بە نەخۆشیەکەی زانیوە نەیان توانیوە بە کچە تاقانەکەیان بڵێن، ئیتر نارڤین هەتا کۆتا تەمەنی بەبێ باوکی دەمێنێتەوە و ئازارێکی گەورەی لە نێو دڵی دا درووست بوو چونکە بە لەدەستدانی باوک بۆ کچەکەی ئازارێکی زۆر گەورەیە، باوکی نارڤین ئاواتی ئەوە بوو کە کچە تاقانەکەی ببێتە مامۆستاو لە گوندەکەی خۆیان وانە بڵێتەوە بەڵام نەخۆشیەکەی ڕێگەی پێ نەدا ئەو ڕۆژە ببینێت، ڕۆژانە نارڤین سەردانی سەر گۆڕی باوکی دەکات وبە دیار گۆڕەکەیەوە فرمێسکی غەمباری خۆی دەڕژێنێت دەڵێت باوکە گیان تۆ بۆچی منت بە تەنیا بەجێ هێشت، بەڵام گریان هیچ سوودێکی نیە بۆیە ڕاستەوخۆ نارڤین هەڵدەستێتە پێوە لەسەر گۆڕی باوکی و پەیمانی پێدەدات کە ببێتە مامۆستاو لە گوندەکەی خۆیان وانە بڵێتەوە، ئیتر بەرەو ماڵەوە ڕۆیشت و بە دایکی وت ئیتر من دەست دەکەم بە سەعی کردنەکەم دایکی دڵی بەم قسەیە زۆر خۆش بوو وتی سوپاس بۆ تۆ خوایە گیان کە کچەکەم توانی دەست بکاتەوە بە ژیانی خۆی, نارڤین توانی نمرەیەکی باش بە دەست بێنێت و لە زانکۆی ئیستەنبۆڵ وەرگیرا لە بەشی پەروەردە ئەمە ئاواتی باوکی بوو کە ئەم ڕۆژە ببینێت کە کچە تاقانەکەی ناوی لە زانکۆ هاتۆتەوە و لە داهاتوودا دەبێتە مامۆستا بەڵام مردن ڕیگەی پێ نەدا، نارڤینیش بە هاتنەوەی ناوی لە زانکۆ زۆر دڵخۆش بوو چونکە لە داهاتوودا دەبێتە مامۆستای گوندەکەیان بەڵام لەدوای کۆچی دوایی باوکی بارودۆخی داراییان خراپ بوو کە ئەمەش کێشە بۆ خوێندنەکەی نارڤین درووست دەکات بەڵام دایکی هەندێ پارەی کۆکردۆتەوە بۆ ڕۆژانی لەم جۆرە لەگەڵ زێڕەکانیشی پێ دەدات بۆ ئەوەی بتوانێت بە هەر شێوەیەک بێت ئەمسالی زانکۆکەی تەواو بکات ,دایک هەمیشە لە پێناو جگەر گۆشەکانی دا ئامادەیە گیانی خۆیش بکاتە قوربانی تاکە دڵخۆشی دایک بینینی منداڵەکانیەتی بەڵخۆشی و سەرکەتنیان لە ژیان دا، ئەم شەو لەم لادێیەدا نارڤین کۆتا شەویەتی ئیتر بۆیە بۆ کۆتا شەوی لەگەڵ دایکی دەخەوێت و بۆ بەیانیەکەی هەڵدەستێت سەرجەم پێداویستیەکانی کۆدەکاتەوە پێش ئەوەی بڕوات سەردانی سەر گۆڕی باوکی دەکات بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ دەکات و تەنها پێی دەڵێت تۆم خۆش دەوێت باوکە گیان، ئیتر لەوێوە و بەیەکەم پاس دەڕوات بۆ ئیستەنبۆڵ ئەو شارە گەورەیەی کە چەندین مرۆڤی جۆراو جۆری تێدایە. نارڤین بە بینینی ئەو شارە زۆر توشی سەرسوڕمان دەبێت چونکە بەشێکی تەمەنی تەنها لە لادێیەکی بچووکدا ژیانی بردۆتە سەرەوە، پاش چەندین پرسیارکردن لە خەڵکی ئەو شارە نارڤین توانی زانکۆکەی بدۆزێتەوە و کاروباری وەرگرتنەکەی تەواو بکات ئیتر بەم شێوە نارڤین بووە قووتابیەکی زانکۆ هەروەها بووە خاوەن کەسایەتیەکی تر چونکە زانکۆ دەتکاتە خاوەن کەسایەتیەکی گەورە لەنێو کۆمەڵگادا، نارڤین یەکەم ڕۆژی زانکۆی بەشێوەیەکی ئارام بردە سەر بەڵام شوێنەکەی تۆزێک بەلاوە جیاواز بوو بەتایبەتی قوتابیەکانی لەڕووی جل و بەرگەوە جیاواز بوون بەڵام نارڤین بە تێپەڕبوونی کات لەگەڵ هەموو شتەکان ڕاهات.

دوای تەواو بونی دەوام نارڤین گەڕاوە بۆ بەشە ناوخۆیەکەی لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی سەرەتا هەستی بەتەنیایی کرد بەڵام دواتر لەگەڵ هاوڕێکانی کەوتنە قسەو پیکەنینئیتر شەوەکەیان بەڕێ کرد زۆربەی کاتەکانیش نارڤین پەیوەندی بۆ دایکی دەکات و لە تەندروستی دەپرسێت دایکیشی دەڵێت کچە جوانەکەم تۆ باش بی، منیش باش دەبم نارڤینیش دەڵێت دایکە گیان من زۆر باشم و دڵیشم زۆر خۆشە. دایکیشی پێی دەڵێت هەردەم دڵخۆش بیت کچە تاقانەکەم، نارڤین قۆناغی یەکەمی زانکۆی بە سەرکەوتویی توانی تەواو بکات و ئیتر ماڵئاوایی لە هاوڕێکانی کرد و گەڕایەوە بۆ لادێکەی خۆیان بەڵام کاتێک گەڕایەوە بۆ ماڵەوە دەبینێت دایکی لەسەر زەوی پاڵکەوتوە و دوو کەس بە دیاریەوە دانیشتون. نارڤین دەڕوات بەرەو لای دایکی و دەڵێت دایکە گیان تۆ باشی؟ دایکیشی دەڵێت هیچ باش نیم کچەکەم ئازارم زۆرە. نارڤینیش دەست دەکات بە گریان و دەڵێت دایکە تۆش بەجێم نەهێڵیت ئیتر نارڤین دەست دەکات بە پاڕانەوە و دەڵێت خوایە گیان دایکم چاک بکەوە. بەڵام دوای چەندین ڕۆژ لەگەڵ ئەو ئازارەی دایکی نارڤین بە یەکجاری ماڵئاوایی کرد و کچە تاقانەکەی بە تەنیا بەجێ هێشت، ئیتر نارڤین دایک و باوکی بۆ هەتا هەتایە لەدەستیان دا کە ئەمەش ئازارێکی گەورەی لە نێو دڵی نارڤین دروست کرد، نارڤین گوندەکەیان بە جێ دەهێڵێت و دێتە ئیستەنبۆڵ ئەو شارەی کە خوێندنی زانکۆکەی تێدا دەکات. نارڤین لەو شارە گەورەیە هەموو شوێنێک دەکات بۆ ئەوەی کارێک بدۆزێتەوە بەڵام لە کۆتایی توانی کارێکی پاک لە چێشتخانەیەک بدۆزێتەوە و ڕۆژانەی خۆی تێدا بەڕێ کرد. ئیتر لێرەوە نارڤین دوو ئەرکی لەسەر شانە، ئەویش خوێندنەکەی لەگەڵ کارکردنەکەی، بەڵام نارڤین کچێکی ئازاو کۆڵنەدەر بوو هەرگیز چۆکی نەدا بۆ ئەو ڕووداوانەی کە بەسەری داهات بۆیە توانی هەردووکی بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە ئەنجام بدات، ژیانی نارڤین گۆڕانی بەسەر دا دێت چونکە کوڕێکی باڵا بەرزی شارنشینی دێتە نێو ژیانی کە لە هەمان بەشیش پێکەوەن واتە لە داهاتوو دەبنە مامۆستا ئەو کوڕەش ناوی ئەلەند بوو کە بووە ڕەشەبایەک بۆ ژیانی نارڤینی بێکەس کە توانی هەموو ئازارەکانی لەبیر بباتەوە و خەندە بخاتە سەر لێوەکانی، نارڤین و ئەلەند زانکۆیان تەواوکرد و بوونە خاوەن بڕوانامە، ئەلەند داوای هاوسەرگیری لە نارڤینی خۆشەویستی کرد وتی: تاقانەکەی دڵم تۆ ئامادەی لەگەڵ من ژیانی هاوسەرگیری پێک بهێنیت نارڤینیش بە گریانەوە وتی: بەڵێ ئەی هەموو کەسم من هی تۆم. ئەلەندیش وتی: گیانەکەم هەتا دوا هەناسەی ژیانم تەنها تۆم خۆش دەوێت و هەرگیز بەجێت ناهێڵم تەنها بە مردن.

ئیتر لە کۆتایی دا ئەو دوو گوڵە جوانە هاوسەرگیری دەکەن و دەبنە مامۆستا لەو گوندەی کە نارڤین تێدا لە دایک بوو. هەروەها نارڤین توانی پەیمانەکەی بباتە سەر کە بە باوکی دابیوو لەسەر گۆڕستان.

# پاڵەوانی یۆنان لە دیمانەیەکی خەباتدا

## مۆچاو ئەلیکسیا: قورسترین بڕیار لەژیانم ئەو بڕیارەبوو کە وازم لە یاری هێنا



**دیمانە: هاوار مورتکەیی**

مۆچاو ئەلیکسیا Moschou Alexia کچە شەترەنجبازانی یۆنانی پاڵەوانی یۆنان و 12 هەمینی ئەوروپا بۆ ئاستی لاوانی کچان، یەکێکە لەشەرتەنجازانەکانی ئەو وڵاتە و لەناکاو بۆ ماوەیەک دوور دەکەوێتەوە و پێی وایە ئەمە قورسترین بڕیار بووە کە لەژیانیدا داویەتی، بەڵام دواجار بڕیار دەدات بگەڕێتەوە ناو دونیای شەترەنج، مۆچاو لە دیمانەیەکی تایبەتی لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات باس لە خۆشەویستی خۆی بۆ شەترەنج و هەروەها دەسکەوتەکانی کە لەم بوارەدا بەدەستی هێناون.

**شانازی بەچی دەکات؟**

مۆچاو ئەلیکسیا لە ساڵی 1999لە شاری کاڤالای یۆنانی لەدایک بووە و لەسەرەتای چوونە ناو دونیای شەترەنج دەڵێت: لەبیرمە شەترەنجێکمان لەماڵ هەبوو، باوکم و دایکم یارییان دەکرد و منیش سەیرم دەکرد، هەستم کرد مەیلم بۆ ئەو یارییە دەچێت، ئەوەبوو پەیوەندیم بەیانەیەکی شەترەنجەوە کرد و لە تەمەنی 7ساڵی بەفەرمی دەستم بەیاری شەترەنج کرد، ساڵ دوای ساڵ هەستم دەکرد شتی زیاتر لە شەترەنج فێر دەبم، بۆ یەکەمجاریش بەشداری پاڵەوانێتییەکی شیاندنم کرد لە یۆنان، لە ماوی کاروانەکەشمدا دوو دەسکەوتم بەدەستهێناون و تا ئێستاش شانازیان پێوەدەکەم، ئەویش نازناوی پاڵەوانی یۆنان و هەروەها 12هەمینی ئاستی ئەوروپا.

**بڕیارە قورسەکەی چ بوو؟**

دواتر مۆچاو ئەلیکسیای خانمە شەترەنجزانی یۆنانی لەبارەی شەترەنجەوە دەڵێت: پێم وایە یاری شەترەنج وەرزشێکی هزرییە و پێم وایە هەر چرکەیەکی تایبەت بە وەروشی شەترەنج دەبێتە جیهانی تۆ و پێویستە پارێزگاریش لەو جیهانە بکەیت، چونکە شەترەنج یارمەتیدەرێکی گەورەی چارەسەرکردنی کێشەکانتە، بەشێوەی موبالەغە هانت دەدات لەچارەسەرکردنی کێشە، کاتی خۆی لەبەر خوێندنی زانکۆ بڕیاری هوازهێنانمدا، پێم وابوو بڕیارێکی قورس بوو وەرمگرت بەڵام هەر دەبوو بڕیاریکی لەمشێوەیە بدەم، زۆرکاتیش هەوڵ دەدەم بیری لێ نەکەمەوە، چونکە ئێستا لەسەروبەندی گەڕانەوەدام بۆ جیهانی شەترەنج، بەڵام بە هێواشی دەستم پێکردەوە، ئەوەی بەسەرمندا هات هەمان ئەو چیرۆکەیە کە کاتی خۆی بەسەر بۆبی فیچەر هات.




# سەلاح: لاپچینی زێڕ بە قوربانی نازناوی پریمەرلیگ دەکەم

محەمەد سەلاح، ئەستێرەی میسڕی یانەی لیڤەرپوول دووپاتی کردەوە، پەست نابێت، ئەگەر نازناوی لاپچینی زێڕی گۆڵکەری خولی نایابی ئینگلیزی، لە پێناوی بەدەستهێنانی نازناوی پریمەرلیگ لەدەست بدات. سەلاح، لە میانی دیمانەیەکی لەگەڵ تۆڕی CNNئەمریکیدا وتی:"بێگومان، حەز دەکەم نازناوی گۆڵکەر بەدەست بێنم، بۆ وەرزی سێیەم بەسەر یەکەوە، بەڵام بردنەوەی نازناوەکان لەلایەن لیڤەرپوول، لە پلەی یەکەم دێت، بە تایبەتی ئەگەر پریمەرلیگ بێت". لە وەرامی ئەگەری لەدەستدانی نازناوی گۆڵکەر، لە بەرامبەر بەدەستهێنانی پریمەرلیگ لەلایەن لیڤەرپوولەوە وتی:"بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، لەوانەیە لە وەرزی دواتردا، لاپچینی زێر بەدەست بهێنمەوە". روونیشی کردەوە:" من هێرشبەر نیم، لە باڵ یاری دەکەم، بۆیە ئەرکی من تەنیا گۆڵ تۆمارکردن نییە، بەڵکو یارمەتیدانی هاوتیپەکانیشمە". هەروەها وتی:"من زیاتر لە باڵ یاری دەکەم، لە مێژە وەکو (هێرشبەری راشکاو) لە شوێنی ژمارە 9یاریم نەکردووە". وتیشی:" من بۆ ئەمەیان ئاسوودەم، ئەوە ئەرکی سەرەکی من نییە، وەکو هێرشبەرێکی راشکاو، کە ئەرکی ئەو تەنیا گۆڵ تۆمارکردنە، بەڵام وەکو یاریزانی باڵ، لەسەرت نییە تەنیا گۆڵ تۆمار بکەیت، بەڵکو دەبێت دروستیشی بکەیت، لەگەڵ یاریکردن لەگەڵ تیپ و ئەنجامدانی هەندێ ئەرکی بەرگری کردن". شیاوی باسکردنە، سەلاح، لە وەرزی یەکەمی لە یاریگەی ئینفیلددا، 44گۆڵی لە هەموو پاڵەوانییەکاندا تۆمار کرد، بەڵام لە وەرزی رابردوودا، 27گۆڵی تۆمارکرد.

**ڕەمزی میرەکانی**



# چی لە پشت کۆبوونەوەکەی یۆڤینتۆس بەرشلۆنە دایە؟





رۆژنامەکانی ئیسپانیا و ئیتاڵیا هەواڵی ئەوەدەدەن زانیاریان دەسکەوێت لە سەر ئەو کۆبوونەوەی نیوان بەرپرسانی یانەی بەرشلۆنە و یۆڤینتۆس کە دووشەمەی رابردوو لە ئیسپانیا کۆبوونەتەوە.

رۆژنامەی تۆتۆسپۆرتی ئیتاڵی رووی کردۆتەوە لەو کۆبوونەوەیەدا ناوی 6 یاریزان باسی لێوەکراوە لەوانە ئالۆگۆڕی بە ئیڤان راکیتیچ و ئیمری، هەروەها گواستنەوەی خوان میراندا بۆ یۆڤی و لەولاشەوە ماریۆ ماندکۆزیچ بەرەو بلوگرانا، بەڵام بەرشلۆنە رەتی کردۆتەوە دانێللی رۆخانی بباتە ریزەکانیەوە.

ئەوەی زۆر جێی سەرنجی رۆژنامەی تۆتۆسپۆرتی ئیسپانییە ئەوەیە کە یانەی بەرشلۆنە دەستەوارەیەکی پێشکەشی یۆڤی کردووە بە ئالۆگۆڕکردنی لویس سواریێز بە پاولۆ دیبالا.

# ئەتلەتیکۆ سکالاکەی لەدژی بەرشلۆنە کێشایەوە



یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید بڕیاریدا سکالاکەی لەدژی بەرشلۆنە بکێشێتەوە کە لەبەرامبەر ودرنەگرتنی پارەی تەواوی گریزمان، ئاراستەی خولی ئیسپانی کردبوو.

لەمانگی رابردوو گریزمانی فەرەنسی بەرامبەر بە 120 ملیۆن یورۆ لە ئەتلەتیکۆ مەدریدەوە چووە یانە کەتەلۆنیەکە، بەڵام بەپێی ئەو رێکەوتنەی نێوان هەردوولا دەبوا لەکاتی دیاریکراودا بەرشلۆنە پارەکە هەموو بدات، بەڵام بەرشلۆنە نەیتوانی لەکاتی خۆی ئەو پارەیە دابین بکات بۆیە یانەکەی گریزمان سکالای لەدژی بەرشلۆنە ئاراستەی بەرشلۆنە کردبوو، بەڵام دواجار ئەو سکالایەی کێشایەوە و زانی نە بەرپرسانی خولی ئیسپانی ونەدادگا ناتوانن بەرگرییەکی تەواو لەو سکالایە بکەن.

## لەخولی نایابی تازەپێگەیشتوانی کوردستاندا:
# سیروانی نوێ و هەولێر یەکسانبوون، برایەتی و دهۆک لەئاشتی و دەربەندیخانیان بردەوە



**ئا:سەرهەنگ ئەجمەدین**
**فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری**

بەروواری 20/8لەسەرجەم شارو شارۆچکەکانی کوردستان قۆناخی هەشتەمی خولی نایابی تازەپێگەیشتووانی کوردستان سەرکەوتووانەبەرێوەچوو، لەیەکەمین یاریدا لەیاریگای سیروانی نوێ هەردوو تیپی تازەپێگەیشتووانی سیروانی نوێ و هەولێر لەیارییەکی بەهێزدا بەیەکگەیشتن، لەئەنجامدا هەردوو یانە یەتاکە گۆلێک یەکسانبوون، بەم ئەنجامە یانەی هەولێر دوای کۆکردنەوەی 20خاڵ لەرێزبەندی خولەکە پلەی یەکەمی گرتووە.

لەلایەکی دیکەوە یانەی برایەتی و ئاشتی لەشاری هەولێر بەیەکگەیشتن، یاریەکە لەبەرژەوەندی یانەی برایەتی بەئەنجامی 3-1گۆڵ کۆتایی هات، یاری پێشمەرگەی سلێمانی و ئارارات بەئەنجامی 3-3گۆڵ بەهەردووڵا بەیەکسانبوون کۆتایی هات.

لەیاریگای دەربەندیخان، دەربەندیخان و دهۆک ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەئەنجامدا دهۆکی تیپی میوان توانی بەئەنجامی 2-0گۆڵ لە دەربەندیخان بباتەوە و 3خاڵی خستە سەر خاڵەکانی خۆی، یاری نێوان زانکۆی جیهان و پێشمەرگەی هەولێر لەبەرژەوندی پێشمەرگەی هەولێر بەئەنجامی 4-0گۆڵ کۆتایی هات، زاخۆش توانی لەنێو یاریگای خۆیدا لەیانەی رزگاری بەئەنجامی 3-1گۆڵ بباتەوە و 3خاڵی گرینگی لەسەر دەستی ئەو یانە دەستەبەرکرد.

ڕێزبەندی گەڕی هەشتەم خولەکە لەپلەی یەکەم تا پلەی پێنجەم بەمشێوەیە دەبێت:
1-هەولێر 20خاڵ 2-پێشمەرگەی سلێمانی 17خاڵ 3-زاخۆ 17خاڵ 4-دهۆک 14خاڵ 5-پێشمەرگەی هەولێر 13خاڵ

## سبەی لە هەولێر پاڵەوانێتی گۆڕەپان ومەیدانی کوردستان ئەنجام دەدرێت



**ئا: سەرهەنگ ئەجمەدین**

بەمەبەستی بایەخ وگرینگیدان بەیاری گۆڕەپان و مەیدان کەبەبووکی کوردستان ناسراوە سبەی هەینی لەشاری هەولێر لەیاریگای بنکەی لاوانی عەنکاوە پاڵەوانیەتی گۆڕەپان ومەیدانی یانەکانی کوردستان لەسەرئاستی لاوان بۆ هەردوو ڕەگەزی کچان و کوڕان ئەنجام دەدرێت.

پاڵەوانیەتیەکە لەسەر یاریگای بنکەی لاوانی عەنکاوە بەبەشداری زیاتر لە8 یانە بەرێوەدەچێت، وابڕیارە سبەی هەینی بەکاتی بەیانی یەکەم چالاکیی ئەنجام بدرێت و ڕۆژی شەممە بەهەردوو کاتی بەیانی و ئێوارە چالاکییەکان ئەنجام دەدرێت.

لەمبارەیەوە رزگار مەجید سکرتێری یەکێتی ناوەندی گوڕەپان و مەیدانی کوردستان لەبارەی بەرێوەچوونی پاڵەوانیەتیەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: ماوەیەکی زۆرە بەهۆی قەیرانی دارایی هیچ پاڵەوانیەتیەکمان ئەنجام نەداوە، بۆیە ئەمساڵ خۆشبەختانە توانیمان بەهاوکاری لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان پاڵەوانیەتیەکە ڕێکبخەین.

گوتیشی: وابڕیارە لەپاڵەوانیەتیەکەدا 8 یانە بەشداری تێدا بکەن، یانە بەشداربووەکانیش بریتین لە ئالا،شەقلاوە، پێشمەرگەی سلێمانی، سیروانی نوێ، رزگاری، کەرکوک، خاک، سەورە، هەروەها بەنیازین لەئایندەیەکی نزیکدا پاڵەوانیەتی بۆ هەردوو ئاستی تازە پێگەیشتووانان و پێشکەوتووان ڕێکبخەین.

## فیفا بڕیاریکی نوێ لەبارەی ڤار دەدات



ئەنجومەنی یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی بڕیاری دا دووبارەکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە پێویستی بە تەکنەلۆژیای ڤارەوە هەیە کە لە شاشەکانی ناوەوەی یاریگا دانداون تا ئەوکاتەی ناوبژیوان بڕیاری کۆتایی لەسەر دەدات.

ئەنجوومەنی فیفا دووپاتی دەکاتەوە کە بەهیچ شێوەیەک دیمەنەکان دووبارە ناکرێنەوە و لەوکاتەدا پەنا بۆ ڤار دەبرێت لەشەڕاشەکانی ناو یاریگا ، تا ئەوکاتەی ناوبژیوان لەسەر ئەوە دادەنیشن کە ئایا گۆڵ بووە یان نا، بڕیارەکە لەلایەن ئەندامانی ئەنجومەنی فیفا لە کۆنگرەی ساڵانەی فیفا لە ئیستانبوڵ پشتڕاست کرایەوە.

## دوای 30 ساڵ عێراق پاڵاوتنەکانی مۆندیال لەناو خاکی خۆی ئەنجام دەدات



یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی رایگەیاند کە عێراق دوای دابڕانی 30ساڵ یاریەکانی پاڵاوتنی مۆندیالی 2022ی قەتەر لەناو خاکی خۆی ئەنجام دەدات.

هەڵبژاردەی وڵاتەکەی ئامادەکاری دەکات بۆ بەشداری کردن لە پاڵاوتنەکانی مۆندیالی قەتەر و کەوتۆتە گروپی سێیەمی هەڵبژاردەکانی ئیران و بەحرێن و هۆنگ کۆنگ و کەمبۆدیا.

## کلیشینا خوانی ئێوارەی ڕۆنالدۆ ڕەت ناکاتەوە




داریا کلیشینای ئەستێرەی ڕاکردنی ماوە درێژ دووپاتی کردەوە کە ئەو ڕێگری ناکات لە داوای کریستیانۆ ڕۆنالدۆی پورتوگالی بۆ نانخواردنی ئێوارە بەیەکەوە.

ڕۆژنامەی سۆڤیتسکی سپۆرتی ڕووسی لەزاری کلیشینا گواستویەتییەوە و دەڵێت: لە ئینستاگرام چاودێری لاپەڕەی ڕۆنالدۆ دەکەم، من زۆر بایەخ بە لایەنی وەرزشی دەدەم، ئەو زۆر بایەخ بە لاری لەشی دەدات، ئەمەش جێی سەرنج ڕاکێشانە، بڕوانامەکەم لە ڕووسیا یاریزانێکی لەو شێوەیە هەبێت، لەبەر ئەوەی زۆربەی وەرزشوانان لە یاریيە بەکۆمەڵەکان زۆر بایەخ بە لاری لەشیان نادەن.

هەورەها ئەو خانمە ڕووسییە دەڵێت: ئەگەر ڕۆنالدۆ بۆ خوانی ئێوارە داوەتم بکات لە نیۆیۆرک، گەر کاتم هەبوو وەە نیۆیۆرکیش بووم ئەوا ئامادەم بچم بەڵام ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێ ناوی لێ بنێین ژوان، زۆر گرنگە لەگەڵ کەسایەتییەکی وەکو ڕۆنالدۆ دانیشی گفتوگۆ بکەیت، دڵنیام زۆر شت لەو فێردەبم.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Thu, 22. Aug. 2019 No: (5812)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

# ڕۆژی جیهانی فۆتۆ لە هەرێمی کوردستان بەرز ڕاگیرا



**بەرهەم شێخ عیزەددین:**

بەئامادەبوونی (جەیس سۆرنەتن) کونسوڵی گشتی بەریتانیاو(فەرهەنگ غەفور)بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری وهونەری هەولێرو(نیهاد قۆجە) سەرۆکی کۆمسیۆنی بوژانەوەی قەڵای هەولێر، دەستەی کارگێڕی و ئەندامانی کوردستان فۆتۆ بەدروشمی «خۆشەویستیتان بۆ فۆتۆ بڵاوبکەنەوە»ڕۆژی فۆتۆی جیهانی بەرز ڕاگرت.

کەرنەڤاڵ لە پێشەنگەی(پۆرتریت)، کەتیایدا چل فتۆگرافەر لەسەرئاستی هەرێمی کوردستان وعێراق ودەرەوە وێنەکانیان نمایشکرد، هەروەها بڕیەکەمجار پێشەنگایەک بۆ پێنج فۆتۆگرافەر کرایەوە، کەبیست و پێنج وێنەیان تیادا نمایشکرد، هەر لەم کەرنەڤاڵەدا کامیرای وێنەگرانی دێرینی کورد نمایشکرا.

ئەمساڵ لە بەریتانیا یادی ڕۆژی جیهانی فۆتۆ لەلایەن ڕێکخراوی فۆتۆی جیهانیەوە کرایەوەوکوردستان فۆتۆش بەم کەرنەڤاڵە لەهەڵمەتی ڕێکخراوی فۆتۆی جیهانی بەشداریکرد.

لەدواپەیامی دا (سۆرتن) سەرکونسوڵی گشتی وڵاتی بەریتانیا لە ڕایتینگ بۆردەکەی کەرنەڤاڵ نووسی (وێنە جوانەکانی خەڵکێکی جوان).

جێی باسە فۆتۆکان تاقیگەی ئەردەلان ئەرکی چاپکردنی لە ئەستۆ گرتووە.



## لۆکە زاهیر

گۆرانییەکی

عەباسی کەمەندی

دەڵێتەوە

**هەمزە سەرحان:**

خانمە هونەرمەند لۆکە زاهیر زۆر بە جیاواز دەردەکەوێتەوە و گۆرانی عەباسی کەمەندی دەڵێت.لۆکە زاهیر گوتویەتی: هەرچەندە بەڕای من خۆ دان لە قەرەی سۆزی دەنگێکی وەک عەباسی کەمەندی لەسەروو محاڵەوەیە، بەڵام کاڵەبەی یەکێکە لەو گۆرانیانەی کە زۆر لەگەڵیدا ئەژیم، بۆیە هەر بۆ هەستی خۆم و خۆشەویستی ئێوە پێشکەشتانی دەکەم، لۆکە زاهیر یەکێکە لەوخانمە هونەرمەندە نەی کە لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبات و کاری هونەری دەکات.

## ئەو بوارەی بۆ دەرهێنەری بیانی ڕەخساوە و بۆ دەرهێنەری کورد نەڕەخساوە

# مەریوان ئیبراهیم: ئەو پاشاگەردانییەی کە هەریەک هەڵدەستێت و دەبێتە بە دەرهێنەر یاخود ئەکتەر وایکردووە کارەکانمان کەموکوڕی هەبێت



**دیمانە: بەرهەم شێخ عزەدین**

دەرهێنەری سینەمای مامۆستا مەریوان ئیبراهیم لە 15/ 2/ 1966 لەگەڕەکی ئیبراهیم پاشا لە سلێمانی لەدایک بووە ،لە 1983 چووەتە پەیمانگای هونەردجوانەکانی سلێمانی، لە 1988 بەپلەی زۆر باشە دبلومی هونەری وەرگرتوە لەبەشی نواندن ئێستاش فەرمان بەرە لەبەشی سینەمای بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری سلێمانی،مەریوان ئیبراهیم وەکو دەرهێنەرخاوەنی چەند زنجیرە درامایەکەو وەکو ئەکتریش خاوەنی دیان شانۆو بەشداری لەدیان درماو فلیم کردوە ،یەکێکە لەوەدەرهێنەرانەی زۆر بایەخ بەلاوان ئەدات و دەستیان دەگرێت بۆسەرتەختی شانۆ و بەردەم کامێرا ،لەدیمانەیەکی کورت مامۆستا مەریوان ئیبراهیم شرۆڤەی بۆپرسیارە هونەرییەکانمان کردو بەم جۆرە بۆمان دوا:



مەریوان ئیبراهیم

**تا ئێستا خاوەنی چەند بەرهەمی هونەریت؟**

خاوەنی زیاتر لە 58 کاری شانۆیم وەک نواندن خاوەنی 10 زنجیرە درامام وەک دەرهێنەر و نواندن خاوەنی 8 کورتە فیلمم وەک دەرهێنان خاوەنی دوو فیلمی سینەمام وەک نواندن و دەرهێنان.

**ئاستی دەرهێنەرانی کورد بەبەراورد لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی چۆن دەبینی؟**

دەرهێنەرانی کورد هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ دەرهێنەرانی بیانی ، بەڵام ئەوبوارەی بۆ دەرهێنەری بیانی ڕەخساوە بۆ ئێمەی نەڕەخساوە دوای ئەوە بۆ ئەوان بۆتە پیشە واتە هەل و مەرجی کارکردن بۆ ئەوان زۆر ئاسان کراوە.

**دەرهێنەرانی کورد تاچەند سوودیان لە تەکنەلۆژیا وەرگرتووە بۆ ئەوەی شان بەشانی هونەری وڵاتانی دی کاری جوان و پوخت پێشکەش بکەن؟**

تەکنەلۆجیا کارئاسانی بۆ هەموان کردووە لەهە مووڕوێکەوە، بەڵام بۆ ئێمە تازەترە سەرەتای تڕە نامۆترە ، بەڵام خەریکە دەبێتە ئەوەی کەکاری لەسە بکرێت.

**ئێستا زۆرجاران باس لەلاوازی کارە خۆماڵییەکان دەکرێن ، هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەقی باش،یان ئەکتەری بەتوانا یان ئامڕۆ تەکنەلۆژیای پێویست لە هە مووی زیاتر نەبوونی دەقی خۆماڵی پاشان نەبونی بودجەی پێویست پاشان پاشا گەردانی کەهەریەک هەڵ دەستێت و دەبێتە دەرهێنەر یاخود ئەکتەر ئەمەوای کردوە کەکارەکانمان کەم وکڕی هەبێت.**

**دەرهێنەرانی کورد تا چ ئاستێ توانیویانە بەبەرهەمەکانیان چاوی بینەری کورد تێر بکەن و بەلای بەرهەمی خۆماڵیان ڕابکێشنەوە؟**

خۆی نەگبەتیەکە لەوەدایە کە کارمان کەمە لەساڵێک دا ئەگەر دوو بەرهەم هەبێت، بەڵا ئەگەر ساڵانە چەندین بەرهەم هەبێت ئەوکاتە دەتوانیت بینەر دروست بکەینەوە.

**هۆکارچیە کەبینەر لەدرمای کوردی تێزاوە؟**

وەک باسمکرد نەبونی درامایە ناتوانرێت بەیەک دوو بەرهەم بینەر ڕازیبکەین.

**تاچەند درامای بازرگانی یان باشتر بڵێین ئۆفلیمانەی کە لەهەندێک کەنال یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردی دەکەن؟**

ئەگەر بڵێین خزمەتێکی پێویستە نا ، بەڵام هەر بوونی لەنەبونی باشترە.

**چەند فلیمێک کران واتاچەند زنجیرەیەکی تەلەفیزیۆنی،دەنگوی دروست کردو ڕەخنەیان لێ گیرا بۆ؟**

ناتوانین بەپێی پێویست بینەر ڕازی بکەین چونکە ئەوتواناو ئیمکانیاتانەمان سنورداراە، بەڵام هندێک لەبینەریش لەهیچ شتێک ڕازینیە لەبەر ئەوەی بەداخەوە لەڕێی مۆمایلەکەیەوە بەپەچڕ پچڕ سەیری دەکات ئەوتامو چێژەی نییە بۆیە ئێستا زۆربەی زۆری گەنجکان لەڕێی مۆبایلەوە سەیریدەکەن و قەرار دەدەن.

**چی دەربارەی فلیمی دۆبلاژکراو دەڵێی کەلەکەناڵە کان پشان دەدرێت؟**

زۆر وتراوە کەنەبونی درامای کوردی ئەوبۆشاییانەی دروست کردووە کە دراما بیانییەکان سەیتەرەی کردووە بەسەریا ئەمەش زۆر خراپە.

**دەبێت چی بکرێت بەبۆچوونی تۆ هەتا بینەرو درامای کوردی ئاشت بکرێتەوە؟**

بینەر کاتێک ئاشت دەبێتەوە کە وای لێبێت شەوانە زیاتر لەدوو درامای بیبینێت بەکوالێتییەکی بەرز.

**هیچ کات لەمانەوە لەگەڵ هاوسەرومنداڵە کانت پرۆژە دەکەیت؟**

زۆربەی ئەوکاتانەی کەخەریکی کارێک دەبم هاوکاریشم دەکن بۆ ئەوەی کەکارێکی باش بەدەست بێنم.



مەریوان ئیبراهیم لە دیمانێکی درامای ڕێحاندا